# ڤاسیلیسای نازدار

له سەردەم و زەمانێکی زۆر کۆندا و له وڵات و مەملەکەتێکدا پیرەمێرد و پیرەژنێك کچێکیان هەبوو ناوی ڤاسیلیسا بوو. ئەمان ئەگەرچی لە زنجێکدا گوزەرانیان دەکرد کەچی ژیانێکی ئاسوودە و خۆش بوو بۆیان. بەڵام ئەم ژیانەیان هەروا بۆ نەچووەسەر و ئەنجام بەدبەختی و مەینەتی بەردەرگای پێگرتن. پیرەژن نەخۆشییەکی گرانی گرت و هەستی کرد وا کۆتایی ژیانی نزیك بووەتەوە، بۆیە ڤاسیلیسای بانگ کردە لای خۆیەوە و بووکەشووشەیەکە بچووکی دایە و پێی وت: "کچی خۆم، چیت پێدەڵێم لە قسەم دەرمەچۆ. ئەم بووکەشووشەیە بە چاکی لای خۆت هەڵبگرە و پیشانی هیچ کەسێکی نەدەیت. هەرکاتێك گرفتێك، نەهامەتییەك ڕێگەی پێگرتی شتێك خواردنی بدەرێ و چ ئامۆژگارییەکی کردی بەگوێی بکە. ئەم بووکەشووشەیە یارمەتیت دەدات بۆ دەربازبوون لەو گرفت و تەنگوچەڵەمانەی دێنە ڕێت".

ئەوجا دایکە دەستی لە ملی کچەکەی کرد و بۆ دواجار ماچی کرد و ماڵئاوایی لە ژیان کرد. پیرەشازادەدی باوکی کچەش ماوەیەك کز و مات بوو و پرسەی بۆ گرت و ماوەودوا ژنێکی دیکەی هێنایەوە. ئەو وای دەزانی دایکێکی تری بۆ ڤاسیلیسا پەیداکردووە و بە خەیاڵیدا نەدەهات باوەژنێکی دڵڕەقی بۆ هێناوە.باوەژن دوو کچی خۆی هەبوون، دوو کچی بەدی دەغەز لە دڵ و کەس خۆشی بە چارەیاندا نەدەهات.





باوەژن کچەکانی خۆی زۆر خۆشدەویست و بەردەوام ماچی دەکردن و نازی دەکێشان، بەڵام هەردەم بە سەر ڤاسیلیسادا دەیبۆڵاند و نەیدەهێشت هیچ کاتێ سەرئاسوودە بێت. ڤاسیلیسا زۆر ناڕەحەت و پەست بوو لەم هەموو ئازارە ئەشکەنجەیەی باوەژنی و زڕخوشکەکانی هێنابوویان بەسەریدا و چۆن بەردەوام لە ڕادەی توانای بەدەر ئیش و کاریان بەسەردا دەدا. ئەوان بەتەمابوون بەم کارەیان کچە تەواو بڕەتێنن بە جۆرێکی وا لەڕولاوازی بکەن و ڕوومەتی بە سەرما و گەرما و لە بەرخۆر ڕەشبێتەوە و دزێوو ناشیرین ببێت. ڕۆژ تا ئێوارە یەکێکیان بە سەر کچەی داماوەوە بوو و تێیدەخوڕی: "وەرە ڤاسیلیسا! لە کوێی ڤاسیلیسا؟ ئادەی ئەو چیلکە و دارە بێنە، خێراکە دوامەکەوە! خێرا هەویرەکە بشێلە! قاپ وقاجاخەکە بشۆرە! زووکە مانگاکە بدۆشە! ناوماڵەکە بسڕە! خێرا ئیشەکانت ڕاپەڕێنە بۆ ئەوەندەت پێدەچێت!؟".

ڤاسیلیساش چی پێدەوترا بەجێیدەهێنا و بە قسەی هەموویانی دەکرد و بەردەوام لەکات و ساتی خۆیدا کارو فرمانی خۆی ڕادەپەڕاند. لەگەڵ ئەم گشت ئەرك و کارەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای دەکرد و جوان دەبوو. جوانیەکەی هەر لە باسکردن نەدەهات و بەڕاستی جێی سەرسوڕمان بوو و هەر حەزت دەکرد تەماشای بکەیت. ڕازی ئەم مەسەلەیەش لەژێر سەری بووکەشووشە خنجیلەکەیدا بوو.

هەموو بەیانیەك ڤاسیلیسا مانگاکەی دەدۆشی و پاشان دەچووە ژووری زەخیرە و دەرگای لە سەر خۆی دادەخست و دەیوت: "

زەخیرە و دەرگای لە سەر خۆی دادەخست و دەیوت: "وەرە بووکەشووشە خنجیلەکە، وەرە خۆشەویستەکەم شیرەکەت بخۆرەوە و با هەرچی داخ و خەفەتم هەیە بۆت هەڵڕێژم".

ئەوجا بووکەشووشەکە شیرەکەی دەخواردەوە و پاشان ڤاسیلیسای دەحەواندەوە و بۆ خۆی لە سێبەرێکدا دادەنیشت و گوڵی لە پەلکی دەدا و هەر بەخۆی نەدەزانی گژوگیاکان چۆن پاکدەکرایەوە و ئاو دەهات و ئاگر دەکرایەوە و کەلەرمەکە ئاو دەدرا. هەروەها بووکەشووشەکە گیایەکی پیشان دا کە چۆن دژ بە خۆربردن بەکاری بهێنێت، بەمەش ڤاسیلیسا تا دەهات رۆژ بە رۆژ جوانتر دەبوو.

رۆژێکیان لە کۆتایی پاییزدا، پیرەشازادەدەکە لە ماڵەوە دەرچوو وا چاوەروان دەکرا کە بۆ ماوەیەك نەگەڕێتەوە. باوەژنەکە و سێ خوشکەکە بە تەنیا لە ماڵەوە مانەوە. هەموویان لە زنجەکەدا دانیشتبوون و تاریك داهات و باران دەباری و دەنگی گڤە گڤی با دەهات. زنجەکە لە تەنیشت دارستانێکی چڕەوە بوو، لەم دارستانەدا بابا ـــ یاگا دەژیا، کە جادووگەرێکی بەد و فێڵباز بوو و لە چاوترووکانێکدا خەڵکی هەڵدەلووشی.

باوەژنیش هەریەکە کارێکی دا بە هەرسێ خوشکەکە بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن: یەکەمیان چنینی قیتان، دووەمیان چنینی گۆرەوی، ڤاسیلیساش تەشی ڕستن. پاشان هەموو رووناکیی زنجەکەی کوژاندەوە و بێجگە لە لقەدارێك کە لە سووچێکی زنجەکەدا دەسووتا کە لە ژێریدا سێ خوشکەکە کاریان دەکرد و باوەژن خۆی چوو خەوت. لقەدارەکە





شکا و کز بوو، لەپڕێکدا کوژایەوە و دوو کچەکەی باوەژن هاواریان کرد: "چیبکەین باشە؟ زنجەکە تاریکە و ناتوانین کارەکانمان جێبەجێ بکەین، دەبێت یەکێکمان بچێت بۆ ماڵی بابا ـ یاگا و داوای چرا بکات.

کچە گەورەکەی باوەژن وتی: "من ناچم، چونکە قەیتان دروست دەکەم و دەرزییەکەم ئەوەندە رۆشنایی هەیە کە بتوانم پێی ببینم".

کچی دووەمیش وتی: "منیش ناچم، من گۆرەوی دەچنم و قولاپەکانم ئەوەندە رۆشناییان هەیە کە بتوانم پێی بچنم". بەمجۆرە هەردوکیان هاواریان کرد دەبێ ڤاسیلیسا بچێت بۆ چرا: "ڤاسیلیسا هەر ئێستا برۆ بۆ ماڵی بابا ـ یاگا و چرامان بۆ بهێنە!". ئەوجا ڤاسیلیسایان بە پاڵ لە ماڵ کردە دەرەوە.

تاریکیی شەو و چڕی دارستانەکە و گڤە گڤی با ڤاسیلیسایان زۆر ترساند و دەستی کرد بە گریان و بووکەشووشەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە پێی وت: "بووکەشووشە بچکۆلانە خۆشەویستەکەم، ئەوان دەمنێرن بۆ ماڵی بابا ـ یاگا بۆ چرا، بابا ـ یاگاش خەڵکی بە ئێسك و پرووسکەوە قووتدەدات. بووکەشووشەکەش لە وەڵامدا پێی وت: "دڵگران مەبە هیچ شتێك روونادات کە منت لەگەڵدا بم". ڤاسیلیساش وتی: "زۆر سوپاست دەکەم بووکەشووشە بچکۆلانەکەم بۆ دڵنەوایی کردنم".

بەمجۆرە ملی رێگای گرت و رۆیشت. لەبەردەمیدا دارستانەکە وەکو دیوار بەرز دەبووەوە، لە ئاسمانیشدا نە تریفەی مانگ دیاربوو نە ئەستێرەیەکیش دەدرەوشایەوە. ڤاسیلیساش بە ترس و لەرزەوە

ڕۆیشت و بووکەشووشە بچکۆلانەکەی نووساندبوو بە خۆیەوە. لەپڕێکدا کێ ببینێ باشە، ئەسپ سوارێکی سپیپۆش کە ئەسپەکەشی سپی بوو بەلایدا تێپەڕی و ڕەختی ئەسپەکەی زیو بوو لە تاریکییەکەدا دەبریسکایەوە.

ڤاسیلیسا تا دەمەوبەیان هەر بەردەوام بوو لە سەر ڕۆیشتن، پەنجەکانی پێی لە لق و پۆی دارەکان گیردەبوو. دلۆپە شەونم دەکەوتە سەر پرچە درێژەکەی و دەستەکانی لەسەرمادا تەزیبوون. لەناکاو ئەسپ سوارێکی تر بەلایدا تێپەڕی، بەڵام ئەمیان سەرتاپا سووری پۆشیبوو، هەروەها ڕەنگی ئەسپەکەی و ڕەخت و جڵەوەکەشی سوور بوو. دواجار خۆر هەڵهات و ڤاسیلیسای گەرم کردەوە و دلۆپە شەونمی سەر قژی وشککردەوە.

ڤاسیلیسا هیچ نەوەستا و بە درێژایی ئەو ڕۆژەش هەر بەردەوام بوو لە سەر ڕۆیشتن. لای ئێوارە گەیشتە پانتاییەك لە دارستانەکەدا و زنجێکی بەدیکرد کە دەورووپشتی دەوری بە ئێسك و کەللەسەری مرۆڤ دروستکرابوو. دەروازەکەشی ئێسکی لوولاقی بنیادەم بوو، دەسکی دەروازەکە دەسکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ئێسکی دەستی مرۆڤ بوو، کلۆمی دەروازەکە کلۆمی ئاسایی نەبوو، بەڵکو چەند ددانێکی تیژ بوون. ڤاسیلیسا بەجارێ ترس و سامی لێنیشتبوو و لە شوێنی خۆیدا وشك بووبوو. ئەمجارەش لەپڕێکدا ئەسپ سوارێك پەیدا بوو، سەرتاپا ڕەشپۆش، ئەسپەکە و ڕەخت و جڵەوەکەشی ڕەش بوون. ئەسپ سوارەکە بە سەر دەروازەکەدا بازیدا و لە بەرچاو ونبوو.





کە شەو داهات، چاوی کەللەسەرەکانی سەر پەرژینەکە کەوتنە درەوشانەوە و ئەو ناوە وەك ڕۆژی ڕووناکی لێهات. ڤاسیلیسا لە ترساندا دەلەرزی و نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی ببزوێت و نەیدەتوانی لەو شوێنە پڕ مەترسییە بگوێزێتەوە. لە پڕێکدا هەستی کرد کە زەوی لەژێر پێیدا دەلەرییەوە. بابا ــ یاگا پەیدابوو، کە لە ناو سەبەتەیەکدا دەفڕی و دەسکەکەی وەك قامچی بادەدا و ڕێگاکەی بەردەمی بە گسك پاکدەکردەوە. پاشان بە سەر دەروازەکەدا فڕی و بۆنی هەواکەی کرد و هاواری کرد :"بۆنی ئادەمی دەکەم! کێ لێرەیە؟!".

ڤاسیلیساش بەرەورووی بابا ـ یاگا ڕۆیشت و بۆی نووشتایەوە و بە ترس و لەرزەوە وتی: "داپیرە منم، ڤاسیلیسام، زڕخوشکەکانم ناردوویانم بۆ لای تۆ بۆ چرا".

بابا ـ یاگاش وتی:"ئـۆ.. ئەمە تۆی؟ باوەژنەکەت دۆستێکی نزیکمە، زۆرباشە ماوەیەك لێرە بمێنەرەوە کارم بۆ بکە و ئەوجا دوای ئەوە بڕیار دەدەم". پاشان هەتا توانی هاواری کرد و وتی: "کلۆمە بەهێزەکانم بکرێنەوە و دەروازە فراوانەکەم واڵابە!".

دەروازەکە کرایەوەو بابا ــ یاگا بە سەبەتەکەیەوە ڕۆیشتە ژوورەوە و ڤاسیلیساش شوێنی کەوت. لە بەردەمی دەروازەکەدا داربەتوولایەك هەڵچووبوو دەتوت ها ئێستا لق و پەلەکانی پەلاماری ڤاسیلیسا دەدەدەن. بابا ـ یاگا وتی: "دەسکارییی ئەو دارە خزمەتکارە مەکە ئەوە من هێناومەتە ژوورەوە". پاش کەمێك گەیشتنە ماڵەکە و سەگێك پاڵکەوتبوو لەوە دەچوو کە قەپ بە ڤاسیلیسادا بکات. بەڵام بابا ــ

یاگا وتی: "دەسکاریی ئەو سەگە خزمەتکارە مەکە ئەوە من هێناومەتە ئێرە".

لەدواییدا گەیشتنە ڕاڕەوەکە و لەوێدا پشیلە گوربەیەك هەبوو لەوە دەچوو کە شاڵاو بۆ ڤاسیلیسا بەرێت. بابا ـ یاگا وتی: "دەسکاریی ئەو پشیلە گوربەیە مەکە ئەوە من هێناومەتە ئێرە".

ئەوجا ئاوڕی دایەوە بۆ ڤاسیلیسا و وتی: "ڤاسیلیسا باش بزانە کە ناتوانیت بە ئاسانی لە دەستی من هەڵبێیت، پشیلەکەم شاڵاوت بۆ دێنێ و سەگەکەم قەپت لێدەگرێ و داربەتووڵاکەم پەلامارت دەدا و هەردوو چاوت دەردێنێت و دەروازەکەشم ناکرێتەوە و نایەڵێت بچیتە دەرەوە".

بابا ـ یاگا ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی و هاواری کرد: "خزمەتکاری چاو و برۆ ڕەش وەرە، شتێکمان بۆ بێنە بیخۆین". خزمەتکاری چاو و برۆ ڕەشیش ڕایکرد و خێرا خواردنی بۆ بابا ـ یاگا ئامادەکرد. پڕ گۆزەیەك پەرش و نیوە لاشەی مانگایەك و دە گۆزە شیر و بەرازێکی برژاو و بیست مریشك و چل قاز و دوو کێکی تەواو و چەند جۆرێك شەرابی ترێ و بیرە بە بۆشکە و بە دۆلکە کڤاسی بۆ هێنا. بابا ــ یاگاش هەموو خواردن و خواردنەوەکانی تەواوکرد و تەنها پارچە نانێکی دا بە ڤاسیلیسا. پاشان پێی وت:"ڤاسیلیسا، ئێستا ئەم توورەکە هەرزنە دەنك بە دەنك بژار بکە و لەبیری نەکەیت دەبێ هەموو دەنکە ڕەشەکان دانە دانە دەربهێنیت، دەنا دەتخۆم".

ئەمەی وت و چاوەکانی نوقاند و پرخەی لێهەڵسا. ڤاسیلیساش پارچە نانەکەی خستە بەردەمی بووکەشووشە بچکۆلانەکە و وتی: "بووکە





شووشە بچکۆلانەکەم وەرە ئەم پارچە نانە بخۆ و با هەرچی داخ و دەردم هەیە بۆت هەڵڕێژم. بابا ــ یاگا کارێکی گرانی پێسپاردووم و هەڕەشەی ئەوەی لێکردووم ئەگەر جێبەجێی نەکەم دەمخوات".

بووکەشووشەکەش لە وەڵامدا وتی: "هیچ خەم مەخۆ و مەگری، چاوەکانت دابخە و بڕۆ بخەوە. خوا کەریمە تا بەیانی هەزار کڵاو با دەیبات". ئەوجا کە ڤاسیلیسا خەوی لێکەوت بووکەشووشەکە بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

"هۆ باڵندە و پەڕەسێلکە و کۆترەکان گوێم لێبگرن
چەند کارێك هەن کە دەمترسێنن
بە یارمەتی ئێوە هاوڕێ پەڕدارەکانم
ژیانی ڤاسیلیسا لە مەترسیدایە..
تکایە وەڵامی هاوارم بدەنەوە
پێویستم بە کۆمەکی یەك بە یەکتانە".

باڵندەکان لە هەموو لایەکەوە بە فڕین هاتن، زۆرتر لەوەی کە چاو دەیبینێ و زمان دەیڵێت. ئەوجا هەموو دەستیان کرد بە جریوە جریو و کووکووکوو. خێرا هەرزنەکەیان بژارد و باشەکان لە لایەك و خراپەکانیش لە لایەك دانران و بێئەوەی بە خۆیان بزانن ڕۆژبووەوە و توورەکە هەرزنەکە پڕبوو. هەر ئەوەندەی تەواو بوون و نەبوون ئەسپ سوارە سپییەکە تێپەڕی و شەبەقی دا. بابا ــ یاگا لە خەو ڕاپەڕی و پرسی: "ڤاسیلیسا، ئەوەی پێم وتیت جێبەجێت کرد؟"

ڤاسیلیساش لە وەڵامدا وتی: "بەڵێ داپیرە هەمووی تەواو بوو؟".

بابا ـ یاگا بەمە زۆر تووڕەبوو، بەڵام نەیتوانی هیچ شتێك بڵێت. پاشان مرەمرێکی بۆ کرد و وتی: "من دەچم بۆ ڕاو، ئەو توورەکەیەی لەوێدایە پڕە لە ماش و گەنمەشامی، لێکتریان جیابکەرەوە و بیانکە بە دوو بەشەوە، لە بیرت نەچێت ئەگەر ئەم کارە جێبەجێ نەکەیت دەتخۆم!".

پاشان چووە ناو باخچەکەوە و فیکەیەکی لێدا، سەبەتە و دەسکەکەی بەرەوڕووی ڕایانکرد. ئەسپ سوارە سوورەکە تێپەڕی و خۆرهەڵات. بابا ـ یاگا سواری سەبەتەکە بوو ولە باخچەکە دەرچوو، دەسکەکەی وەك قامچی بادەدا و ڕێگاکەی بەردەمی بە گسك پاککردەوە.

ڤاسیلیساش پارچە نانێکی دا بە بووکەشووشە بچووکەکەی و پێی وت: "بووکەشووشە بچکۆلانەکە، تکایە بەزەییت پێمدا بێتەوە، ئازیزەکەم یارمەتیم بدە". بەمجۆرە بووکەشووشە بە ئاوازەوە هاواری کرد: "وەرن بۆ لام ئەی مشکی ماڵ و تەویلە و کێڵگە، کارێك هەیە دەبێ جێبەجێی بکەن".

مشکەکان هەموو بە کۆمەڵ هاتن و ئەوەندە زۆر بوون لە باسکردن نەیەت و پێش ئەوەی کاتەکە بەسەربچێت هەموو کارەکە تەواو بوو. دنیا بەرەو ئێوارە دەچوو، خزمەتکاری چاوو برۆ ڕەش مێزی ڕازاندەوە و چاوەڕێی بابا ـ یاگای دەکرد.

ئەسپ سوارە ڕەشەکە بەلای دەروازەکەدا تێپەڕی و شەو داهات. چاوەکانی کەللە سەری سەر پەرژینەکە دەدرەوشانەوە، داروودرەخت و گەڵاکان دەلەرینەوە، بابا ـ یاگا ئەو جادووبازە بەد و فێڵبازەی کە لە چاوترووکانێکدا خەڵکی قووتدەدا گەیشتە ماڵەوە و لە ڤاسیلیسای





پرسی: "ڤاسیلیسا، ئەوەی پێم وتیت جێبەجێت کردووە؟".
ڤاسیلیساش لە وەڵامدا وتی: "بەڵێ داپیرە هەموویم تەواو کردووە".
بابا ـ یاگا زۆر تووڕە بوو بەڵام نەیتوانی هیچ شتێك بڵێت. پاشان وتی: "باشە تۆ بڕۆ بخەوە، منیش پاش کەمێکی تر دەگەڕێمەوە".
ڤاسیلیساش چووە پشتی ئاگردانەکەوە و گوێی لێبوو بابا ـ یاگا دەیوت: "خزمەتکاری چاو و برۆ ڕەش، سۆپاکە داگیرسێنە و ئاگرەکە دەمدە، کە لە خەو هەڵسام ڤاسیلیسا لە شیش دەدەم و دەیبرژێنم".
پاشان بابا ـ یاگا لە سەر جێگەکەی ڕاکشا و چەناگەی خستە سەر ڕەفەکە و خۆی داپۆشی و کەوتە پرخە پرخ، بەجۆرێکی وا کە هەموو دارستانەکە دەلەرییەوە. ڤاسیلیسا دەستی کرد بە گریان و بووکەشووشەکەی دەرهێنا و پارچەیەك نانی خستە بەردەمی و پێی وت: "بووکەشووشە بچکۆلانەکە وەرە، ئازیزەکەم ئەم پارچە نانە بخۆ و با چی داخ و دەردم هەیە بۆت هەڵڕێژم. بابا ـ یاگا دەیەوێت بمبرژێنێ و بمخوات". بووکەشووشەکەش ئامۆژگاری کرد کە چیبکات وچی نەکات.
ڤاسیلیساش ڕایکرد بۆ لای خزمەتکاری چاو و برۆ ڕەش و خۆی بۆ نووشتاندەوە و پێی وت: "خزمەتکاری چاوو برۆ ڕەش، تکایە یارمەتیم بدە، کاتێك کە سۆپاکە دادەگیرسێنیت، ئاو بپرژێنە بە سەر دارەکاندا بۆ ئەوەی بە باشی نەسووتێن. ئەم دەستەسڕە ئاوریشمەش خەڵاتە بۆ تۆ. خزمەتکاری چاو و برۆ ڕەشیش لە وەڵامدا وتی: "زۆر باشە ئازیزەکەم یارمەتیت دەدەم، لە ماوەیەکی کەمدا سۆپاکە زۆر گەرم دەکەم وختووکەی پاژنەکانی پاشا دەدەم و دەیانپووشێنم بۆ ئەوەی بە

درێژایی شەو بە دەنگی زۆر بەرز بپرخێنێت. ئەوجا تۆش ڕابکە ڤاسیلیسا !".

ڤاسیلیساش وتی: "ئەی باشە سێ ئەسپ سوارەکە نامگرن و بمهێننەوە بۆ ئێرە ؟".

ئەویش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر، ئەسپ سوارە سپییەکە هێمای ڕۆژە و ڕووناکە، ئەسپ سوارە سوورەکە هێمای خۆری زێرینە و ئەسپ سوارە ڕەشەکەش هێمایە بۆ شەوی تاریك، هیچ ڕێگات پێناگرن".

ڤاسیلیسا ڕایکردە ناو ڕاڕەوەکە و پشیلە گوربە خەریکبوو شاڵاوی بۆ بەرێت، بەڵام پارچە نانێکی بۆ هەڵدا و پشیلەش ڕێگەی پێدا کە بڕوات. پاشان بەرەو دەرگاکە ڕایکرد و سەگەکە بۆی دەرپەڕی و ئەوەندەی نەمابوو گازی لێببگرێت، بەڵام ڤاسیلیسا پارچە نانێکی بۆ هەڵدا و سەگەکەش ڕێگەی پێدا بڕوات. ئەوجا ڕایکردە ناو باخچەکە و لەوێ داربەتوولاکە خەریکبوو پەلاماری ڤاسیلیسا بدات و چاوی دەربهێنێت، بەڵام ڤاسیلیسا بە پارچە قردێلەیەك بەستی و دارەکەش ڕێگەی پێدا بڕوات، دەروازەکەش خەریکبوو دابخرێت، بەڵام ڤاسیلیسا ئەنجامەکەی چەور کرد و پاشان کرایەوە.

ڤاسیلیسا ڕایکردە ناو دارستانە تاریکەکە و لەو کاتەدا ئەسپ سوارە ڕەشەکە تێپەڕی و دنیا ئەوەندە تاریك بوو چاو چاوی نەدەبینی.

باشە چۆن بڕواتەوە بۆ ماڵەوە بە بێ چرا؟ چیمان پێبڵێت؟ باوەژنەکەی هێندەی لێدەدا دەیخاتە مردن. لەبەرئەوە داوای لە بووکەشووشە بچکۆلانەکەی کرد یارمەتی بدات، ئەویش ئامۆژگاری کرد کە چی بکات و





چی نەکات. ڤاسیلیساش یەکێك لە کەللەسەرەکانی سەر پەرژینەکەی لێکردەوە و خستیە سەر پارچە دارێك و بە دارستانەکەدا بەڕێکەوت. چاوەکانی دەدرەوشانەوە و بە ڕووناکییەکەی ئەو شەوە تاریکە وەکو ڕۆژی ڕووناکی لێهاتبوو.

کاتێك بابا ـ یاگا لەخەو هەڵسا، ڕوانی ڤاسیلیسا دیارنەماوە. ئەوجا ڕایکردە ڕاڕەوەکە و بە پشیلەکەی وت: "پشیلە گوربە، پەلاماری ڤاسیلیسات دا کاتێ کە ڕایکرد؟".

پشیلەکەش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر، ڕێگەم پێدا بڕوات لەبەرئەوەی پارچە نانێکی پێدام. من ماوەی دە ساڵ خزمەتی تۆم کرد، کەچی پارچە نانێکیشت نەدامێ".

بابا ـ یاگا ڕایکردە ناو باخچەکە و لە سەگەکەی پرسی: "سەگە بەوەفاکەم، خۆ گازت لە ڤاسیلیسا نەگرت؟".

سەگەکەش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر، ڕێگەم پێدا بڕوات، لەبەرئەوەی هەندێك نانی دامێ، چەند ساڵە خزمەتی تۆ دەکەم، کەچی تەنها پارچە ئێسقانێکیشت نەداومەتێ".

ئەوجا ڕایکرد بۆلای داربەتولاکە و لێی پرسی: "داربەتوولا، داربەتوولا، چاوی ڤاسیلیسات دەرهێنا؟".

ئەویش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر، ڕێگەم پێدا بڕوات، لەبەرئەوەی لقەکانمی بە قردێلە بەستەوە، ئەوە من دە ساڵە لێرەدا ڕواوم، بەڵام تۆ تەنها بە پارچە تەلێکیش نەتبەستوومەتەوە".پاشان ڕایکرد بەرەو دەروازەکە و هاواری کرد: "دەروازەکە، دەروازەکە، خۆ بە سەر

ڤاسیلیسادا دانەخرایت بۆ ئەوەی ڕانەکات؟". دەروازەکەش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر، لەبەرئەوەی ئەنجامەکانمی چەور کرد، دەمێکە من خزمەتی تۆ دەکەم کەچی تۆ تەنانەت ئاویشت نەدام".

بابا ـ یاگا زۆر تووڕە بوو و دەستی کرد بە لێدانی سەگ و پشیلە و شکاندنی دەروازەکە و بڕینەوەی داربەتوولاکە. ئەمەش زۆری ماندوو کرد و ڤاسیلیسای لەبیرچووەوە.

ڤاسیلیسا ڕایکردەماڵەوە و بینی کە هیچ ڕووناکییەك لە ماڵەکەدا نییە. زڕخوشکەکانی پەلاماریان دا و کەوتنە سەرزەنشت کردنی و وتیان: "بۆ ئەوەندەت پێچوو؟ هیچ چرامان دەست نەکەوتووە، ئەوەش کە لای دراوسێکەمان هێنامان هەر ئەو کاتە کوژایەوە، لەوانەیە ئەوەی تۆ بەردەوام هەر بگڕێ".

بەمجۆرە کەللەسەرەکەیان هێنایە ناو ژنجەکەوە و چاوەکانی کەوتنە سەر باوەژنەکە و دوو کچەکەی و وەك گڕی ئاگر دەسووتان. باوەژن و کچەکانی بۆ هەر شوێنێك ڕایاندەکرد چاوەکان دوایان دەکەوتن و لێیان نەدەبڕا. بۆ بەیانی هەرسێکیان بووبوون بە خۆڵەمێش، تەنها ڤاسیلیسا بە سەلامەتی مابووەوە. ڤاسیلیساش کەللەسەرەکەی لە دەرەوەی ژنجەکە ناشت و چەپکێك گوڵی سوور لەو شوێنەدا بەرز بووەوە.

ڤاسیلیسا نەیدەویست چیتر لە ژنجەکەدا بمێنێتەوە، ئەوە بوو چووە شار و لەوێ لە ماڵی پیرەژنێك مایەوە. ڕۆژێکیان بە پیرەژنەکەی وت: "داپیرە من زۆر بێزار بووم کە بە بێکار دادەنیشم، دەمەوێت باشترین جۆری کەتانم بۆ بکڕیت".





پیرەژن بڕێك کەتانی بۆ کڕی و ڤاسیلیساش دەستی کرد بە ڕستنی. تەشییەکە دەخولایەوە و دەرزی زێڕینی لێدەردەچوو کە وەك تاڵەموو باریك بوون. ئەوجا دەستی کرد بە چنینی قوماش و ئەوەندە باش دەرچوو بوو بە جۆرێك کە دەتوانرا بە کونی دەرزییەکدا ببرێت چەشنی داو. پاشان قوماشەکەی سپی کردەوە و لە بەفر سپیتر دەرچوو.

ئەوجا بە پیرەژنەی وت: "فەرموو داپیرە، بڕۆ ئەم پارچە قوماشە بفرۆشە و پارەکەی بۆ خۆت هەڵبگرە". پیرەژنەکەش تەماشای پارچە قوماشەکەی کرد و وتی: "نا، کچی خۆم ئەم قوماشە تەنها بۆ کوڕە پاشا باشە، باشتر وایە بیبەم بۆ کۆشك".

ئەوجا پیرەژن پارچە قوماشی هەڵگرت و بەڕێکەوت بۆ کۆشکی پاشا، کە گەیشتە ئەوێ و کوڕی پاشا پارچە قوماشەکەی بینی زۆر سەرسام بوو و پێی وت: "بە چەند دەیفرۆشی؟".

پیرەژنیش وتی: "ئەم قوماشە ئەوەندە نایابە بۆ فرۆشتن دەست نادات، بە دیاری هێناومە بۆ تۆ".

پاشاش زۆر سوپاسی پیرەژنی کرد و خەڵاتێکی باشی کرد و ناردیەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام هیچ کەسێکی شیاوی نەدۆزییەوە بۆ ئەوەی کراسێکی لەو قوماشە بۆ دروست بکات. ناچار ناردیەوە بە شوێن پیرەژندا و پێی وت: "تۆ ئەم قوماشەت چنیوە، لەبەرئەوە دەبێ بزانی چۆن کراسێکی لێدرووست دەکەیت". پیرەژنیش وتی: "من نە تەشیم ڕستووە و نە قوماشیشم چنیوە، بەڵکو خزمەتکارێك کردوویەتی ناوی ڤاسیلیسایە".

کوڕی پاشا وتی: "دەباشە، پێی بڵێ کراسێکم لەوە بۆ درووست بکات".

پیرەژن ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە و هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ ڤاسیلیسا گێڕایەوە. ئەویش دوو کراسی لێدرووست کرد و بە داوی ئاوریشم و بە نەخش و نیگار ڕازاندیەوە و هەروەها مرواری خڕی گەورەی پێوەکرد و دای بە پیرەژنەکە بۆ ئەوەی بیبات بۆ کۆشکی پاشا و خۆیشی لە بەردەم پەنجەرەکەدا دانیشت و خەریکی چنین بوو. لەناکاوێکدا کێ ببینێ باشە؟ یەکێك لە خزمەتکارەکانی پاشا بەڕاکردن بەرەو لای دەهات و وتی: "پاشا دەخوازێت بچیت بۆ کۆشك و سەری لێبدەیت".

ڤاسیلیساش چوو بۆ کۆشکی پاشا و کاتێك کوڕەی شازادە بینی جوانیەکەی سەرسامی کرد و وتی: "من ڕێگەت پێنادەم جارێکی تر بڕۆیت و دەتکەمە هاوسەری خۆم".

ئەوجا دەستە سپییەکانی گرت و لە تەنیشتی خۆیەوە داینا. بەمجۆرە کوڕی پاشا و ڤاسیلیسا بوون بە هاوسەری یەکتر. کاتێکیش کە باوکی ڤاسیلیسا گەڕایەوە لەگەڵ ئەواندا لە کۆشکدا نیشتەجێ بوو. ڤاسیلیساش پیرەژنەکەی هێنایە لای خۆی و هەموو کاتێکیش بووکەشووشە بچکۆلانەکەی لە گیرفاندا هەڵگرتبوو. لەوکاتە بەدواوە ئیتر بە خۆشی و کامەرانی دەژیان و چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد سەردانیان بکەین.





# شازادە ئیڤان و گورگە بۆر

لە سەردەم و زەمانی خۆیدا پاشایەك بوو ناوی بێرەندی بوو. ئەم پاشایە سێ کوڕی هەبوو، کوڕە بچووکیان ناوی شازادە ئیڤان بوو. پاشا بەوە ناوی دەرکردبوو کە باخێکی یەکجار گەورە و بەربڵاوی هەیە و دارسێوێکی سەیری تێدایە کەوا سێوی زێڕین دەگرێت. بێرەندی پاشا زۆر شانازیی بە باخەکەیەوە دەکرد و ڕاستێکەی باخەکەش مایەی شانازی و خۆ پێوەبادان بوو. بەڵام ماوەیەك یەکێك فێری باخەکە بوو و سێوەکانی پاشای دەدزی. پاشا بەم کارە زۆر ئاڵۆز و نیگەران بوو و پتر پەرۆشی ئەوە بوو کەوا سێوەکانی بەم جۆرە لەدەست دەچن. لەبەرئەوە بە شەو چەرخەچی و یاساوڵی دەرکرد تا دزە بگرن، لەگەڵ ئەوەشدا سێوەکان بەردەوام هەر دیار نەدەمان و دەدزران. پاشا لە بەر خەفەت و دڵتەنگی دڵی هیچی نەدەبرد و وازی لە نانخواردن هێنا.

بۆ دڵدانەوەی پاشا کوڕەکانی پێیان وت: "باوکی خۆشەویستمان دڵگران مەبە ئێمە خۆمان دزەکە دەگرین". کوڕە گەورە وتی: "هەر ئەمشەو خۆم یەکەم نۆبەتچی دەبم و دڵنیام کە دەیگرم". ئێوارە کوڕە گەورە بەرەو باخ بەڕێکەوت. لەوێ هەر دەهات و دەچوو تا ئۆقرەی لە بەر بڕا و لە سەر گژوگیا نەرمەکە پاڵکەوت و دەستەجێ خەو بردیەوە. بۆ سبەینێ بەیانی زوو پاشا بە پەرۆشەوە لە کوڕە گەورەی پرسی ئاخۆ دزەی گرتووە یان نە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر گەورەم، من

شـەو تـا بـەیانی چـاوترووکانێك چـیە نەخـەوتووم بـەڵام هـیچ کەسـێکم نەبینی". بۆ شەوی ئاینده کوڕی نـاوەنجی بـوو بـە نۆبەتـچی و ئـەمیش چەشنی برا گەورەکەی تا بەیانی لێی خەوت.

پاشان نۆرەی شازادە ئیڤان هات، کە دڵسۆزانە بـاوکی خۆشدەویـست و دەیخواست بە گرتنی دزەکە دڵخۆشی بکات. لەبەر ئەوە لە ناو باخەکەدا دەستی کرد بە گـەڕان، لێـرە بـۆ ئـەوێ و لـەوێ بـۆ ئێـرە و تاوێـك پـاڵ نەدەکەوت و دانەنیشت نەوەك بخەوێ. کاتێ کە خەوەنووچکە دەیگـرت بە شەونمی سەر گیاکە دەموچاوی دەشۆرد. هەر کـە نیـوە شـەو نزیـك بۆوە شازادە ئیڤان بە سەرسامییەوە تەماشای کرد وا ڕووناکییەك لە ناو باخەکەدا دەرکەوت و تا دەهات بەتینتر و شەوقدارتر دەبوو تاوای لێهات سەرانسەر باخەکەی ڕۆشـنکردەوە وەك ڕۆژی نیـوەڕۆ. ڕووناکییەکـە لـە بەر چاوی ئەبڵەقبووی شازادە ئیڤان نیشتە سەر دارسێوەکەوە و ڕوانـی باڵندەیەکی ئاگرینـە و وا کەوتـە دەنـووك دانـی سـێوە زێڕینـەکانی ئـەم ئێشکی دەگرتن. هەربەم سەرسامی و حەپەساوییەوە شازادە ئیڤـان بـە هێواشی لە دارەکە نزیکبووەوە و تونـد کلکـی باڵندەکـەی گـرت. باڵنـدە خێرا هەڵپلایەوە تاخۆی لە چـنگی شـازادە ڕزگـار کـرد و هـەڵفڕی بـەڵام پەڕێکی نەخشینی بە دەستی شازادەوە جێما.

بۆ بەیانی شازادە ئیڤان چووە خزمەت پاشای باوکی کە بە دەنگێکی پڕ لە ئومێدەوە وتی: "کوڕە ئازیزەکەم تۆ بڵێی دزەکەت بینیبێ؟".

- "بەڵێ بابە گیـان ئەگەرچـی نەیـشمتوانی بیگـرم. بـەڵام دیارییـەکی خنجیلەم بۆ هێناوی، پەڕێکە کە لێی بەجێما. پێدەچێت دزەکـەمان





مەلێکی ئاگرین بێت!". پاشا بە خۆشحاڵییەوە پەڕەکـەی وەرگـرت و خۆشـییەکی هاتـێ و ئـەوجا دڵـی بـۆ خـواردن کرایـەوەو هـە ر جارنـەجارێ پەڕەکـەی هەڵـدەگرت وبـە سەرسـوڕمانەوە تەماشـای دەکرد.

پاشا ڕۆژێکیان کوڕەکانی بانگ کرد و وتی: "کوڕە ئازیزەکـانم ئێـوە زۆر بەختەوەرم دەکەن ئەگەر هات و ئەسپەکانتان سـازدا و چـوون بـە دوای ئەم باڵندە جوانەدا بۆ ئەوەی بۆم بێنن". کوڕەکان کوڕنۆشیان بـۆ بـرد و خێرا ئەسپەکانیان زین کرد و بەدوای دەستخستنی باڵنـدەی ئاگرینـدا بۆیدەرچوون و هەر یەکەیان ڕێگایەکی گرتەبەر. زۆری پێنەچوو شـازادە ئیڤـان تووشـی چـوارڕێیانێك بـوو کـە ئـەم ئاگادارییانـەیان لـە سـەر نووسرابوو:

ـــ " ئـەو کەسـەی ئـەم ڕێگـە ڕاسـتە بگـرێ خـۆی و ئەسـپەکەی دەمرن".

ـــ "ئـەو کەسـەی ڕێگـەی لای چـەپ بگـرێ خـۆی دەمرێـت و ئەسپەکەی دەمێنێت".

ـــ "ئـەو کەسـەی ڕێگـەی لای ڕاسـت بگـرێ خـۆی بـە زینـدوێتی دەمێنێ بەڵام ئەسپەکەی دەمرێ".

بەم پێیە شـازادە ئیڤـان ناچـار بـوو ڕێگـەی لای ڕاسـت بگرێتەبـەر و تـا توانی ڕۆیشت. کات هاوینێکی گەرم بوو و هەستی بە مانـدوێتی کـرد و پێویستی بە حەوانەوە بوو. بۆیە لە ئەسپەکەی دابـەزی و بەسـتیەوە و چوو لە سەر سەوزەگیاکە لێی ڕاکشا تا کەمێك بخەوێ. پاشان کاتێ کـە

لە خەو هەڵسا ڕوانی ئەسپەکەی ڕۆیشتووە. ئـەوجا لـە پـاش گـەڕانێکی زۆر ڕێـی لـە ئێسقانەکانی ئەسـپە دڵسۆزەکەی کـەوت. شـازادە ئیڤـان لەبارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا بـوو. چـۆن دەبـێ بـە بـێ ئەسـپ ڕێ بداتـە بەر؟ بە پێیـان؟ لەبـەر خۆیـەوە دەیـوت: "بـە پێیـان؟ باوابێـت". بـەم جۆرە ڕێگەی هات و نەهاتی گرتـە بـەر. ڕۆیـشت ڕۆیـشت تـا وای لێهـات هێـزی لـە بـەر بـڕا و ئیـدی لـە توانایـدا نـەما بجووڵـێ و ناچـار لـە سـەر سـەوزەگیاکە دانیـشت و نـوقمی خـەیاڵ و بیرکردنـەوە بـوو لـەم بەدبەختییەی. کاتێ چاوی هەڵبڕی ڕوانی وا گورگێکی بـۆر بـەرەو ڕووی دێ و لێی پرسی:

- "بۆچی شازادە ئیڤان وا بێتاقەت و نیگەرانە؟"

شازادە ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی:

- "ئـاخر نیگـەرانی و بێتاقـەتی بـۆ ئەمـە نـەبێ بـۆ چـی بـێ؟من خۆشەویستترین ئەسپم لەکیس چووە".

گورگە بۆر وتی:

- "بەڕاستی جێگەی داخە شـازادەی بـەڕێز، مـن خـواردم و بەڕاسـتی زۆر بەداخەوەم. ناکرێ پێم بڵێی بۆ وا لـە مـاڵ دوورکەوتوویتـەوە و بەدوای چیدا وێڵی؟".

- "باوکم بەدووی مەلی ئاگریندا ناردوومی".

گورگە بۆر هاواری کرد:

- "ئەی باوکەڕۆ! ئەسپەکەت هەرگیز نەیدەتوانی بتگەیەنێتە جێگە و ماوای ئەو باڵندەیە. تەنانەت ئەگەر سێ ساڵیش ڕێـی بکردایـە، مـن





تاقە کەسم کە دەزانم ئەو مەلە لە کوێ دەژی. ئـەوجا لەبەرئـەوەی ئەسپەکەتم خواردووە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە بـبم بـە خزمەتکارێکی ئەڵقە لە گوێت. خۆم دەتبەم بۆلای ئەو باڵندەیە بچۆ سەر پشتم و توند خۆت بگرە.

شـازادە ئیڤـان پەڕییـە کـۆڵی گورگـە بـۆرو ئـەمیش وەك تـیر یەکڕاسـت تێیتەقاند بە سەر دارستانی چڕ و سەوزدا، بە سەر چەم وئـاو و زۆنـگ و زنوێردا بە خۆی و کلکی سفتیەوە خشپەی دەهات. تا دواجـار گەیـشتنە دیوارێکی بەردینی بـەرزی قەڵایـەك و لـەوێ وەسـتان. لێـرە گورگـە بـۆر وتی:"ئێستا چاك گوێم بۆ بگرە شازادە ئیڤان، چیت پێدەڵێم و پێویستە چیبکەیت". گورگە بۆر هەروا لە سەری ڕۆیشت و وتی: "بـە دیوارەکـەدا سـەرکەوە ـ ئێمـە لـە کـاتێکی زۆر باشـدا گەیـشتین ـ هەرچـی پاسـەوانە خـەوتوون. کـە چـوویت خانوویـەکی بـچووك دێتـە ڕێـت، لەبـەردەمی پەنجەرەی ئەو خانووەدا قەفەزێکی زێڕین هەیە، باڵندە دەرکە و لە ژێـر چاکەتەکەتدا بیشارەوە. بەڵام دەبێ ئاگات لەوە بێت کە نابێ دەست لە قەفەزەکە بدەیت".

شـازادە ئیڤـان چـی پـێ وتـرا وایکـرد. سـەرکەوتە سـەر دیوارەکـە و خانوویـەکی بـچووکی بەرچـاو کـەوت لەگـەڵ قەفـەزێکی زێـڕین لەبـەر پەنجەرەکەدا. ئەوجا باڵندەکەی خستە ژێـر چـاکەتەکەی و لـەوەدا بـوو بگەڕێتەوە. بەڵام هەرچەندی کرد پێی ڕێی دانـەگرت بـە بـێ قەفەزەکـە. کە ئەوەندە جوان بـوو دڵـی نـەهات بـەجێیبێڵێ. بۆیـە ئامۆژگارییەکـەی گورگـە بـۆری فـەرامۆش کـرد و پـەلاماری قەفەزەکـەی دا. بـەڵام هـەر

ئەوەندەی دەستی بەری کەوت خێرا غەڵبەغەڵب و هەرایەکی سامناك پەیدابوو و بەجارێ زەندەقی برد. لە قەڵادا فوو کرا بە بۆقیدا و تەپڵ و کەڕەنا لێدرا. هەرچی پاسەوانە لە خەو ڕاپەڕین و شازادە ئیڤانیان گرت و بەکێشیان کرد بۆ لای ئەفرۆن پاشا.

ئەفرۆن پاشا لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە پشتی سەری و قیژاندی بەسەریدا:"تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت!؟" شازادە ئیڤان بە لووتبەرزییەوە وەڵامی دایەوە :"من شازادە ئیڤانم و کوڕی بێرەندی پاشام".

- "چ شوورەییەکە! شازادەیەکی شکۆدار دزی بکات".

شازادە ئیڤان بەرپەرچی دایەوە:" ئەی تۆ بۆچی باڵندە ئاگرینەکەت دەنێریت سێوەکانی ئێمە بدزێت؟". لێرەدا ئەفرۆن پاشا کەمێ هێور بووەوە و وتی:"ئەگەر تۆ بە ڕێز و حورمەتەوە بهاتایەی من ئەم مەلەم لە بەرخاتری ڕێز و شکۆی بێرەندی پاشای باوکت پێشکەش دەکردی. زۆرباشە من دەتبەخشم ئەگەر بتوانی خزمەتێکم بکەیت. لە وڵات و مەملەکەتێکی زۆر دوور کە لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی کۆسمان پاشادایە، ئەسپێکی یاڵ زێڕین ـ کە لە جوانیدا لە وێنە و هاوتای نیە ـ لە تەویلەکەیدایە. ئەگەر تۆ ئەو ئەسپەم بۆ بدزی و هێناتەوە من باڵندەی ئاگرین و قەفەزە زێڕینەکەیت دەدەمێ". شازادە ئیڤان بە نائومێدی گەڕایەوە لای گورگە بۆر. ئەمیش وتی:"پێم وتی دەست لە قەفەزەکەی مەدە. ئاخر بۆچی بەقسەت نەکردم؟". بەڵام شازادە ئیڤان تکای لێکرد و وتی: "دەستم دامێنت هاوڕێی خۆشەویستم لێمببوورە، جارێکی تر





ئەم کارە ناکەمەوە".

- "چاکە بەس بپاڕێرەوە، وەرە سەر پشتم بزانین شتێ بە شتێ ناکەین.." ئەمجارەش شازادە ئیڤان چووە کۆڵی گورگە بۆر و تێیانتەقاند ڕۆیشتن، فرسەق لە دوای فرسەقیان دەبڕی و چەند ڕۆژ و چەند شەویان پێچوو تا گەیشتنە پەنا دیواری ئەو قەڵایەی ئەسپی یاڵ زێڕینی تێدایە." لێرەدا گورگە بۆر فەرمانی پێکرد: "شازادە ئیڤان بچۆ سەر دیوارەکە و لەوێ ئەسپی یاڵ زێڕین لە تەویلەکەدا دەبینی. پاسەوانەکان لە شیرین خەودان و تۆش ئەسپەکە بدە بەر بەڵام دەست لە جڵەوەکەی نەدەی".

شازادە ئیڤان چووە سەر دیواری قەڵاکە و ڕووانی هەرچی پاسەوانە خەوتوون. وەك چۆن گورگە بۆر وتی. ئەمیش چووە تەویلەکەوە و ئەسپەکەی گرت بەڵام هەرچەندی کرد نەیتوانی واز لە جڵەوەکەی بهێنێ لەبەر جوانی و نەخشاندنی بە گەوهەر و زێڕ. هەرکە دەستی گەیشتە جڵەو بەجارێ غەڵبەغەڵب و دەنگی کەڕەنا و تەپڵ هات و هاواری پاسەوانە لەخەو ڕاپەڕیوەکان بەرزبۆوە. دەسبەجێ شازادە ئیڤانیان گرت ودایانەبەر بۆ لای کۆسمان پاشا، ئەمیش قیڕاندی بەسەریدا:

ـ "تۆ کێیت و لە کوێوە هاتووی؟".

ـ "من شازادە ئیڤانم و کوڕی بێرەندی پاشام".

ـ "شازادە ئیڤان و دزیی ئەسپ بکات؟ ئەم کارە تەنانەت نەزانترین و گەوجترین جووتیار نایکات. بەڵام من دەتبەخشم ئەگەر بێت و خزمەتێکم بکەیت. دەلمان پاشا کچێکی زۆر جوانی هەیە ناوی یێلینای

شۆخ و شەنگە. تۆ ئەو کچەم بۆ بێنە ئێرە و منیش لە پاداشتی ئەو چاکەیەتدا ئەسپی یاڵ زێڕین و جڵەوەکەیت دەدەمێ".

شازادە ئیڤان بە دڵشکاوی و خەم وخەفەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە لای گورگە بۆر و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش بە نیگەرانیەوە وتی:

ـ "من پێم نەوتی دەست لە جڵەوەکەی مەدە. ئاخر بۆچی وات کرد؟".

ـ "دەستم دامێنت هاوڕێم من کردم تۆ نەیکەیت"

ـ "چیبکەم چارچیە. وەرە کۆڵم بابکەوینەڕێ".

ئەمجارەش شازادە ئیڤان سواری پشتی گورگە بۆر بوو و بۆیدەرچوون. ڕۆیشتن ڕۆیشتن و شەویان دا بە دەم ڕۆژ و ڕۆژ بە دەم شەوەوە و ماوەیەکی دوورودرێژیان بڕی تا گەیشتنە ولات و مەملەکەتی دەلمان پاشا. لەوێ تەماشایان کرد وا یێلێنای شۆخ و شەنگ لە نێو گوڵ و گوڵزاری باخچەی قەڵادا پیاسە دەکات و ژمارەیەکی زۆر کەنیزەك و خزمەتکار دەوریانداوە. گورگە بۆر وتی:"ئەمجارەیان بڕوات پێناکەم شازادە ئیڤان، من خۆم کارەکە ئەنجام دەدەم. تۆ بەرەو دوا بگەڕێرەوە و من پێتڕدەگەمەوە".

شازادە ئیڤان چی پێوترا جێبەجێی کرد و بەرەو ماڵ بووەوە. گورگە بۆریش هەڵبەزییە سەر دیواری قەڵاکە و بازیدایە ناو باخچەکەوە کە کیژی شازادە لەگەڵ یاوەرانیدا پیاسەیان دەکرد تیایدا و خۆی لە پشتی دەوەنێکەوە شاردەوە. لە چاوتروکانێکدا کە کیژی شازادە کەوتە پشتی یاوەرانیەوە گورگە بۆر پڕی پێدا کرد و هەڵیدایە سەر پشتی و بە پەلە لە دیوارەکەوە بازیدا و فڕاندی.





شازادە ئیڤان بە ڕێگەوە بوو. کاتێکی زانی گورگە بۆری پێگەیشت بە خۆی و یێلێنای شۆخ و شەنگەوە. شازادە لە خۆشییاندا خەریکبوو شاگەشکە بێت. گورگە بۆر تێی خوڕی:"خێراکە وەرە سەر پشتم دوور نیە دوامان بکەون!". گورگە بۆر خێرا کلکێکی بادا و بە هەردوك شازادە ئیڤان و یێلێنای شۆخ و شەنگەوە وەك با تێیتەقاند. ڕۆیشتن ڕۆیشتن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، شەو لە دوای شەو بە سەر دارستان و چەم و چغوردا و بە کلکی فشیەوە بە سەر هەموویاندا کسپەی دەکرد تا گەیشتنەوە ولاتی کۆسمان پاشا.

بەڵام شازادە ئیڤان پەستی و دڵگرانی بە ڕوخساریەوە دەرکەوتبوو. گورگە بۆر هۆی ئەم دڵگرانیەی لێپرسی و ئەویش لە وەڵامدا وتی: "من زۆر پەست و نیگەرانم بەوەی کە دەبێ یێلێنای شۆخ بگۆڕمەوە بە ئەسپێك و نازانم چۆن شتی وا دەگونجێ؟".

- "هیچ خەم مەخۆ من نایەڵم تۆ خانمێکی وا شۆخت لە دەست بچێت. ئێمە دەیشارینەوە و من خۆم دەچمە شێوەی یێلێنای شۆخەوە و تۆ بمبە بۆ لای کۆسمان پاشا". ئەوجا
- یێلێنایان لە کۆڵێتێکی نێو دارستانێکدا شاردەوە. گورگە
- بۆریش دەستی کردە هەڵبەز و دابەز بە هەوادا و سەری خۆی بە پاژنەیدا سوی و چووە شێوەی یێلێنای شۆخەوە. شازادە ئیڤانیش پەلی گرت و بردی بۆ لای کۆسمان پاشا. پاشا خەریك بوو لە خۆشییاندا تێکچێ و زۆر سوپاسی شازادەی کرد و بەڵێنی خۆی بەجێهێنا و فەرمانی دا ئەسپی یاڵ زێڕین و جڵەوەکەیان دایە.

شازادە پەڕییە کۆڵی ئەسپ و بەرەو دارستانەکە ڕۆیشت بۆ لای یێلێنای شۆخ و لەوێ خستیە پاشکۆی خۆی و بەرەو ماڵ بوونەوە.

کۆسمان پاشا دەسبەجێ یێلێنای شۆخی مارە کرد و ئاهەنگی شایی و زەماوەند سازدرا، کە ئاهەنگێکی هێجگار گەورە بوو. دواجار بووکی بۆ کرایە پەردەوە و پاشاش لە نێو جێگەدا کە ئاوڕی لە بووکەکەی دایەوە ڕوانی وا گورگێکی بۆر دانی لێ جیڕکردووەتەوە، ئەمیش بەوپەڕی ترس و لەرز و حەپەساوییەوە لە جێگە دەرپەڕی و گورگە بۆریش لە چاوتروکانێکدا خۆی دەرباز کرد و دواجار خۆی گەیاندەوە شازادە ئیڤان و شازادە یێلێنای شۆخ. بەڵام شازادە ئیڤان شێوەی لەوە دەچوو زۆر دڵخۆش و کەیفساز نەبێ، لەبەرئەوە گورگە بۆر لێی پرسیی بۆچی وا مات وخەمبارە، ئەمیش لە وەڵامدا وتی:"هاوڕێی خۆشەویستم من بەوە پەست و خەمبارم کە دەبێ ئەم ئەسپە ڕەخشن و قەشەنگە بگۆڕمەوە بە باڵندەیەك". گورگە بۆر بە كلك ڕاوەشاندنەوە وتی:"خەم مەخۆ شازادە ئیڤان، هەوڵدەدەم شتێك بە شتێك بکەم". وەختێ گەیشتنە قەڵای ئەفرۆن پاشا گورگە بۆر وتی: "ئەسپەکە و یێلێنای شۆخ بشارەوە و من خۆم دەبەمە شێوەی ئەسپەکەوە و تۆ بمبە بۆ لای پاشا".بەم جۆرە ئەسپی یاڵ زێڕین و یێلێنای شۆخیان لە نێو دارستاندا شاردەوە و گورگە بۆریش کەوتە هەڵبەز و دابەز و سەری بە پاژنەیدا سوی و دەسبەجێ بوو بە ئەسپی یاڵ زێڕین بە تەواوی جوانی و قەشەنگییەوە. شازادە ئیڤان ئەسپەکەی برد بۆ لای ئەفرۆن پاشا. پاشا زۆر خۆشحاڵیی دەربڕی بەم کارە و لە پاداشتی ئەم چاکەیەیدا مەلی





ئاگرین و قەفەزەکەی پێبەخشی و بەڵێنی خۆی بەجێهێنا. پاشان شازادە ئیڤان گەڕایەوە بۆ دارستانەکە و یێلێنای شۆخی خستە پاشکۆی خۆی و مەلی ئاگرین و قەفەزەکەی گرتە دەستەوە و بەرەو ماڵ بەڕێکەوتن.

لەملایشەوە ئەفرۆن پاشا فەرمانی بە خزمەتکاردا ئەسپەکەی بۆ بێنن. کاتێ کە ویستی سواری بێت ئەسپەکە بوو بە گورگێکی بۆر و پاشا کە ئەمەی بینی تۆقی و لەجێی خۆی بوورایەوە. گورگە بۆریش وەك تیر بۆی دەرچوو و خێرا شازادە ئیڤانی گرتەوە وپێی وت: " ئیتر من تۆ بەجێدێڵم و ناتوانم لەمە زیاتر بێم". شازادە ئیڤانیش لە ئەسپەکە دابەزی و سێ جار کڕنۆشی ئەمەکداری و پێزانینی بۆ گورگە بۆر برد. گورگە بۆریش لە کاتی خواحافیزیدا وتی: "شازادە ئیڤان ئەم جیابوونەوەمان لە دڵ نەگریت، من هێشتا ماومە یارمەتیت بدەم و فریات بکەوم". شازادە ئیڤان سەری لەم قسەیە سوڕما و لە دڵی خۆیدا وتی: "بۆچی بەکەڵکم دێیت؟! خۆ تۆ هەموو ئاواتەکانمت بەدیهێنا".

لە پاش خواحافیزی لەگەڵ گورگە بۆردا، شازادە ئیڤان دیسان سواری ئەسپی یاڵ زێڕین بووەوە و ڕێگەی گرتەبەر و پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆری بڕی گەیشتەوە قەڵەمڕەوی مەملەکەتی باوکی. شازادە ئیڤان بۆ ئەوەی تاوێك پشوو بدات لە ئەسپەکەی دابەزی و لە کانیاوێکی ئەو نزیکانە دەست و دەموچاوی شۆرد. پاشان لە سەر سەوزەگیاکە ڕاکشا و فرەی پێنەچوو چاوی چووە خەو. لەم کاتەدا براکانی بەسوارییی هاتن. ئەوان بۆ فرە شوێن و جێگا چووبوون، لێرە و لەوێ، دوور و نزیك زۆر

وڵات و مەملەکــەت گــەڕابوون بــەڵام مایــەپووچ و بــە دەســتی بــەتاڵ گەڕانــەوە. لــەم شــوێنەدا بەڕێکــەوت شــازادە ئیڤــان خــەوتبوو هــەموو دەســکەوتەکانی بەتەنیــشتیەوە بــوون. براکــان تــەگبیریان لێکــرد و بڕیاریاندا بیکوژن و دەست و دیارییەکەی ببەن و بیکەنە هی خۆیان.

ئەوجا براکان، پاش ئەوەی شازادە ئیڤانیان کوشـت، یێلێنـای شـۆخیان سـواری ئەسـپەکە کـرد و قەفـەزی زێـڕین و مـەلی ئاگرینیـان هـەلگرت و بەرەو قەڵاکەی باوکیان بەڕێکەوتن. لە ڕێگـاش هەڕەشـەیان لـە یێلێنـای شۆخ کرد کە نابێ ئەم نهێنییە بدرکێنێ دەنا دەیکوژن.

لەملاشەوە لاشەی شازادە ئیڤان بە سەر سەوزەگیاکەوە کەوتبوو و قەل و داڵ تێی ورووکابوون. لەم کاتەدا لەناکاو گورگە بۆر لە غەیبەوە پەیــدابوو و هــەر لەوێــدا بەچــکە قەلەڕەشــێکی گــرت و ڕووی کــردە دایکەکەی و وتی: "ئـەی دایکانـەی قەلـەڕەش خێـرا بـڕۆ هەنـدێك ئـاوی حەیاتم پێبگەیەنە. کە بۆت هێنام منیش بەچکەکەت بەرەڵا دەکەم".

قەلەڕەشی دایکانەش خێرا هەڵفڕی و هێندەی پێنەچـوو ئـاوی حـەیاتی هێنا و گورگە بۆریش هەندێ لەو ئاوی حەیاتەی پرژاندە سەر برینـەکانی شـــازادە ئیڤانـــەوە و دەســـبەجێ چـــاکبوونەوە و ســـارێژبوون. زۆری پێنەچوو شازادە ئیڤـان زینـدوو بـووەوە و چـاوەکانی کـردەوە و کـەمێ بەملاو بەولای خۆیدا هەڵیڕوانی و وتی:

ـ "وا دیارە خەوێکی باشم کردووە!".

گورگە بۆر لە وەڵامدا وتی:

ـ "بـەڵێ خـەوێکی زۆر قـووڵ بـوو، ئەوەنـدە قـووڵ بـوو ئەگـەر مـن





نەهاتمایە جارێکی تر هەرگیز بە ئاگانەدەهاتیتەوە. بـرا بەشـەرەفەکانت تۆیـان کوشـتبوو و دەسـت و دیارییـەکانتیان لەگـەڵ خۆیـان بـردووە و ئێستا بەڕێوەن بۆ لای باوکت، خێراکە وەرە سەر پشتم ئەگـەر دەتـەوێ زوو بیانگریتەوە".

پاشان بەو ڕەنگە گەیشتنە براکان و گورگە بـۆر پـەلاماری دان و پارچـە پارچەی کردن. شازادە ئیڤـانیش کوڕنووشـی بـۆ بـرد و زۆر منـەتباری و سوپاسی خـۆی بـۆ دەربـڕی. ئـەوجا سـواری ئەسـپی یـاڵ زێـڕین بـوو و یێلێنای شۆخ و شەنگی خستە پاشکۆی خۆی و مـەلی ئـاگرین و قەفـەزە زێڕینەکەی گرتە دەستەوە و بە دیاری بردی بـۆ بـاوکی. بێرەنـدی پاشـا زۆر خۆشحاڵ بوو شازادە ئیڤـانیش گـشت بەسـەرهاتی خـۆی بـۆ بـاوکی گێڕایەوە سەبارەت بە گورگە بۆر و ڕەفتاری براکانی لەگەڵیدا و چۆن لـە خەودا کوشتوویانە و گورگـە بـۆر فریـای کـەوتووە و ڕزگـاری کـردووە و پاشان لە تۆڵەی ئەمدا براکانی کوشتووە و لەتوپەتی کردوون. بێرەنـدی پاشا تاوێك دڵگران بوو، بەڵام پاش بـەینێك هاتـەوە سـەرخۆی. شـازادە ئیڤـانیش یێلێنـای شـۆخی مـارە کـرد و پێکـەوە ژیـانێکی خۆشـیان بەسەربرد.

# جـــووته ئیڤان

له سـەردەم و زەمانێکدا دوو بـرا هـەبوون، هـەردوکیان ناویـان شـازادە ئیڤان بوو: ئیڤانی دەوڵەمەند و ئیڤانی هەژار. ئیڤانی دەوڵەمەند پۆشـتە و پەرداخ و خاوەن نان و خوانێکی باش و خانوبەرەی نوێ و گەنجینـەی پڕ لە ئارد و گەنم بوو. هەروەها مەڕومالاَت و گاوگۆتاڵێکی زۆر بـوو و بـۆ خۆیان لە ناو مێرگ و پاواندا دەلەوەڕان. ئەم پیاوە لە ماوەیەکی کەمـدا بوو بە خاوەنی هـەموو شـتێك و گـوێی بـە کـەس نـەدەدا تـەنها خـۆی و ژنەکەی نەبێت. ئیڤـانی دەوڵەمەنـد هـیچ منـداڵێکی نـەبوو بـەڵام ئیڤـانی هـەژار حـەوت منـداڵی هـەبوو بـەڵام هـیچ سـامانێکی شـك نـەدەبرد، لـە پشیلەیەکی تەنیشت ئاگرانەکە و بۆقێك لە ناو قوڕولیتەکە بەولاوە. هـەر حەوت منداڵەکەی بە کۆمەڵ دادەنیشتن و بۆ نانی جۆ و شۆربای کەلەرم چاوە زەردێیان بوو، بەڵام مخابن هیچ شتێکیان نەبوو بیاندەنێ. ئیڤـانی هەژار هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو ناچار چوو بۆ لای بـرا دەوڵەمەندەکـەی بۆ ئەوەی شتێکی بداتێ و پێی وت:

ـ بەیانیت باش نائوومی برا!

ـ بەیانیت باش! ئیڤانی هەژار، بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

ـ برا گیان، هەندێ ئاردم بە قەرز بـدەرێ، بـەڵێنت دەدەمـێ بـۆت بگێڕمەوە.ئیڤانی دەوڵەمەندیش وتی:

ــ زۆرباشــە، ئــەوە تەشــتێك ئــاردت دەدەمــێ بــەڵام دەبــێ پــڕ





توورەکەیەکی گەورەم بۆ بگێڕیتەوە.

ـ توورەکەیەکی گەورە بۆ تەنها دەفرێك! نـائوومی بـرا، ئـەوە تـۆ باسی چی دەکەیت؟ پێت وانیە کە ئەمە بڕێکی زۆرە؟

ـ باشە ئەگـەر پێـت زۆرە، ئـەوا بێـزارم مەکـە و بـڕۆ بـەر دەرگـای یەکێکی تر بپاڕێرەوە.

ئیڤانی هەژاریش چاری ناچـار بـوو، بـە دەم فرمێـسك ڕشـتنەوە دەفـرە ئاردەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ ماڵـەوە. بـەڵام تـازە گەیـشتبۆوە بـەر دەرگای ماڵـەوە بایـەکی تونـد هـەڵیکرد. باکـە لـوولی دەخـوارد لـوورەی دەهـات، هـەتا گەیـشتە ڕاسـەری ئیڤـانی هـەژار و هـەموو ئـاردی نـاو دەفرەکەی کرد بە هەوادا و تەنها کەمێکی لەبنی دەفرەکەدا هێشتەوە.

ئیڤانی هەژار بەمە زۆر تووڕە و نیگەران بـوو وهـاواری کـرد: "ئـەی بـای بەدی باکوور، تۆ منداڵە داماوەکانمت ئەوەنـدەی تـر برسـی کـرد، بـەڵام چاوەڕێ بکە دەبێت تۆڵەی ئەم کردەوە دزێوەت لێبکەمەوە".

بەمجۆرە ئیڤانی هەژار ڕایکـرد بـەدوای باکـەدا. باکـەش هـەڵیکردە سـەر شـەقامەکان و ئیڤـانی هـەژاریش بـە هـەموو هێـز و گوڕیـەوە بـە دوایـدا ڕایدەکرد. ئەوجا باکە گواستیەوە بۆ دارستانەکە و ئیڤانی هـەژاریش بـە خێرایی شـوێنی کـەوت و گەیـشتنە داربەڕوویـەکی گـەورە، لەوێـدا باکـە خزایە نێو کلۆری دارەکە و ئیڤانی هەژاریش بەدوایدا ڕۆیشت. کاتێ باکـە ئیڤانی هەژاری لە تەنیشت خۆیەوە بینـی پێـی وت: "پیـاوی بـاش، پـێم بڵێ بۆچی وا دوام کەوتوویت؟".

ئیڤانی هەژاریش لە وەڵامدا وتی:"ئەگەر حەز دەکەیت بزانیت ئـەوا پێـت

دەڵێم، من کەمێك ئاردم بۆ منداڵە ڕووت و برسییەکانم پەیداکردبوو، کەچی تۆ بە کردەوە ناشیرینەکەت هەموو ئاردەکەت پەرش و بڵاوکردەوە. ئاخر چۆن بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمە ماڵەوە؟".

باکەش لە وەڵامدا وتی:"تەنها لەبەرئەمەیە! پێویست ناکات خۆت بەو جۆرە تووڕە بکەیت، فەرموو ئەمە خوانێکی ئەفسووناوی، هەر شتێك بخوازیت دەمودەس پێتدەبەخشێت".

ئیڤانی هەژار زۆر دڵخۆش بوو خۆی بۆ باکە نووشتاندەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵ و دەسبەجێ خوانی ئەفسووناویی ڕاخست و وتی:" ئەی خوان خواردنم دەوێ". هەر کە وشەکان لە دەمی هاتنە دەر دەسبەجێ شۆربای کەلەرم و کێکی قارچك و بەرازێکی گەورەی برژاو لە سەر سفرە و خوانەکە پەیدا بوون. ئیڤانی هەژار و منداڵەکانی ئەوەندەیان خوارد تا تێربوون و نەیانتوانی چیتر بخۆن و پاشان خەویان لێکەوت.

بۆ بەیانی کاتێك کە بۆ قاوەڵتی دانیشتبوون، کێ بێتە ناو زنجەکەوە باشە، ئیڤانی دەوڵەمەند. ئیڤانی دەوڵەمەند کە تەماشای کرد سفرە و خوان لەبەر خواردن دیار نەماوە، چاوی پەڕییە تەوقی سەری و بە توڕەییەوە وتی:"نائوومی برا، ئا ئەمە چیە من دەیبینم! چۆن وا لە ناکاوێکدا دەوڵەمەند بوویت؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:" نەخێر دەوڵەمەند نەبووم، بەڵام چیتر پێویستم بە خواردن پەیدا کردن نابێت و هەموو کات بەشی ئەوەندەم لێدەمێنێتەوە کە بەشی ژەمێکی تۆ بکات. ئا، بیرم کەوتەوە تووڕەکەیەك ئاردی تۆ قەرزارم، وانیە؟ هەر ئێستا تووڕەکە ئاردەکەت





دەدەمەوە". ئەوجا بە دەنگی بەرز وتی: " ئەی خوان داوای تووڕەکەیەك ئاردت لێدەکەم!" و هەر کە قسەکەی لە دەم هاتە دەر، دەسبەجێ تووڕەکەیەك ئارد لە سەر مێزەکە پەیدا بوو.

ئیڤانی دەوڵەمەند تووڕەکە ئاردەکەی هەڵگرت و بێ ئەوەی تەنها وشەیەکی لە زار بێتە دەر زنجەکەی جێهێشت. بەڵام لای ئێوارە دیسان ئیڤانی دەوڵەمەند گەڕایەوە بۆ لای براکەی و وتی:"نائوومی برا، بەزەییەکت پێمدا بێتەوە و یارمەتیم بدە و دڵم مەشکێنە، میوانێکی زۆرم هاتووە و نە ئاگردانمان گەرم کراوە و نە نانیش دروستکراوە و هیچ شتێکمان نیە بیاندەمێ، تکات لێدەکەم تەنها ماوەی دوو سەعاتێك خوانە ئەفسووناوییەکەتم بدەرێ".

ئیڤانی هەژاریش خوانە ئەفسووناوییەکەی دایە. ئیڤانی دەوڵەمەند خواردنی دابە میوانەکانی و کاتێك کە ماڵئاواییان کرد، خوانە ئەفسووناوییەکەی لە سینگیدا شاردەوە و یەکێکی تری هێنا کە بە تەواوی لەو دەچوو بەڵام ئەمیان ئەفسووناوی نەبوو و ئاسایی بوو. ئەوجا هەڵسا ئەمەیانی بردەوە بۆ ئیڤانی هەژار و وتی:"زۆر سوپاس نائوومی برا، زۆر بەباشی میوانەکانم بەڕێکرد بەوجۆرەی کە هەموو کەسێك دەیخوازێت".

پاش ماوەیەك ئیڤانی هەژار و منداڵەکانی کۆبوونەوە بۆ نانخواردن و سفرەیان ڕاخست و ئیڤانی هەژار وتی: "خوانە ئەفسووناوییەکە، داوای نانی ئێوارەت لێدەکەم" بەڵام خوان هەروا بە بەتاڵی مایەوە و هیچ خواردنێکی نەهاتە سەر. ئیڤانی هەژار بە هەڵەداوان ڕایکرد بۆ ماڵی برا

دەوڵەمەندەکەی و لێی پرسی: "چیت کردووە لە خوانە ئەفسووناوییەکەم؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی: "ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، ئەی نەمگەڕاندەوە بۆ خۆت؟".

ئیڤانی هەژاریش هیچی بۆ نەمایەوە و دەستی کرد بە گریان و گەڕایەوە بۆ ماڵ. ڕۆژێك و دوان تێپەڕی و منداڵەکانی داوای خواردنیان دەکرد و دەگریان، ئەمیش زاد لە ماڵیدا نەبوو و هیچ شتێکیان نەبوو بیانداتێ بیخۆن. ناچار دووبارە ڕۆیشتەوە بۆ لای برا دەوڵەمەندەکەی و پێی وت:

- نائوومی برا بەیانیت باش.
- بەیانیت باش ئیڤانی هەژار! بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟
- منداڵەکانم دەگرین و زۆریان برسییە، کەمێك ئارد یاخود دەستەوارەیەك نانم بدەرێ.
- نە ئاردم هەیە و نە نان تا بتدەمێ، بەڵام قاپێك جەلی لە گەنجینەکەدا هەیە، دەتوانی بیبەیت ئەگەر حەزدەکەیت. لە سەر بۆشکەکە دانراوە لە تەنیشت دەرگاکەوە و جارێکیتر مەیەرەوە و داوای شتی ترم لێنەکەیت".

ئیڤانی هەژار قاپە جەلییەکەی برد و گەڕایەوە بۆ ماڵ. ئەو ڕۆژە زۆر گەرم بوو، خۆرەکە تاوی سەندبوو و ڕاستەوخۆ تیشکی بەر جەلییەکەی ناو قاپەکە دەکەوت و توایەوە و ڕژا. ئیڤانی هەژار زۆر دڵگران و توڕە بوو و وتی:"ئەی خۆری گەمژە، ئەمە تەنها یارییەکە بۆ تۆ بەڵام بەدبەختییە بۆ منداڵە هەژارەکانم. دەبێ بتدۆزمەوە و تۆڵەی ئەم





کردەوە ناپەسەندەت لێبکەمەوە". بەو شێوەیە ئیڤانی هەژار کەوتە دوای خۆرەکە. بەردەوام دەڕۆیشت بەڵام خۆرەکە هەمیشە هەر لە پێشیەوە بوو. دەمەو ئێوارە خۆر کەوتە پشتی چیاکانەوە ولەوێ ئیڤانی هەژار دۆزییەوە. کاتێك خۆرەکە ئیڤانی بینی لێی پرسی: "وەرە ئیڤان پێم بڵێ، بۆچی دوامکەوتوویت؟". ئیڤانی هەژاریش لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر حەز دەکەیت بزانیت ئەوا پێتدەڵێم، من قاپێك جەلیم بۆ منداڵە برسییەکانم پەیدا کردبوو، بەڵام تۆ، ئەی خۆری گەمژە، تا دەهات زیاتر تاوت دەسەند و گەرم دەبوویت بۆ ئەوەی یاری لەگەڵ جەلییەکەدا بکەیت. جەلییەکەش توایەوە و هەمووی ڕژایە سەر شەقامەکە. ئێستا چۆن بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە بۆ ماڵ بۆ لای منداڵەکانم؟".

خۆرەکەش وتی:" تەنها لەبەر ئەمەیە! من وام لێکردوویت بۆ ئەوەی ئازارت بدەم، کەواتە دەبێ هەر منیش یارمەتیت بدەم. فەرموو ئەم بزنە بۆ تۆ لە ڕانەکەی خۆمەوە. بەرە بەڕووی بدەرێ بیخوات، بزنەکەش لەجیاتی شیر زێڕی شلت پێدەبەخشێت".

ئیڤانی هەژار سەری بۆ خۆر دانەواند و بزنەکەی برد و بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە. ئەوجا دەنکە بەڕووی دایە بیخوات و دەستی کرد بە دۆشینی و لە جیاتی شیر، بزنەکە زێڕی شلی دەدا. لەو ڕۆژەوە ژیانی ئیڤانی هەژار بەرەو باشتر ڕۆیشت و منداڵەکانی هەموو کات خۆراکی تەواویان هەبوو.

کاتێك کە ئیڤانی دەوڵەمەند دەنگوباسی بزنەکەی بیست دەسبەجێ

چوو بۆ لای براکەی و پێی وت:

ـ بەیانیت باش نائوومی برا.

ـ بەیانیت باش، ئیڤانی دەوڵەمەند.

ـ نائوومی برا، بەزەییت پێمدا بێتەوە و یارمەتیم بدە، بزنەکەتم بۆ ماوەی سەعاتێك بە قەرز بدەرێ، هەندێك پارە قەرزارم و ناچارم بیگێڕمەوە و منقرێکیش شکنابەم.

ـ باشە بزنەکەت دەدەمێ، بەڵام نەکەی دووبارە بمخەڵەتێنیتەوە.

بەو شێوەیە ئیڤانی دەوڵەمەند بزنەکەی برد و دەستی کرد بە دۆشینی و پاش ئەوەی کە بەشی خۆی ئاڵتوونی دەست کەوت، بزنەکەی لە گەورێکدا شاردەوە و بزنێکی ئاسایی بردەوە بۆ ماڵی ئیڤانی هەژار و وتی: "نائوومی برا، زۆر سوپاس بۆ ئەم یارمەتیدانەت".

ئیڤانی هەژاریش دەنکە بەڕوویەکی دا بە بزنەکە و دەستی کرد بە دۆشینی و شیر بە گوانیدا هاتە خوار و تەنها دڵۆپێکیش زێڕی لێنەهات. ئیڤانی هەژار بە پڕتاو ڕایکرد بۆ ماڵی برا دەوڵەمەندەکەی، بەڵام ئەو گوێی لێنەگرت و وتی:"من هیچ شتێك لەو بارەیەوە نازانم و هەمان ئەو بزنەم بۆ گەڕاندیتەوە کە خۆت پێتدابووم".

ئیڤانی هەژاریش هیچی پێنەکرا دەستی کردە گریان و گەڕایەوە بۆ ماڵ. چەند ڕۆژ و چەند هەفتەیەك تێپەڕین، پاشان منداڵەکانی دووبارە برسی کەوتنەوە و حاڵیان پەشێو بوو. زستان هات و دنیا بەجارێ ساردی کرد و هیچ شتێك لە ماڵەکەدا نەبوو کە بیدات بە منداڵەکانی. ئیڤانی هەژاریش چاری ناچار بوو، ڕۆیشت بۆ لای برا دەوڵەمەندەکەی تاوەکو





ڕووی هەندێ خواردنی لێبنێ و وتی:

ـ نائوومی برا، منداڵەکانم دەگرین و زۆریان برسییە، بەڵکو هەندێك ئاردم بە قەرز بدەیتێ!

ـ نە نانم هەیە و نە ئارد بتدەمێ، بەڵام هەندێ شۆربای کەلەرمی دوێنێ ماوەتەوە لە گەنجینەکەدایە لە ناو گۆزەیەکدا، دەتوانی بیبەیت، لەبیریشت نەچێت کە بە گەرمی دەخورێت.

ئیڤانی هەژار گۆزە شۆرباکەی هەڵگرت و بردیەوە بۆ ماڵ. ڕێگاکە هەمووی بەستەڵەکی شەقار شەقار بوو، باکەش گڤەی دەهات و سات لە دوای سات ساردتر دەبوو. بەفر و بەستەڵەکەکەش کەوتە یاریکردن لەگەڵ شۆربای کەلەرمەکەدا. لە سەرتادا بە توێژاڵێکی تەنکی سەهۆڵ شۆرباکەی داپۆشی، پاشان هەندێك بەفری وشکی بە سەر سەهۆڵەکەدا کرد و بە بەردەوامی ئەم یارییەی دووبارە دەکردەوە تا هەموو شۆرباکە بەستی و گۆزەکە هیچی تێدا نەما تۆپەڵە سەهۆڵێك نەبێت لە بنەکەیدا.

ئیڤانی هەژار زۆر پەست و نیگەران بوو وتی:"ئەی بەستەڵەکی پیری بەدفەساڵ، ئەی لووت سوور، ڕوومەتمت تەزاندووە و قاچەکانیشم بەستوویەتی، تۆ بۆ خۆت گەمە دەکەیت بەڵام منداڵ و خێزانمت کوڵۆڵ و بەدبەخت کردووە. باش بزانە ئەمەت بە سەرەوە ناچێت و تۆڵەی خۆمت لێدەکەمەوە!".

بەم ڕەنگە ئیڤانی هەژار کەوتە دوای بەستەڵەکەکە. بەستەڵەك بە ناو کێڵگە و دەشتودەردا تێیتەقاند و ئیڤانیش بەدوایدا. بەستەڵەك چووە ناو دارستانەکە و ئیڤانی هەژاریش بەدوایدا. پاشان بەستەڵەکەکە چووە

ژێر کۆمەڵە بەفرێکی زۆرەوە و ئیڤانی هەژاریش بە تەنیشتیەوە وەستا. بەستەڵەك بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "بۆچی وا شوێنم کەوتوویت، چیت لە من دەوێت؟".

ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر ئارەزوو دەکەیت ئەوا پێت دەڵێم من گۆزەیەك شۆربای کەلەرمی دوێنێم دەبردەوە بۆ منداڵەکانم، بەلام تۆ دەستت کرد بە گەمە کردن و هەموو شۆرباکەمت بەست. ئێستا چۆن بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە لای ماڵ و منداڵم؟ نائوومی برا خوانێکی ئەفسووناوی و بزنێکی لێدزیم کە لە جیاتی شیر زێڕلە گوانی دەهات، وا ئێستا تۆش شۆربا کەلەرمەکەمت خراپ کرد".

بەستەڵەکیش وتی: "هەر بۆ ئەوە؟ باشە کەواتە یارمەتیت دەدەم و توورەکەیەکت دەدەمێ بە لێدان فریات دەکەوێ، کاتێ کە دەڵێی: هەردوکتان لە توورەکەکە وەرنە دەرەوە، ئەوە هەردوکیان باز دەدەنە دەرەوە و کاتێ بڵێیت: هەردوکتان بۆ ناو توورەکەکە، ئەوە هەردوکیان دەچنەوە ناو توورەکەکە".

ئیڤانی هەژار سەری سوپاس و پێزانینی بۆ بەستەڵەك دانەواند و گەڕایەوە بۆ ماڵ. پاشان ڕۆیشتە ژوورەوە و توورەکەکەی دەرهێنا و وتی: "هەردوکتان لە توورەکەکە وەرنە دەرەوە" و کاتێکی زانی دوو کوتەکی ئەستوور هاتنە دەرەوە و کەوتنە تێهەڵدانی ئیڤانی هەژارو وتیان: "ئیڤانی دەوڵەمەند بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە پارە کۆکردنەوە نەبێت، تۆش فێربە و زیرەك بە، دەنا ئەمجارەش فریوت دەدات". ئەوجا ئیڤانی هەژاریان چاك چاك فەلاقە کرد و لە تاوا هاواری





کرد: "هەردوکتان بۆ ناو توورەکەکە". بەوجۆرە هەردوو کوتەکەکە چوونە ناو توورەکەکەوە و کپ و بێدەنگ بوون. هەر کە ئێوارە داهات ئیڤانی دەوڵەمەند بە هەڵەداوان چوو بۆ ماڵی براکەی و لێی پرسی: "ئیڤانی برام بۆ کوێ چوویت و چیت لەگەڵ خۆت هێناوە؟".

– سەردانی بەستەڵەکم کرد ئەویش توورەکەیەکی بە دیاری پێبەخشیم، هەر تەنها بڵێ: "هەردوکتان لە توورەکەکە وەرنە دەرەوە" ئەوە هەردوکیان دێنە دەرەوە و هەموو کارێکت بۆ ڕادەپەڕێنن.

ئەویش تەماح گرتی و وتی:

ـ ئیڤانی هەژار، دەستم دامێنت تاقە یەك ڕۆژ توورەکەکەتم بە قەرز بدەرێ، سەربانی خانووەکەم ڕووخاوە و کەس نیە بۆم چاك بکاتەوە بەڵکو ئەوانە فریام بکەون و یارمەتییەکم بدەن.

ـ زۆرباشە ئیڤانی دەوڵەمەند، فەرموو ئەوە توورەکەکە و بیبە.

بەمجۆرە ئیڤانی دەوڵەمەند توورەکەکەی برد بۆ ماڵەوە و دەرگاکەی کلۆم کرد و هاواری کرد: "هەردوکتان لە توورەکەکە وەرنە دەرەوە" و هێندەی زانی دوو کوتەکی ئەستوور دەرپەڕینە دەرەوە و کەوتنە لێدان و تێهەڵدانی ئیڤانی دەوڵەمەند و وتیان: "ئەو شتانە هەمووی ملکی براکەتن، بزنەکە و خوانە ئەفسووناوییەکەی بۆ بگێڕەوە". ئیڤانی دەوڵەمەندیش ڕایکرد بۆ ماڵی براکەی و دوو کوتەکەکەش بە دوایدا ڕۆیشتن بە لێدان و تێهەڵدان. ئیڤانی دەوڵەمەند هاواری دەکرد و دەپاڕایەوە: "ڕزگارم بکە ئیڤانی هەژار، بەڵێنت

دەدەمێ بزنەکە و خوانە ئەفسووناوییەکەت بۆ بگێڕمەوە !".
ئیڤانی هەژاریش هاواری کرد:"هەردوکتان بۆ ناو توورەکەکە".
دەسبەجێ هەردوو کوتەکەکە چوونە ناو توورەکەکە و بێدەنگ بوون.
ئیڤانی دەوڵەمەندیش بە شەل وشەکەتی گەڕایەوە بۆ ماڵ و فڕەی پێنەچوو خوانە ئەفسووناوییەکە و بزنەکەی گەڕاندەوە کە لە بری شیر زێڕی لێدەدۆشی. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئیڤانی هەژار و خێزانەکەی بە خۆشگوزەرانی ژیانیان بردە سەر و تا دەهات دەوڵەمەند بوون. ئەگەر ئێستا تەماشای ماڵەکەیان بکەین، دەبینین هەر حەوت منداڵەکەی بە کۆمەڵ دانیشتوون و نانی جۆو شۆربای کەلەرم دەخۆن. کەوچکەکانیشیان ڕەنگاوڕەنگە و قاب ولەگەنیان دارینە. لەناو نانەکەدا کەرە و پەنیر بە سەر نانەکەوەیە و شۆرباکەش زۆر بەتامە.





# هەڵۆ

هەبوو نەبوو جووتیارێك هەبوو، ژنەکەی مرد و سێ کچی لە دوای خۆی بەجێهێشت. پیرە شازادە ویستی خزمەتکارێکی کچ بە کرێ بگرێت بۆ کاروباری ناوماڵ، بەڵام کچە بچووکەکەی ماریۆشکا وتی:"بابە، خزمەتکار مەگرە، خۆم کاروباری ناوماڵ بەڕێوە دەبەم".
بەو شێوەیە ماریۆشکا ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوماڵی گرتە ئەستۆ و کەیبانوویەکی باشی لێدەرچووبوو. هیچ شتێك نەمابوو کە نەتوانێت بیکات و هەموو کاروبارێکی بە باشی ڕادەپەڕاند. باوکی ماریۆشکای زۆرخۆشدەویست و زۆر دڵی بە کچەکەی خۆش بوو کە ئەوەندە زیرەك و ئیشکەر بوو هەروەها جوانیش بوو. لەڕاستیدا ماریۆشکا زۆر قەشەنگ و جوان بوو! بەڵام دوو خوشکەکەی زۆر ناشیرین و دزێو بوون و هەردەم دڵ پڕ لە ڕق و کینە بوون و هەمیشە دەموچاویان ڕەنگ دەکرد و ئارایشتیان دەکرد و ڕێکپۆش بوون. بە لەبەرکردن و تاقیکردنەوەی کراسی نوێ و خۆ ئارایشت کردن هەموو ڕۆژەکانیان بەسەردەبرد. بەڵام بە هیچ شتێك جوان نەدەبوون، نە بە کراسی تازە مۆدێل و نە بە پێڵاوی پاژنەبەرز و نە بە شاڵی ڕەنگاوڕەنگ.
ڕۆژێکیان جووتیارەکە بڕیاریدا بچێتە بازاڕ و لە کچەکانی پرسی:"چیتان بۆ بکڕم؟". دوو کچە گەورەکە لە وەڵامدا وتیان:"یەکی شاڵێکمان بۆ بکڕە و لەبیریشت نەچێت گوڵی گەورەی بە زێڕ نەخشراوی لە سەر

بێت". بەڵام ماریۆشکا لەجێی خۆی وەستا و نقەی نەکرد، جووتیارەکە لێی پرسی:"ئەی تۆ ئارەزووی چی دەکەیت ماریۆشکا؟"، ئەویش لە وەڵامدا وتی:" باوکی خۆشەویست، پەڕێکی هەڵۆم بۆ بکڕە". جووتیارەکە چوو بۆ بازاڕ و پاش ماوەیەك گەڕایەوە شاڵەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، بەڵام هیچ پەڕی بەدەست نەکەوتبوو. پاش ماوەیەکی تر دووبارە بڕیاریدا بچێتەوە بۆ بازاڕ. لە کچەکانی پرسی:" کچە بچووکەکانم چیتان بۆ بکڕم؟". دوو کچە گەورەکە بە پەرۆشەوە وەڵامیان دایەوەو وتیان:" هەریەکە و جوتێ پووتی زیوینمان بۆ بکڕە"، بەڵام ماریۆشکا دووبارە وتی:"باوکی خۆشەویست، پەڕێکی هەڵۆم بۆ بکڕە". بە درێژایی ئەو ڕۆژە جوتیارەکە بەناو بازاڕەکەدا سووڕایەوە، بەڵام هیچی دەست نەکەوت و بە بێ پەڕ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

پاش ماوەیەکی تر جووتیارەکە بڕیاریدا بچێتەوە بۆ بازاڕ، دوو کچە گەورەکەی وتیان:" هەر یەکی کراسێکی نوێمان بۆ بکڕە". بەڵام ماریۆشکا دووبارە وتی:" باوکی خۆشەویست، پەڕێکی هەڵۆم بۆ بکڕە". بە درێژایی ئەو ڕۆژە جووتیارەکە بە ناو بازاڕدا سووڕایەوە بەڵام هیچ پەڕێکی دەست نەکەوت. پاشان چووە دەرەوەی شار و لەوێ پیاوێکی کورتەباڵای بینی و پێی وت:

ـ ڕۆژباش باپیرە!

ـ ڕۆژباش برا، ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟

ـ دەگەڕێمەوە بۆ گوندەکەی خۆم، باپیرە.

بەڵام ئەوەندە نیگەرانم نازانم چیبکەم، کچە بچووکەکەم داوای





لێکردووم پەڕێکی هەڵۆی بۆ بکڕم، بەڵام دەستم نەکەوتووە.

ـ من ئەو پەڕەم هەیە کە تۆ دەتەوێت، پەڕێکی زۆر جوانە، بەڵام لەبەرئەوەی تۆ پیاوێکی زۆر باشی پێتدەبەخشم.

بەم شێوەیە پیاوە پیرە کورتەباڵاکە پەڕەکەی دەرهێنا و دایە دەستی جووتیارەکە. ئەو پەڕە هەروەکو هەموو پەڕێکی تر وابوو، بۆیە لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، جووتیارەکە بیری لەوە دەکردەوە دەبێت ئەم پەڕە چ کەڵکێکی هەبێت بۆ ماریۆشکا. ئەوجا کە گەیشتە ماڵەوە، دیارییەکانی دایە دەست کچەکانی. دوو کچە گەورەکە کراسەکانیان لەبەرکرد و دەستیان کرد بە پێکەنین بە ماریۆشکا و وتیان:"تۆ زۆر گەمژەیت، ئادەی ئەو پەڕە بدە لە قژت بزانە چەند جوان دەبیت!". ماریۆشکا هیچ وەڵامی نەدانەوە و خۆی دوورەپەرێز دەگرت لێیان. کاتێك کە هەموو لە خەودا بوون، ماریۆشکا پەڕەکەی چەقاندە زەوی و لەسەرخۆ وتی:" هەڵۆ خۆشەویستەکەم، وەرە بۆلام!". وەختێکی زانی کوڕێکی گەنج دەرکەوت هێند جوان و لاوچاك بوو لە باسکردن نەدەهات. پێکەوە بە خۆشی و شادی ئەو شەوەیان بەسەربرد و کە ڕۆژ بووەوە خۆی کێشا بە زەوییەکەدا و بوو بە هەڵۆ. ماریۆشکا پەنجەرەکەی بۆ کردەوە و هەڵۆکەش بە ئاسمانی شیندا دای لە شەقەی باڵ. سێ شەو بەو جۆرە بەخێرهاتنی کرد و بە ڕۆژیش دەبووەوە بە هەڵۆ و بە ئاسمانی شیندا دەسووڕایەوە و بە شەویش دەگەڕایەوە لای ماریۆشکا و دەبووەوە بە کوڕە قۆزەکە. بەڵام لە ڕۆژی چوارەمدا،

دوو خوشــــكه خراپەكـــەی ماریۆشـــكا پێیـــانزانین و تـــەواوی بەســەرهاتەكەیان بــۆ باوكیــان گێڕایــەوە. باوكیــشی پێــی وتــن: "كـچەكانم باشـتر وایـە واز لـە خوشـكەكەتان بێـنن و ئاگاتـان لـە كردەوەكانی خۆتـان بێـت". ئـەوانیش وتیـان: "زۆرباشـە، بـابزانین دواتر چی ڕوودەدات".

بەو شێوەیە ڕیزێك چـەقۆی تیـژیان كـردە لێـواری پەنجەرەكـەوە و خۆیان شاردەوە بـۆ ئـەوەی بـزانن چـی ڕوودەدات. پـاش ماوەیـەك هــەڵۆ شــەوقدارەكە دەركــەوت، بــەرەو پەنجەرەكــەی ماریۆشــكا هەڵفڕی بەڵام نەیتوانی بچێتە ژوورەكەی ماریۆشـكاوە و باڵەتەپـەی پێكەوتبوو لە تاو ئازاردا و خـۆی دەدا بـە چـەقۆكاندا هـەتا هـەموو سنگی قاژ قاژ بوو، بەڵام ماریۆشكا خەوتبوو و ئاگای لە هیچ شـتێك نـەبوو. هەڵۆكـە بـانگی كـرد و وتـی:"ئەگـەر پێویـستت پـێم بـوو دەمدۆزیتەوە، بەڵام ئەم كارە بە ئاسانی نابێت. تاوەكو سێ جووت پێڵاوی ئاسن و سـێ گۆچـانی ئاسـن و هـەروەها سـێ كـڵاوی ئاسـن نـەدڕێنی". ماریۆشـكا گـوێی لـەم قـسانە بـوو بـە پەلـە ڕاپـەڕی و ڕایكـردە لای پەنجەرەكـە، بـەڵام هەڵۆكـە ڕۆیـشتبوو، تـەنها دڵۆپـە خوێنەكانی بە پەنجەرەكەوە بەجێمابوون. ماریۆشـكا دەسـتی كـرد بە گریان و بە فرمێسكەكانی دڵۆپە خوێنەكانی شۆردەوە. چـوو بـۆ لای بــاوكی و وتــی:"بابــە، ڕێــم لێمــەگرە، بــا بــڕۆم بــە ڕێــی خۆمەوە،ئەگەر بمێنم ئەوا یـەكتری دەبینینـەوە، ئەگـەریش نـەمێنم ئەوەیان شتێكی ترە". جووتیارەكە زۆر خـەمبار بـوو كـە باشـترین





كچی لێ دوور دەكەوێتەوە، بەڵام لە دواییدا ڕێی دا كە بڕوات.

بەو شێوەیە ماریۆشكا سێ جووت پـێڵاوی ئاسـنین و سـێ گۆچـانی ئاسنین و سێ كڵاوی ئاسنینی پەیدا كرد و بـە ڕێگـەی دووورودرێـژی خۆیدا ڕۆیشت بۆ گەڕان بە دوای ئارەزووی دڵیدا كە هەڵۆكەیە. لـەم گەشـتەیدا بـە كێڵگـەی فـراوان و بـە نـاو دارسـتانی تاریـك و چـیای بەرزدا ڕێگەی دا لە بەر. باڵندەكان بە ئاواز و گۆرانیی دڵڕفێن دڵیان خـۆش دەكـرد و گۆماوەكـان دەموچـاوە سـپییەكەیان دەشـۆرد و دارستانە تاریكەكانیش پێشوازییان لێدەكرد. هـیچ كەسـێك ئـازاری ماریۆشـكای نـەدا، هـەموو ئـاژەڵ و دڕنـدەكانی وەك گـورگی بـۆر و ورچی قاوەیی و ڕێویی سوور پۆل پۆل دەهـاتن بـۆ لای. ماریۆشـكا بەردەوام بوو لە سەر ڕۆیشتن تا لە كۆتاییدا پێڵاوە ئاسـنینەكانی و كڵاوە ئاسنینەكەی دڕان و گۆچانە ئاسنینەكەی شكا.

پاشـان ماریۆشـكا گەیـشتە چـۆڵەوانییەك لـە نـاو دارسـتانەكەدا و زنجێكی بچووكی بەدیكرد كە لە سەر قاچی مریـشك دەسـووڕایەوە. ماریۆشكا وتی:" زنجی بـچووك، زنجـی بـچووك، ڕووت بكـەرە مـن و پشت بكەرە دارەكان، تكات لێدەكەم با بێمە ژوورەوە و كەمێك نان بخۆم". زنجە بچووكەكەش پشتی كردە دارەكان و ڕووی كردە ماریۆشكا و ئەویش چووە ژوورەوە. كێ ببینێت باشە، بابا ـ یاگـای جادووگــەر كــە جەســتەی یەكپارچــە ئێــسكێكی ڕەقوتــەق بــوو و لووتیشی وەك دار وابوو.

بابا ـ یاگا چاوی بە ماریۆشكا كـەوت و وتـی:"ئـای خـوێنی ڕووس!

هەرگیز پێشتر نەمدیبوو، بەڵام ئێستا لە بەر دەرگاکەمدا بۆنی دەکەم، تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟".

ماریۆشکاش لە وەڵامدا وتی: "داپیرەی خۆشەویست، من بەدوای هەڵۆدا وێڵم". بابا ــ یاگاش وتی: "کچە جوانەکەم، ئەو لە شوێنێکی زۆر دوورە! دەبێت بە خاکی دە وڵات و دە مەملەکەتدا برۆیت تا دەیگەیتێ. شاژنی مەملەکەتی دەیەم جادووگەرێکی خراپە، شەرابێکی بە هەڵۆکە داوە و جادووی لێکردووە، لەو کاتەدا وایلێکردووە کە مارەی بکات. بەڵام من یارمەتیت دەدەم ئەم قاپە زیو و هێلکە زێڕەت دەدەمێ، کاتێك گەیشتیتە مەملەکەتی دەیەم خۆت بکە بە خزمەتکار و بچۆ بۆ لای شاژن و کە هەموو کارەکانت تەواو کرد، قاپە زیوەکە دابنێ و هێلکە زێڕەکەی بخەرە سەر، هێلکەکەش خۆی لە سەر دەفرەکە دەسوورێتەوە. داوات لێدەکەن کە بیفرۆشیت، بەڵام مەیفرۆشە، بەڵکو داوایان لێبکە کە ڕێگەت بدەن هەڵۆ ببینیت".

ماریۆشکاش سوپاسی بابا ـ یاگای کرد و ڕێی خۆی گرتەبەر. لە دارستانەکەدا تاریك داهات و ئەویش زۆر ترسا و نەیدەتوانی بجوولێت. لەناکاوێکدا پشیلەیەکی بەدیکرد کە بەرەورووی دەهات و خۆی بەرز کردەوە بۆ ماریۆشکا و وتی:"ماریۆشکا، مەترسە لە پێشتەوە شتی خراپتر هەیە، بەڵام دەبێت بەردەوام بیت لە سەر ڕۆیشتن و هەرگیز ئاوڕ نەدەیتەوە". پشیلەکە خۆی لە قاچی خشاند و لە چاو ونبوو، ماریۆشکاش هەربەردەوام بوو لە سەر





ڕۆیشتن و تا زیاتر دەچووە ناو دارستانەکەوە تاریکتر دەبوو. پاشان دووەم جووتە پێڵاوی ئاسنین و کڵاوی ئاسنینی دڕا و گۆچانە ئاسنینەکەی دووەمیشی شکا. ئەوجا گەیشتە زنجێکی بچووك کە لە سەر قاچی مریشك دروست کرابوو بە پەرژینێك دەوردرابوو و پڕبوو لە کەللەسەر. ماریۆشکا وتی:"زنجی بچووك، زنجی بچووك، تکات لێدەکەم پشتت بکەرە دارەکان و ڕووت بکەرە من، با بێمە ژوورەوە و کەمێك نان بخۆم".

زنجەکەش پشتی کردە دارەکان و ڕووی کردە ماریۆشکا و ئەویش چووە ژوورەوە. لەوێدا بابا ـ یاگای جادووگەر دانیشتبوو کە هەموو لەشی ئێسك بوو و لووتیشی لە دار دەچوو. بابا ـ یاگا ماریۆشکای بینی و وتی:"ئای خوێنی ڕووس، هەرگیز لەوەوپێش نەمدیبوو، بەڵام ئێستا لەبەر دەرگاکەمدا بۆنی دەکەم. تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟".

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ــ داپیرە بە دوای هەڵۆدا وێڵم.

ــ ئەی سەردانی خوشکەکەمت کرد؟

ــ بەڵێ، داپیرەی خۆشەویست.

ــ زۆرباشە، کچە جوانەکەم من یارمەتیت دەدەم. ئەم دەرزییە زێڕ و چوارچێوە زیوەت دەدەمێ. دەرزییەکە خۆی هەموو کارێك دەکات و چنینی قەیفەی سوور دەکات بە زێڕ و زیو. ئەوانیش ئارەزوو دەکەن کە پێیان بفرۆشیت، تۆش مەیفرۆشە، بەڵکو داوایان

لێبکە ڕێت پێبدەن هەڵۆ ببینیت.

ماریۆشکاش سوپاسی بابا ـ یاگای کرد و ڕۆیشت بەڕێی خۆیەوە. لەناو دارستانەکەدا بوو بە هەورەگرمە و هەورە برووسکە و لوورەلوور و کەللەسەرەکانی سەر پەرژینەکان بە شێوەیەکی سەیر دەدەرەوشانەوە.

ماریۆشکا بەجارێ زەندەقی چوو و لە ناکاوێکدا تەماشای کرد سەگێك بەڕاکردن بەرەوڕووی دێت، سەگەکە پێی وت: "وەو، وەو، ماریۆشکای ئازیز مەترسە، لە پێشتەوە شتی خراپتر هەیە، بەڵام دەبێت بەردەوام بیت لە سەر ڕۆیشتن و هەرگیز ئاوڕ نەدەیتەوە". سەگەکە ئەم قسانەی کرد و لە چاو ونبوو.

ماریۆشکا بەردەوام بوو لە سەر ڕۆیشتن، بەڵام دارستانەکە تا دەهات تاریکتر دەبوو، دارودرەخت و دڕکوداڵ قاچیان دەڕووشاند و جلەکانیان دەگرت. بەڵام ئەم هەر دەڕۆیشت و ئاوڕی نەدەدایەوە. ماوەیەکی زۆر یان کەم ڕۆیشت کەس نازانێت، تا لە کۆتاییدا سێهەم جووتە پێڵاوی ئاسنین و کڵاوە ئاسنینەکەی دڕاند و سێهەم گۆچانیشی شکا.

پاشان ماریۆشکا لە ناو دارستانەکەدا گەیشتە بەتاڵاییەك و لەوێدا زنجێکی بچووکی چاو کرد کە لە سەر قاچی مریشك دروستکرابوو و بە پەرژینێك دەوردرابوو و کەللەسەری ئەسپ لە سەر پەرژینەکە دەدرەوشانەوە. ماریۆشکا وتی: "زنجی بچووك، زنجی بچووك، تکات لێدەکەم پشتت بکەرە دارەکان و ڕووت بکەرە من".ئەوجا زنجەکە پشتی کردە دارەکان و ڕووی کردە ماریۆشکا و ئەویش ڕۆیشتە ژوورەوە. لەوێدا بابا ـ یاگای جادووباز دانیشتبوو کە هەموو لەشی هەر





ئێسك بوو و لووتیشی وەك دار وابوو. بابا ـ یاگا چاوی کەوتە ماریۆشکا و بۆڵاندی: "ئای خوێنی ڕووس! هەرگیز لەوەوپێش نەمدیبوو، بەڵام ئێستا لەبەر دەرگاکەمدا بۆنی دەکەم. تۆ کێیت، لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟".

ئەویش لە وەڵامدا وتی:"داپیرە، بە شوێن هەڵۆدا وێڵم".

بابا ــ یاگاش وتی: "کچە جوانەکەم کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە بیدۆزیتەوە. بەڵام قەیناکە من یارمەتیت دەدەم، ئەم تەشییە زێڕ و زیوەت دەدەمێ، تەشییەکە بە دەستەوە بگرە خۆی دەسووڕێتەوە و داوی زێڕی لێدێتە دەرەوە".

ماریۆشکا وتی: "زۆر سوپاس داپیرە".

بابا ــ یاگاش وتی: "سوپاسەکانت هەڵگرە بۆ دوایی، ئێستا گوێم لێبگرە. دەیانەوێت لێت بکڕن، بەڵام مەیفرۆشە، داوایان لێبکە ڕێت پێبدەن هەڵۆ ببینیت".

ماریۆشکاش زۆر سوپاسی بابا ـ یاگای کرد و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت. ناو دارستانەکە بوو بە هاتوهاوار و دەنگەدەنگ و فیکەفیك، کوندەپەپووەکان دەسووڕانەوە و مشکەکان لە کونەکانیان هاتنە دەرەوە و بەرەوڕووی ماریۆشکا ڕایانکرد. لە ناکاوێکدا گورگێکی بۆر دەرکەوت کە بە ڕاکردن بەرەوڕووی دەهات و وتی: "ماریۆشکا هیچ مەترسە، سواری پشتم بە و هەرگیز ئاوڕ لە دوای خۆت نەدەیتەوە".ئەوجا ماریۆشکا سواری پشتی گورگەکە بوو و لە چاوترووکانێکدا بۆیدەرچوون. دەشت و سارای بەرفراوانیان تێپەڕاند و

لە ڕووبارە هەنگوینیەکان ولە ڕۆخەکانیان پەڕینەوە و بە سەر ئەو چیایانەدا سەردەکەوتن کە لووتیان لە هەور دابوو. گورگەکە ماریۆشکای بە سەر پشتەوە بوو و بەردەوام بوو لە سەر ڕاکردن تا گەیشتنە کۆشکێکی کریستاڵ کە دەرگا و پەنجەرەکانی نەخشێنرابوون.

لەو کاتەدا شاژن خۆی لە بەر پەنجەرەکەدا وەستابوو تەماشای دەرەوەی دەکرد. گورگەکە وتی: "ماریۆشکا ئەوە گەیشتین، دابەزە خوارەوە و برۆ داوایان لێبکە لە کۆشکدا بتکەن بە خزمەتکار".

ماریۆشکا دابەزی و توورەکەکەی لەگەڵ خۆی برد و سوپاسی گورگەکەی کرد و ئەوجا چووە ناو کۆشکەکەوە بۆ لای شاژن سەرکەوت وخۆی بۆ نووشتاندەوە و پێی وت:

ـ "داوای لێبووردنت لێدەکەم ناوت نازانم، ئاخۆ پێویستتان بە کارەکەر هەیە؟".

ـ بەڵێ، پێویستم پێیەتی، ماوەیەکی زۆرە بەدوایدا دەگەڕێم، بەڵام دەبێت ئەو کارەکەرە توانای تەشی ڕستن و نەخشچنینی هەبێت.

ـ من دەتوانم هەموو ئەو کارانە بکەم.

ـ زۆر باشە هەر ئێستا دەستبەکاربە.

بەوجۆرە ماریۆشکا بوو بە کارەکەر و ڕۆژ تا ئێوارە کاری دەکرد، کاتێ کە شەو دادەهات هێلکە زێڕەکە و قاپە زیوەکەی دەردەهێنا و دەیوت: "هێلکەی زێڕ لە سەر قاپی زیو بخولێرەوە، هەڵۆی خۆشەویستم پیشان بدە". هێلکەی زێڕ دەستی دەکرد بە سووڕانەوە لە سەر قاپە زیوەکە و





پاشان لە سەر هێلکەکە هەڵۆکە دەرکەوت.

ماریۆشکاش تەماشای دەکرد و لێی ورد دەبووەوە و فرمێسکی هەڵدەڕشت و دەیوت: "هۆ هەڵۆ.. هەڵۆکەم، بۆچی منی هەژارت بەجێهێشت، تا بە بێ تۆ فرمێسك بڕێژم؟". شاژن لە سەرەوە گوێی لێبوو پێی وت:

ـ "ماریۆشکا ئەو هێلکە زێڕ و قاپە زیوەتم پێبفرۆشە".

ـ " نەخێر نایفرۆشم، بەڵام بەخۆڕایی دەتدەمێ ئەگەر ڕێم پێبدەیت هەڵۆ ببینم".

شاژن بۆ ماوەیەك بیری کردەوە و پاشان وتی: "زۆر باشە باوابێت، شەو کە خەوی لێکەوت ڕێگەت دەدەم بیبینیت".

ئەوجا کە شەو داهات ماریۆشکا چووە ژوورەکەی و چاوی بە هەڵۆکە کەوت. خۆشەویستەکەی خەوی لێکەوتبوو ئەویش نەیدەتوانی بەئاگای بێنێتەوە. ماریۆشکا هەر دەیڕوانی و تێری نەدەخوارد لە تەماشاکردنی، پاشان ماچی لێوە شیرینە شەکرینەکانی کرد و باوەشی پێدا کرد، بەڵام ئەو هەر خەوتبوو و بەئاگا نەدەهات و تا ڕۆژ بۆوە ماریۆشکا نەیتوانی خەبەری بکاتەوە. بە درێژایی ئەو ڕۆژە ماریۆشکا جەنجاڵی ئیش و کار بوو و لە ئێوارەدا چوارچێوە زیوەکە و دەرزییە زێڕەکەی دەرهێنا. لەوێدا دانیشت و دەستی کرد بە دروومان و وتی: "دەستەسڕە بچووکەکە، ڕەنگاوڕەنگ بە، با هەڵۆی خۆشەویست شتێك هەبێت لە بەیانیدا دەموچاوی پێبسڕێت".

شاژن لە سەرەوە گوێی لێبوو و پێی وت:

ــ " ماریۆشکا، ئەو چوارچێوە زیو و دەرزییە زێڕەتم پێبفرۆشە".

ــ "نەخێر نایفرۆشم، بەڵام بەخۆڕایی دەتدەمێ ئەگەر ڕێم پێبدەیت هەڵۆ ببینم".

شاژن بۆ ماوەیەك بیری کردەوە و وتی: "زۆرباشە، دەتوانی شەو بێیت بۆ لای".

کە شەو داهات ماریۆشکا چوو بۆ ژوورەکەی و تەماشای کرد هەڵۆکە خەوی لێکەوتبوو وتی: "هەڵۆکەم، هەڵۆ ئازا و جوانەکەم لەخەو هەڵسە". بەڵام هەڵۆکە وا خەوی لێکەوتبوو ماریۆشکا هەرچەندی کرد نەیتوانی بەئاگای بێنێتەوە. پاشان کە ڕۆژ بووەوە ماریۆشکا دەستی کردەوە بە کارکردن، سەرکە تەشییە زیوەکە و تەشییە زێڕەکەی دەرهێنا، شاژن چاوی بەمە کەوت وداوای لێ کرد کە پێی بفرۆشێت، بەڵام ماریۆشکا وتی:" نەخێر نایانفرۆشم، بەڵام بە خۆڕایی دەتدەمێ ئەگەر ڕێم بدەیت هەڵۆ ببینم". ئەویش وتی:

ــ "زۆرباشە".

ئەوجا لە دڵی خۆیدا وتی: "بەهەرشێوەیەك بێت ناتوانێت بە ئاگای بێنێت". شەو داهات و ماریۆشکا چوو بۆ ژوورەکەی بەڵام دیسانەوە هەڵۆ لەخەودا بوو، ماریۆشکا وتی:"هەڵۆکەم، هەڵۆ جوان و ئازاکەم، هەڵسە لەخەو"، بەڵام هەڵۆ هەر بەخەبەر نەدەهات. ماریۆشکا زۆری هەوڵدا بەئاگای بهێنێت، سوودی نەبوو. فرەی پێنەچوو ڕۆژ بووەوە. ئەوجا دەستی کرد بە گریان و وتی:"هەڵۆ، هەڵۆی خۆشەویستم، ئازیزەکەم، هەستە چاوەکانت بکەرەوە و تەماشای ماریۆشکای خۆت





بکە و توند بینووسێنە بە سینگتەوە!". لێرەدا فرمێسکە گەرمەکانی ماریۆشکا کەوتنە سەر شانی هەڵۆ و سووتاندی. هەڵۆ ڕاپەڕی و چاوەکانی هەڵبڕی و ماریۆشکای بینی. ئەوجا باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد: "ماریۆشکا ئەمە تۆی؟ واتە تۆ سێ جووت پێڵاوی ئاسن و سێ کڵاوی ئاسنت دڕاندووە و سێ گۆچانت شکاندووە؟ چیتر مەگری، هەر ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە".

ئەوجا خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام شاژن چاوی پێیان کەوت وتەپڵی کوتان هەواڵی بێئەمەکیی شازادەدەی لە وڵاتدا بڵاوکردەوە.

بەو شێوەیە شازادە و بازرگانەکانی وڵاتەکەی هاتن و کۆبوونەوە و کۆنگرەیان بەست بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە چۆن سزای هەڵۆ بدەن. هەڵۆش هەڵسایە سەرپێ و وتی: "بە بۆچوونی ئێوە کامەیان ژنی ڕاستەقینەمە، ئەوەیان کە بە هەموو دڵێکەوە خۆشی دەوێم، یاخود ئەوەیان کە دەمفرۆشێت و فریوم دەدات؟". بەڵام هەر هەموویان لە سەر ئەوە کۆك بوون کە ماریۆشکا ژنی ڕاستەقینەیە.

پاشان گەڕانەوە بۆ خاك و مەملەکەتی خۆیان و لەوێ ئاهەنگێکی هێند گەورەیان گێڕا، کە تا ئەمڕۆش لە بیر نەکراوە. لە ئاهەنگەکەدا گوللە تۆپ تەقێنران و دەهۆڵ وزوڕنا جۆشیدابوو. لەو ڕۆژەوە ئیتر بە خۆشی و خۆشەویستی ژیانیان بردە سەر و ساڵ بە ساڵ دەوڵەمەندتر دەبوون.

# خوشکە ئیلیۆنوشکا و برا ئیڤانوشکا

هەبوو نەبوو پیاوێکی پیر و ژنەکەی هەبوون، کچێکیان هەبوو ناوی ئیلیۆنوشکا بوو کوڕەکەشیان ناوی ئیڤانۆشکا بوو. پیرە شازادە و ژنەکەی مردن و ئیلیۆنوشکا دەستی بە کارکردن کرد و برا بچووکەکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد. ڕێگەیەکە زۆر دووورودرێژیان لە پێش بوو، هەروەها کێڵگەیەکی فراوانیش، پاش ئەوەی ماوەیەك بەڕێوە بوون، ئیڤانۆشکا تینوێتی زۆری بۆ هێنا و وتی: "خوشکە ئیلیۆنوشکا، تینوومە". خوشکەکەشی وتی:"برا بچووکەکەم، ئارام بگرە، پاش کەمێکی تر دەگەینە بیرێك".

بەمجۆرە بەردەوام ڕێیاندەکرد، خۆرەکەش لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە و ئەوانیش ئەوەندە گەرمایان بوو بەجارێ شکەت بووبوون. پاشان گەیشتنە سمی مانگایەك کە پڕ بوو لە ئاو، ئیڤانۆشکا وتی: "خوشکە ئیلیۆنوشکا دەتوانم لە ئاوی ناو سمەکە بخۆمەوە؟"، خوشکەکەشی وتی:"نەخێر برا بچووکەکەم، ئەگەر ئەو ئاوە بخۆیتەوە، دەبیت بە گوێرەکە". ئیڤانۆشکاش بە قسەی خوشکەکەی کرد و ئاوەکەی نەخواردەوە.

پاشان کەمێکی تر ڕۆیشتن، خۆرەکە لە ئاسماندا ئەوەندە گەرم بوو بە جۆرێك کە بە تەواوی دڵتەنگ و نیگەرانی کردبوون.

پاشان گەیشتنە سمی ئەسپێك کە پڕ بوو لە ئاو، ئیڤانۆشکا وتی:





"خوشکە ئیلیۆنوشکا، دەتوانم لە ئاوی ناو سمەکە بخۆمەوە؟". ئەویش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر برا بچووکەکەم، ئەگەر لەو ئاوە بخۆیتەوە، ئەوا دەبیت بە نۆما ئەسپ". ئیڤانۆشکا سەری بۆ دانەواند و دووبارە کەوتنەڕێ. هەر بەردەوام بوون لە سەر ڕۆیشتن، خۆرەکە لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە و هەواکەش ئەوەندە گەرم بوو خەریکبوو لە تاوا دەخنکان. پاشان گەیشتنە سمی ئەسپێك کە پڕ بوو لە ئاو، ئیڤانۆشکا وتی:"خوشکە ئیلیۆنوشکا وا لە تینواندا دەمرم، دەتوانم لە ئاوی ناو سمەکە بخۆمەوە؟". ئەویش لە وەڵامدا وتی:"نەخێربرا بچووکەکەم، ئەگەر لەو ئاوە بخۆیتەوە دەبیت بە کار". بەڵام ئیڤانۆشکا گوێی بە قسەی خوشکەکەی نەدا و کەوتە خواردنەوەی ئاوی ناو سمەکە و دەسبەجێ بوو بە بزنێکی سپیی بچووك و بەڕاکردن بەرەوڕووی ئیلیۆنوشکا هات.

ئیلیۆنوشکا دەستی کرد بە گریان و لە سەر زەویەکە لە تەنیشت کۆمەڵە کایەکەوە دانیشت و بزنە بچووکەکەش بە چواردەوریدا دەسووڕایەوە و یاریی دەکرد. لەوکاتەدا بازرگانێك بەوێدا تێپەڕی و پرسیاری کرد:"کچی جوان، ئەوە بۆچی دەگریت؟". ئیلیۆنوشکاش تەواوی کێشە و گرفتەکانی خۆیی بۆ گێڕایەوە. بازرگانەکەش وتی:"کچی جوان، شووم پێبکە، کراسی زێڕ و زیوت بۆ دەکەم و با بزنە بچووکەکەش لەگەڵ ئێمەدا بژی".

ئیلیۆنوشکا بۆ ماوەیەك بیری لێکردەوە و پاشان ڕازیبوو کە شوو بە بازرگانەکە بکات. بەمجۆرە هەردوکیان پێکەوە بە خۆشی دەژیان و بزنە

بچووکیشیان لەگەڵ دەژیا و خۆراك و ئاوی لە هەمان قاپی ئیلیۆنوشکادا دەخوارد.

ڕۆژێکیان بازرگانەکە لە ماڵەوە دەرچووبوو، لە ناکاوێکدا جادووگەرێك پەیدابوو، کەس نەیدەزانی لە کوێوە هاتووە، لە ژێر پەنجەرەکەی ئیلیۆنوشکادا وەستا و بە نەرم و نیانی کەوتە تکاکردن لە ئیلیۆنوشکا بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بچێت بۆ ڕووبارەکە خۆی بشوات.

ئیلیۆنوشکاش دوای جادووگەرەکە کەوت بۆ ڕووبارەکە و هەر کە گەیشتنە ئەوێ، جادووگەر بەردێکی بەست بە ملی ئیلیۆنوشکاوە و فڕێیدایە ناو ئاوەکەوە و ئەوجا خۆی بردە شێوەی ئیلیۆنوشکاوە و کەلوپەلەکانی لەبەرکرد و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و کەس نەیدەزانی کە ئەمە ئیلیۆنوشکا نیە بەڵکو جادووگەرێکە. وەختێ بازرگانیش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە درکی پێنەکرد و تەنها بزنە بچووکەکە بەسەرهاتەکەی دەزانی. بۆیە هەمیشە سەری داخستبوو نە نانی دەخوارد و نە ئاو. بەیانیان و ئێواران هەرگیز سەر ڕووبارەکەی بەرنەدەدا و لە قەراخ ئاوەکە دەوەستا و هاواری دەکرد:"خوشکەکەم، خوشکە ئیلیۆنوشکای ئازیزم، بە مەلەوانی لە ئاوەکە وەرە دەرەوە بۆ لام".

جادووگەرەکە بەمەی زانی و داوای لە شازادە کرد بزنە بچووك بکوژن. بازرگان زۆری پێناخۆش بوو چونکە لەگەڵی ڕاهاتبوو، بەڵام جادووگەر وازی نەهێنا و پێی لێداگرت و ئەمیش وتی:"باشە، تۆ سەری ببڕە". ئەوجا جادووگەر خێرا ئاگری کردەوە و مەنجەڵێك ئاوی گەرم کرد و چەقۆ گەورەکەی تیژ کرد. بزنە بچووك زانی دەیانەوێت بیکوژن بە





بازرگانەکەی وت:"با بڕۆم بۆ سەر ڕووبارەکە و پێش ئەوەی کە بمرم بۆ دواجار ئاو بخۆمەوە".

بازرگانیش وتی:

ـ باشە بڕۆ.

بزنە بچووکیش خێرا ڕایکرد بۆ سەر ڕووبارەکە و بە داماوی دەگریا و دەیوت:

"خوشکەکەم، خوشکە ئیلیۆنوشکای ئازیزم
بە مەلەوانی وەرە دەرەوە بۆ لام
ئاگر دەسووتێت و مەنجەڵ دەکوڵێت
چەقۆکان تیژدەکرێن و
منیش دەمرم".

ئیلیۆنوشکاش لە نێو ڕووبارەکەوە وەڵامی دەدایەوە و دەیوت:

"نائوومی برا، ئیڤانۆشکا برا ئازیزەکەم
بەردێکی گران لە سەر شانمە
ڕووەکە ئاوییەکان لە قاچم ئاڵاون
لمە زەردەکان بە توندی کەوتوونەتە سەر سنگم".

پاشان جادووگەرەکە کەوتە گەڕان بەدوای بزنەکەدا بەڵام نەیتوانی بیدۆزێتەوە ئەوجا خزمەتکارێکی بانگ کرد و پێی وت:"بڕۆ بزنەکەبدۆزەرەوە و بۆم بێنە". خزمەتکارەکە چوو بۆ سەر ڕووبارەکە و ڕوانی بزنە بچووك هەڵدەبەزێتەوە و بە کەساسییەوە هاوار دەکات و دەڵێت:

"خوشکەکەم، خوشکە ئیلیۆنوشکای ئازیزم
بە مەلەوانی وەرە دەرەوە بۆ لام
ئاگر دەسووتێت و مەنجەڵ دەکوڵێت
چەقۆکان تیژ دەکرێن و
منیش دەمرم".

لە ڕووبارەکەشەوە دەنگی یەکێك وەڵامی دەدایەوە و دەیوت:

"نائوومی برا، برا ئیڤانۆشکای ئازیزم
بەردێکی گران لە سەر شانمە
ڕووەکە ئاوییەکان لە قاچم ئاڵاون
لمە زەردەکان بە توندی کەوتوونەتە سەر سنگم".

خزمەتکارەکە ڕایکردە ماڵەوە و تەواوی ئەوەی کە بینی و بیستی بۆ بازرگانەکەی گێڕایەوە. بازرگانیش کۆمەڵێ خەڵکی کۆکردەوە و چوون بۆ سەر ڕووبارەکە و تۆڕێکی ئاوریشمیان ئامادە کرد و ئیلیۆنوشکایان دەرهێنایە دەرەوە و بەردەکەیان لە ملی کردەوە و لە ئاوی کانیدا شۆردیان و جلوبەرگی شەوقداریان لەبەرکرد. ئیلیۆنوشکاش ژیانی بە بەردا هاتەوە و لە جاران جوانتر بوو.

بزنە بچووکەکەش لە خۆشیدا هار بووبوو پاشان بە سێ شێوە گۆڕا و ئەوجا دووبارە شێوەی ئاسایی خۆی وەرگرتەوە.

جادووگەرە بەدفەساڵەکەش بەسترا بە کلکی ئەسپێکەوە و ئەسپەکە لە ناو کێڵگەیەکی بەرفراواندا تاودرا.





# ئەســــپە بـــــۆر

هەبوو نەبوو پیرەمێردێك سێ کوڕی هەبوو، دوو کوڕە گەورەکەی گەنج و قەشەنگ بوون و حەزیان بە پۆشتە و پەرداخی دەکرد. بەڵام بچووکەکەیان، کە ناوی ئیڤان بوو زۆر گەمژە بوو هیچ شتێکی لەوەی ئەوانی نەبوو. زۆربەی کاتی لە ماڵەوە بەسەردەبرد و لە باخەکەدا دادەنیشت و تەنها بۆ قارچك کۆکردنەوە لە ناو دارستانەکە دەچووە دەرەوە. کاتێك کە پیرە چووە ساڵەوە و هەستی کرد وا مردن لێی نزیکبووەتەوە، هەرسێ کوڕەکەی بانگکردە لای خۆی و پێی وتن:"کە مردم، دەبێت بۆ سێ شەو بێنە سەر گۆڕەکەم و نانم بۆ بێنن بیخۆم".

پاشان پیرە مرد و ناشتیان و ئەو شەوە نۆرەی کوڕی گەورە بوو کە بچێت بۆ سەر گۆڕەکەی. بەڵام تەمەڵی دەکرد کە بڕوات یان با بڵێین دەترسا بڕوات، لەبەرئەوە بە ئیڤانی گەمژەی وت:"ئەگەر تەنها ئەمشەو لە جیاتی من بچیت بۆ سەر گۆڕی باوکمان، ئەوا کێکێکی هەنگوینیت بۆ دەکڕم".

ئیڤان دەسبەجێ ڕازی بوو، هەندێك نانی برد و چوو بۆ سەر گۆڕەکەی باوکی. لە تەنیشت گۆڕەکەوە دانیشت و چاوەڕێی کرد بزانێت چی ڕوودەدات. لە نیوەشەودا زەوی قڵیشا و باوکی پیری لە گۆڕەکە ڕاستبووە و وتی:"ئەوە کێ لێرەیە؟ ئەوە تۆی یەکەم کوڕم؟ پێم بڵێ بارودۆخی وڵات چۆنە؟ ئاخۆ سەگەکان دەوەڕن، گورگەکان دەلوورێنن و

مندالّ دەگرین؟".

ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی:"ئەوە منم بابە، کوڕەکەتم. وڵات خامۆش و بێدەنگە".

باوکەکە ئەو نانەی خوارد کە ئیڤان بۆی هێنابوو، ئەوجا لە گۆڕەکەیدا ڕاکشایەوە. ئیڤانیش گەڕایەوە بۆ ماڵ و بە دەم ڕێگاوە قارچکی کۆدەکردەوە. هەر کە گەیشتە ماڵەوە، برا گەورەکەی لێی پرسی:

– باوکمت بینی؟

– بەڵێ بینیم.

– ئەی نانەکەی کە بۆت برد خواردی؟

– بەڵێ تا تێر بووخواردی.

ڕۆژی دواتر نۆرەی کوڕی دووەم هات کە بچێت بۆ سەر گۆڕەکە. ئەمیش تەمەڵی کرد یاخود دەترسا لەبەرئەوە بە ئیڤانی وت:"ئیڤان، ئەگەر لە جیاتی من بچیت، ئەوا جووتێك پێڵاوی ئاسنینت بۆ دروست دەکەم".

ئیڤانیش وتی:"زۆرباشە، من دەچم".

بەم جۆرە توێشەبەرەیەك نانی برد و چوو بۆ سەر گۆڕی باوکی و دانیشت چاوەڕێی کرد. لە نیوەشەودا زەوییەکە بوو بە دوو کەرتەوە و باوکی پیری لە گۆڕەکە ڕاستبووە و وتی:"ئەوە کێ لێرەیە؟ ئەوە تۆی دووەم کورم؟ پێم بڵێ بارودۆخی وڵات چۆنە؟ سەگەکان دەوەڕن؟ گورگەکان دەلوورێنن یان منداڵەکان دەگرین؟".

ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی:"بابە ئەوە منم، کوڕەکەتم، هەموو شتێك بێدەنگ و خامۆشە لە وڵاتدا". پاشان باوکەکە ئەو نانەی خوارد کە





ئیڤان بۆی هێنابوو و دیسانەوە لە گۆڕەکەیدا ڕاکشایەوە.

ئیڤانیش گەڕایەوە بۆ ماڵ و بە دەم ڕێگاوە قارچکی کۆدەکردەوە. کە گەیشتەوە ماڵەوە برای ناوەنجی لێی پرسی:"باوکمان نانەکەی خوارد ؟".ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی: "بەڵێ، تا تێر بوو خواردی".

شەوی سێهەم نۆرەی ئیڤان هات کە بچێت بۆ سەر گۆڕەکە و بە براکانی وت: "ئەوە دوو شەوە من دەچم بۆ سەر گۆڕی باوکمان، ئەوجا نۆرەی ئێوەیە بچن و منیش لە ماڵەوە دەمێنمەوە و پشوو دەدەم".

براکانی لە وەڵامدا وتیان:"نەخێر ئیڤان، دەبێت ئەمجارەشیان هەر تۆ بڕۆیتەوە، چونکە ڕاهاتوویت و ترست شکاوە". ئیڤانیش ڕازی بوو وتی:"زۆرباشە من دەچم". ئەوجا هەندێك نانی برد و چوو بۆ سەر گۆڕەکە، لە نیوەشەودا زەوییەکە بوو بە دوو کەرتەوەو باوکی پیری لە گۆڕەکە هاتە دەرەوە و وتی:"ئەوە کێ لێرەیە؟ ئەوە تۆی ئیڤان، کوڕی سێهەمم، پێم بڵێ بارودۆخی وڵات چۆنە؟ سەگەکان دەوەڕن، گورگەکان دەلوورێنن، منداڵەکان دەگرین؟".

ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی:"بابە ئیڤانی کوڕتم، هەموو شتێك بێدەنگ وخامۆشە لە وڵاتدا". پاشان باوکەکە نانەکەی لە ئیڤان وەرگرت و خواردی و ئەوجا پێی وت:"ئیڤان، تۆ تەنها کەسی کە پابەندی فەرمانەکانم بوویت، نەترسایت و ئەوە سێ شەوە دێیتە سەر گۆڕم. ئێستاش بچۆرە ناو کێڵگە بەرینەکان و هاوار بکە ئەسپە بۆر گوێ بگرە و فەرمان بەجێبێنە، بانگت دەکەم بۆ ئەوەی بمریت یان کار بکەیت! کاتێك کە ئەسپەکە هاتە بەردەستت بچۆ ناو گوێچکەی ڕاستی و لە

گوێچکەی چەپەوە وەرە دەرەوە و بەمە دەبیتە کوڕێکی گەنج و قۆز. پاشان ئەسپەکە بدەرە پێش خۆت و بۆ کوێ دەچیت بچۆ".

ئیڤانیش جڵەوی ئەسپەکەی گرت کە باوکی پێی بەخشی و وە پێش خۆی دا و سوپاسی کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ و بە دەم ڕێگاوە قارچکی کۆدەکردەوە. کە گەیشتە ماڵەوە براکانی لێیان پرسی:

ـ ئیڤان چاوت بە باوکمان کەوت؟.

ـ بەڵێ چاوم پێی کەوت.

ـ ئەی نانەی کە بۆت برد خواردی؟

ـ بەڵێ، هەتا تێری خوارد، خواردی پاشان داوای لێکردم کە چیتر نەچم بۆ سەر گۆڕەکەی.

لەم کاتەدا، پاشا جاڕی دابوو بە سەرانسەری وڵاتدا کە هەموو ئەو کوڕە قۆز و قەشەنگانەی ژنیان نەهێناوە، لە کۆشك کۆ ببنەوە. کچی نازداری پاشاش دوانزە ڕیز و دوانزە ستوونی داربەڕووی ڕێکخستبوو بۆ ئەوەی وەك شوێنێکی بەرز لە سەری دابنیشێت و ئەو کەسانە ببینێت کە بە سواری ئەسپەکانیان بەرز خۆ هەڵدەدەن تا بتوانن ماچێکی لێوی کچی پاشا بکەن و لە پێشبڕکێکەدا بیبەنەوە. هەر کەسێکیش گرەوەکە بباتەوە ئەوا پاشا کچەکەی خۆی پێشکەش دەکات و نیوەی مەملەکەتەکەی پێدەبەخشێت.کاتێ هەواڵەکە بەرگوێی براکانی ئیڤان کەوت، خۆیان ئامادە کرد بچن بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە.

بۆ ئەو کارەش ئالیکی باشیان دا بە ئەسپەکانیان و لە تەویلەکانی خۆیان دەریانهێنان و پرچە لوول و ئاڵۆسکاوەکانیان بۆ دادەهێنان.





ئیڤانیش کە دانیشتبوو لە لای پەڕەوە پێی وتن: "براکانم، بمبەن لەگەڵ خۆتان و ڕێگەم بدەن منیش بەختی خۆم تاقی بکەمەوە". ئەوانیش وتیان:" تۆیەکی گەوج و بڵح ئەگەر لەگەڵماندا بێیت گاڵتەمان پێدەکەن، باشتر وایە بڕۆیت قارچکی خۆت بچنیتەوە لە دارستانەکەدا".

براکان ئەسپەکانیان ئامادەکرد و شەبقەکانیان لە سەرکرد و دایانە غار و بۆیدەرچوون و کردیانە تەپوتۆزێك چاو چاوی نەدەبینی. ئیڤانیش جڵەوی ئەو ئەسپەی گرت کە باوکی پێی بەخشیبوو و ڕوویکردە کێڵگە بەرینەکان و هەروەکو چۆن باوکی پێی وتبوو هاواری کرد: "ئەسپە بۆر گوێ بگرە و فەرمان بەجێبێنە، بانگت دەکەم بۆ ئەوەی کە بمریت یان کار بکەیت" کاتێ کە ئەسپەکە دەرکەوت و بەرەوڕووی ئیڤان هات، زەویی لە ژێر پێیدا دەلەرزی و لە کونەلووتیەوە گڕ دەردەچوو، هەور و دووکەڵیش لە گوێچکەکانیەوە بەرز دەبووەوە. ئەسپەکە بەرەوڕووی ئیڤان هات و وتی:"داواکاریت چییە ئیڤان؟".

ئیڤانیش ملی ئەسپەکەی گرت وجڵەوی گرتە دەست وخۆی بازدایە گوێچکەی ڕاستی و لە گوێچکەی چەپیەوە هاتە دەرەوە و بوو بە کوڕێکی قۆز، ئەوەندە جوان بوو لە ڕووی ئاسمان دەچوو لە دەمی بەرەبەیاندا. پاشان چووە سەر پشتی ئەسپە بۆر و کلکی لێهەڵبڕی و دایە غاردان و شاخ و دۆڵ و شیوی تەی کرد و لە چاوترووکانێکدا گەیشتنە کۆشکی پاشا.

کە ئیڤان گەیشتە ئەوێ، کۆشك زۆر قەرەباڵغ بوو و جمەی دەهات لە خەڵکدا. لەوێ دوانزە ڕیز و دوانزە کۆڵەکەی داربەڕووی لێدانرابوو لە

بەردەم پەنجەرەیەکی بەرزی ژووری کچی پاشادا و خۆیشی لەوێ دانیشتبوو.

پاشا هاتە شوێنێکی بەرز و وتی:"کێ لە ناو ئێوەدا، توانی بە ئەسپەکەی بازێکی بەرز بدات و ماچێکی لێوی کچەکەم بکات، منیش کچەکەمی پێشکەش دەکەم و نیوەی مەملەکەتەکەمی پێدەبەخشم".

ئەوانەی لە پێشبڕکێکەدا بوون یەك لە دوای یەك ڕێگەیان گرتەبەر و قەڵەمبازی بەرزیان دەدا، بەڵام کەسیان نەیانتوانی بگەنە کچە و نوشوستییان هێنا. دوو براکەی ئیڤانیش خۆیان تاقیکردەوە و بەختیان نەیهێنا.

کاتێ کە سەرەی ئیڤان هات، ئەسپەکەی غاردا و بەرز بوونەوە و دوو جار بە بەرزیی داربەڕووەکە بەرز بووەوە. دووەم جار هاتەوە و یەکجار بەرز بووەوە. یەك دەرفەتی تریشی ماوە و ئەسپە بۆر بە چواردەوری خۆیدا خولایەوە و کردی بە تەپوتۆز لەو ناوەدا و گەیشتە پەنجەرەکەی کچی پاشا و ماچێکی لە لێوی شیرینی کچە کرد. لێرەدا کچی پاشاش نیشانەیەکی بە ناوچەوانی ئیڤانەوە بەجێهێشت.

خەڵکەکەش دەستیان کرد بە هەرا: "ئەو کوڕە بگرن، بیوەستێنن!"

بەڵام ئیڤان لەگەڵ ئەسپەکەیدا لە ناو هەور و تۆزدا ونبوون و غاریاندا بەرەو کێڵگەی بەرین و ئیڤان خۆی خستە گوێی چەپی ئەسپە بۆر و لە گوێی ڕاستیەوە هاتە دەر و دووبارە گەڕایەوە سەر شێوەی جارانی خۆی. پاشان ئەسپە بۆر بە سەربەستی بازیدا و ئیڤانیش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لە سەر ڕێگاکەیدا وەستا و دەستی کرد بە قارچك





کۆکردنەوە. کە گەڕایەوە بۆ ماڵ ناوچەوانی بە پەڕۆیەکی کۆن پێچا و بازیدایە سەر سۆپەکە و وەك جاران لێی پاڵکەوت.

پاشان براکانی گەڕانەوە بۆ ماڵ و دەستیان کرد بە گێڕانەوەی ئەوەی کە بینیبوویان و وتیان: "زۆربوون ئەوانەی کە هاتبوون بۆ پێشبڕکێکە و هەمووشیان قۆز و قەشەنگ بوون، بەڵام یەکێك لەوانە توانی کارەکە ئەنجام بدات و بە ئەسپە ئاگرینەکەی بەرزبووەوە و توانی ماچێکی لێوی کچی پاشا بکات.

ئیڤان کە لە سەر کورسییەك دانیشتبوو لە تەنیشتی دووکەڵکێشەکەوە وتی:"لەوانەیە ئەوە من بووبێتم کە ئێوە بینیبێتتان". براکانیش بە گاڵتەپێکردنەوە وتیان:"بێدەنگ بە گەوجە، تۆ هەر لە سەر سۆپاکە دانیشە و قارچکەکانت بخۆ". ئەوجا ئیڤان ئەو پەڕۆیەی لە سەری خۆی کردەوە کە پێوەی پێچابوو بۆ ئەوەی نیشانەی کچی پاشا دەرنەکەوێت کە وەك ئەڵقەیەك لە نێوچەوانی دابوو. هەر لەو کاتەدا شەوقێکی پرشنگدار لە خانووەکەوە بەرز بووەوە و براکانیش زۆر ترسان و دەستیان کرد بە گریان وتیان:"ئەوە چی دەکەیت گەوجە؟ خانووەکە دەسووتێت".

بۆ ڕۆژی داهاتوو پاشا ئاهەنگێکی گەورەی سازکرد و خەڵکێکی زۆری بانگهێشت کرد بە هەژار و دەوڵەمەند و پیر و گەنجەوە. براکانی ئیڤانیش وەخۆیان کەوتن بۆ ئەوەی بچنە ئاهەنگەکە. ئیڤانیش لێیان پاڕایەوە:"توخوا لەگەڵ خۆتان بمبەن". ئەوانیش بە پێکەنینەوە وەڵامیاندایەوە و وتیان:"چی؟ ئەگەر تۆ لەگەڵمان بێیت خەڵکی

گاڵتەمان پێدەکەن، تۆ هەر بڕۆ لە سەر ئاگردانەکە دانیشە و قارچکەکانت بخۆ". براکانی ئیڤان ئەسپەکانیان تاودا و بەرەوخوار ڕۆیشتن، ئیڤانیش بە پێیان دوایان کەوت و کاتێ گەیشتە کۆشکی پاشا بۆخۆی لە قوژبنێکدا کوروشکەی کرد. کچە نازداری پاشا هاتە ژوورەوە و کەوتە گەڕان بە سەر میوانەکاندا و بۆ هەر یەکێکیان پەرداخێك شەرابی پێشکەش کرد و سەیری ناوچەوانی هەر هەموویانی کرد بۆ ئەوەی نیشانەکەی خۆی ببینێت. کاتێ کە هاتە سەر ئیڤان دڵی داخورپا و پەلەپەلی دەکرد، ئیڤانیش ڕەنگی هەڵبزڕکابوو و سەر و قژیشی ئاڵۆسکابوو.

کچە نازداری پاشا ڕووی دەمی تێکرد و وتی:"تۆ کێی؟ لە کوێوە هاتووی؟ بۆچی ناوچەوانت بەو پەڕۆ شڕە پێچاوە؟". ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی:"خۆم واملێکردووە و ئازارم داوە". کچی پاشاش پەڕۆکەی لە ناوچەوانی ئیڤان کردەوە و لەو کاتەدا شەوقێکی پرشنگدار لە کۆشکەکە بەرزبووەوە و کچی پاشا دەستی کرد بە گریان وتی:"ئەوە نیشانەکەی منە، ئەمەیە کە دەبێ من شووی پێبکەم". پاشا لە ئیڤان هاتە پێش و تەماشایەکی کرد و وتی:"نابێ کچی نازدارم، ئەمە ناتوانێ ببێ بە هاوسەری تۆ، ئەمە ڕوخساری ڕەش داگەڕاوە و کەسێکی زۆر لاتە". ئیڤانیش بە پاشای وت:"ڕێم بدە با دەموچاوم بشۆم". پاشاش ڕێی دا کە بڕوات دەموچاوی بشوات. ئەوجا ئیڤان چووە دەرەوە بۆ باخچەی کۆشك و بە پێی ئامۆژگاریی باوکی بە دەنگێکی بەرز هاواری





کرد: "ئەسپە بۆر گوێ بگرە و فەرمان بەجێبێنە، بانگت دەکەم بۆ ئەوەی کە بمریت یان کار بکەیت".

ئەسپە بۆریش بەغاردان بەرەوڕووی هات و زەویی لەژێر پێیدا دەلەرییەوە و لە کونە لووتیەوە گڕ دەردەچوو و هەور و دووکەڵ لە گوێچکەکانیەوە بەرزدەبووەوە. خۆی بازدایە گوێی ڕاستی و لە گوێی چەپیەوە هاتە دەرەوە، ئیڤان بوو بەو کوڕە گەنجەی کە ئەوەندە جوان بوو لە ڕووی ئاسمان دەچوو لە کاتی بەرەبەیاندا. هەموو خەڵکە بانگهێشتکراوەکە کاتێ ئیڤانیان بینی بەجارێ سەرسام بوون و واقیان وڕما. ئیتر لەو کاتە بەدواوە ئیڤان بوو بە هاوسەری کچی پاشا و زەماوەندێکی گەورەیان بۆ سازدا و هەموو بە خۆشحاڵییەوە تیایدا بەشدار بوون.

# باوکە بەستەڵەك

لە سەروەخت و زەمانێکدا پیاوێکی پیر هەبوو ژنی دووەمی هێنـابووەوە و هەریەکەیان کچێکیان هەبوو. واتـە پیـاوە پیرەکـە کـچێك لـە ژنەکـەی پێشووی و ژنەکەشی کچێکی هەبوو لە مێردێکی تـر. هـەموو کەسـێکیش دەزانـێ کـە خـووی بـاوەژن چـۆنە و ئەگـەر هەڵـە بکـەیت لێتـدەدات و هەروەها ئەگەر شتێکی باشیش بکەیت هەر لێدان دەخۆیت. بـەڵام ئەمـە بۆ کچی باوەژنەکە وانیە، بـەڵکو هەمیـشە پێیـدا هەڵـدەدات کـە کـچێکی زیرەکە و چاوپۆشی لێدەکات هەرچییەك بێت.

کـچی پیاوەکـە هـەموو بەیانییـەك زوو لەخـەو هەڵدەسـتا و خزمـەتی ڕەشەوڵاخی دەکرد و چیلکە و داری دەهێنـا بـۆ ئاگردانەکـە و ئـاوی بـۆ ماڵەوە دەهێنا و ئاگری دەکـردەوە و ماڵەکەشـی سـەرتاپا گسك دەدا و خاوێنی دەکـردەوە. بـەڵام کـچی باوەژنەکـە هەمیـشە خـواردنی خۆشـی دەدرایـە و دەنگـە دەنگـی دەنایـەوە و سەرزەنـشتی کـچی پیاوەکـەی دەکرد.

ڕۆژێکیان باوەژن بیری کردەوە کە کچی پیاوەکەی بکوژێت وبە مێـردەی وت: "ئەم کچەت لەگەڵ خۆت بەرە، من ناتوانم بەخێوی بکەم، بیبـە بـۆ دارستانەکە و لەوێ بەجێیبێڵە".پیرەمێرد کە زانی ناتوانێت هـیچ شـتێك لەگەڵ ژنەکەیدا بکات و ئیستەرەمی کردووە کچەکە بڕوات، بە خـەم و پەژارەیـەکی زۆرەوە ئەسـپەکەی زیـن کـرد و بـانگی کـچەکەی کـرد و





وتی:"کچە شیرینەکەم بچۆرە ناو گالیسکەکەوە". دنیا زۆر سارد و بەفر و کرێوە بوو، باوکەکە کچەکەی بـرد بـۆ نـاو دارسـتانێك و لـەوێ لـە بـن دارێکی گەورەدا بەجێیهێشت و خۆی ڕۆیشت. بەو سارد و سەرمایە کـچە لە ژێر دارەکەدا کوروشکەی کردبوو. کـچەکە لەناکاوێکدا دەنگـی باوکـە بەستەڵەکی هاتە گوێ کـە درەخـت بـە درەخـت خـشەخش و هاژەهـاژی دەهـات و لـق و پـۆپی دارەکـانی هێنـابووە هەشـۆکە و لـەرزین. باوکـە بەستەڵەك گەیشتە ئەو دارەی کـە کـچەکە لـە بنیـدا هـەڵکورمابوو. پێـی وت:"کچە جوانەکە ئەوە سەرماتە؟". کچەکەش وەڵامـی دایـەوە:"بـەڵێ زۆرم سەرمایە". پیاوەکە خەریکبوو لە سەر دارەکە دەهاتە خوارەوە بۆ لای کـچەکە و دووبـارە لێـی پرسـی:"ئـەوە سـەرماتە کـچە جوانەکـە؟، سەرماتە کچە نازدارەکە؟".

کـچەکەش زۆر دەترسـا و بـە هەناسـەبڕکێ وتـی:"بـەڵێ بـەڵێ زۆرم سەرمایە". پیاوەکـەش وردە وردە لـە دارەکـە دەهاتـە خـوار و لـە بـەر خۆیەوە هاواری دەکرد و دەیوت:"ئەوە سەرماتە کچەکە؟ سەرماتە کچە جوانەکە؟ سەرماتە کچە نازدارەکە؟". کچەکەش خەریك بوو سـڕ دەبـوو زمانیشی بە ئاستەم گۆی دەکـرد بـەڵام هـەردەیوت:"بـەڵێ سـەرمامە". پیـاوە پیرەکـەش دەسـتی هێنـا بـە سـەری کـچەدا و بـە دەسکێـشە فەرووەکانی کەمێك گەرمی کردەوە.

هـەر لـەو کاتەشـدا باوەژنەکـە خـەریکی کێـك کـردن بـوو بـۆ سـازدانی ئاهـەنگێك و بـە شـازادەکەی وت: "بـڕۆ بـۆ دارسـتانەکە و کـچەکەت بهێنەرەوە بۆ ئەوەی بینێـژیت". پیاوەکـەش ڕۆیـشت بـۆ دارسـتانەکە و

چووە ئەو شوێنەی کە کچەکەی لێ بەجێهێشتبوو، کە گەیشتە ئەوێ بینی کچەکەی دانیشتبوو پاڵتۆیەکی فەرووی لەبەردابوو کە لە زێڕ و زیو چنرابوو، لە تەنیشتیشیەوە سەبەتەیەکی پڕ لە دیاریی گرانبەهای لێدانرابوو.

پیاوە پیرەکەش زۆر خۆشحاڵ بوو، کچەکەی خستە ناو گالیسکەکەوە و سەبەتەکەی خستە تەنیشتی و لێیدا ڕۆی بۆ ماڵەوە. باوەژنەکەش هەر خەریکی کێك دروستکردن بوو بۆ ئاهەنگەکەیان، گوێی لە دەنگی سەگە خنجیلە بوو هاواری دەکرد: وەو، وەو، کچی پیرە پیاوەکە دەوڵەمەند و جوان بووە و کچی پیرەژنەکەش ڕەزا گران و ناشیرین. پیرەژنەکەش کێکەکەی بۆ سەگەکەی هەڵدا و وتی:" تۆ هەر لە خۆتەوە قسە مەکە، پێویستە بڵێی: "کچی پیرەژنەکە پێشبڕکێی لە سەر دەکرێت و سەرکەوتوو دەبێت بەڵام کچی پیرە پیاوەکە مردووە و نەماوە".

بەڵام سەگەکە کێکەکەی دەخوارد و دەیوت: "وەو، وەو، کچی پیرە پیاوەکە جوان و قەشەنگ و دەوڵەمەندە، بەڵام کچی پیرەژنەکە ڕەزا گران و ناشیرینە".

باوەژنەکە تا دەهات کێکی زیاتری بۆ سەگەکە هەڵدەدا بەڵام سوودی نەبوو، ناچار دەستی کرد بە لێدانی، چونکە سەگەکە هەر بەردەوام بوو لە سەر ئەوەی کە دەیوت.

لەناکاو دەرگا گەورەکەیان کرایەوە و دەرگاکانی ژوورەوەش کەوتنە سەرپشت و کچی پیرە پیاوەکە دەرکەوت بەخۆی و پاڵتۆ زیو و زێڕەکەیەوە، لە پشتیشیەوە باوکی دەرکەوت کە سەبەتەیەکی پێبوو





پڕبوو لە دیاریی گرانبەها. باوەژنەکەش تەماشای دەکرد و لە حەپەساویدا دەمی داچەقاندبوو و بە پیاوەکەی وت: "بە سواریی ئەسپەکەت کچەکەی منیش ببە بۆ ئەو شوێنەی کە کچەکەی خۆتت بۆ برد". پیاوەکەش بەناچاری کچی باوەژنەکەی خستە ناو گالیسکەکەیەوە و بۆ ئەو شوێنە ڕۆیشت کە کچەکەی خۆی بۆ بردبوو، لەوێ لە ناو بەفر و بەستەڵەکدا، لە ژێر دارە گەورەکەدا بەجێیهێشت و خۆیشی گەڕایەوە بۆ ماڵ.

کچی باوەژنەکە دانیشت و لە سەرما چۆقەی ددانەکانی دەهات. پیاوە پیری دارستانیش لە سەر لقوپۆپی دارەکان دەنگی دەهات و تەماشای کچی باوەژنەکەی دەکرد و وتی:"کچە جوانەکە سەرماتە؟". کچەکەش لە وەڵامدا وتی:" نەخێر، زۆر زۆرم سەرمایە". پیاوە پیرەکەی دارستانیش خەریکبوو دادەبەزییە خوارەوە بۆ لای کچەکە و هەر دەیوت:"کچە جوانەکە سەرماتە؟ سەرماتە کچە نازدارەکە؟". کچەکەش وتی:"نەخێر، هەموو گیانم سڕبووە، بڕۆ لاچۆ لێرە مەمێنە".

پیاوەکە دابەزییە خوارەوە تا گەیشتە لای کچەکە هەر بۆڵەی دەهات و قسەکەی لێ دووبارە کردەوە:"سەرماتە کچە جوانەکە؟ سەرماتە کچە نازدارەکە؟". کچەکەش دەستی کرد بە گریان و وتی: "نەخێر، سەرما بەستوومی، دەردم لێدای پیری دارستان، حەز دەکەم بە ناخی زەویدا بچیت".پیری دارستان زۆر تووڕە بوو بەم قسانەی کچی باوەژنەکە و کچەکەش لە سەرما ڕەقبووەوە و هەر لەوێدا مرد.

بەینێکی پێچوو باوەژن بە مێردەکەی وت: "بڕۆ ئەسپەکەت زین بکە و

کچەکەم بهێنەرەوە بە خۆی و پاڵتۆ زیو و زێڕەکەیەوە". پیاوەش کەوتەڕێ بۆ دارستان و چوو بۆ ئەو شوێنەی کە کچەکەی لێ بەجێهێشتبوو.

سەگە خنجیلەش لەژێر مێزەکەدا هەر هاواری دەکرد:"وەو، وەو، کچی پیاوە پیرەکە بەم نزیکانە ئاهەنگ دەگێڕێت، بەڵام کچی باوەژنەکە لەسەرما ڕەقبووەتەوە و مردووە".

باوەژنەکەش پارچە نانێکی بۆ سەگەکە هەڵدا و وتی:"تۆ هەر لە خۆتەوە قسە مەکە، پێویستە بڵێیت: کچی باوەژن جوان و قەشەنگ و دەوڵەمەندە بەڵام کچی پیاوەکە ڕەزاگران و ناشیرینە". بەڵام سەگەکە هەر لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو و هاواری دەکرد: "وەو، وەو، کچی باوەژنەکە سەرمای بووە و مردووە. لەو کاتەدا دەرگا گەورەکەی ماڵیان کرایەوە و دەرگای ژوورەکانیش کەوتنە سەرپشت، باوەژنەکە ڕایکرد بۆ ئەوەی کچەکەی ببینێت، بەڵام کە تەماشای پشتی گالیسکەکەی کرد و کچەکەی تێدا بینی داپۆشراوە و مردووە، پڕ بە هەموو دنیا دەیقیژاند و دەگریا بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و قیژە و گریان دادی نەدا.





# بڕۆ نازانم لە کوێیە، بیگرە و نازانم چییە

لە سەردەم و زەمانێکی کۆندا، پاشای مەملەکەتێك هەبوو، پیاوێکی سەڵتی لەلابوو بۆ کارکردن ناوی ئەندرێی تیرئەنداز بوو. ڕۆژێکیان تیرئەنداز چوو بۆ ڕاوکردن و ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بە ناو دارستاندا دەگەڕا بەڵام هیچ دەرفەتێکی بۆ هەڵنەکەوت نێچیرێك ڕاو بکات. ئێوارە درەنگانێك هەستی بە ماندوێتی و شەکەتی کرد و بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە. لەناکاو ڕوانی باڵندەیەکی بچووك لە سەر دارێك هەڵنیشتووە. تیرئەنداز لەوێدا بیری لەوە کردەوە باڵندەکە بگرێت و بیبات بۆ ماڵەوە. لە بەر ئەوە تاویدایە و لە سەر دارەکە خستیە خوارەوە و خستیە باخەڵی و ملی هێنایە دەرەوە. هێندەی زانی باڵندەکە بە دەنگێکی ئادەمیانە وتی: "ئەندرێی تیرئەنداز تکام وایە نەمکوژیت، ملە باریکەکەم لێ مەکەرەوە، بمبەرەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بژیم و بمخەرە سەر پەنجەرەکە و ئەگەر خەوم لێکەوت شەقازللەیەکم بە دەستی ڕاستت لێبدە و پاشان هەرچیەکت بوێت بۆت دەبێت".

ئەندرێی تیرئەندازیش بڕوای بە گوێکانی خۆی نەبوو، بیری کردەوە و وتی: ئەوە چیە؟ خۆ ئەمە لە باڵندەی ئاسایی دەچێت، بەڵام دەنگی لە دەنگی مرۆڤ دەچێت. پاشان باڵندە بچووکەکەی بردە ماڵەوە و خستیە سەر پەنجەرەکە و کەوتە چاودێری کردنی. وردە وردە باڵندەکە سەری خستە ژێر باڵەکانی و خەوی لێکەوت، ئەندرێ یش ئامۆژگاریی

باڵندەکەی بیر نەکرد و بە دەستی ڕاستی پێیدا کیشا و باڵندە کەوتە سەر زەوی و بوو بە شازادە ماریا، جوانترین کچێك کە لە ڕووی ئاسمان دەچوو لە دەمی بەرەبەیاندا.

شازادە ماریا بە ئەندریی وت: "تۆ بووی بە هۆی گرتنم، ئێستاش بەرپرسیت لەوەی کە بمپارێزیت. کاروبارت ڕوو لە چاکە و خۆشییە، بمخوازە و دەبم بە هاوسەرێکی بەئەمەك و گوێ لە مشتت".

شتەکان وەکو خۆیان مایەوە و ئەندریێ تیرئەندازیش شازادە ماریای خواست و پێکەوە ژیانێکی خۆش و کامەرانیان گوزەراند. بەڵام ئەندریێ هەرگیز فەرمانەکانی پشتگوێ نەدەخست و هەموو بەیانییەك پێش قاوەڵتی کردن دەڕۆیشت بۆ دارستانەکە و مریشکی کێویی دەگرت و دەیهێنایەوە بۆ چێشتخانەی ماڵی پاشا. کار بەم شێوەیە دەڕۆیشت تا ڕۆژێکیان شازادە ماریا وتی: "ئێمە زۆر هەژارین، پێویستە تۆ پارەیەك قەرز بکەیت و ئاورێشمم بۆ بکڕیت، وا هەست دەکەم بەمە ژیانمان باشتر دەبێت".

ئەندرێیش بە قسەی کرد و چوو بۆ لای هاوڕێیەکی و قەرزی لێکرد و بەو پارەیەش ئاورێشمەکەی کڕی. کە گەڕایەوە بۆ ماڵ ژنەکەی پێی وت: "ئێستا برۆ بخەوە، شەو کاتی ڕاییکردنی هەموو کارێکە".

ئەندریێ چوو بخەوێت و شازادە ماریاش دانیشت و ئەو شەوە تا بەیانی فەرشێکی ئاورێشمی چنی و هێند جوان و نەخشین بوو کە هەرگیز لە جیهاندا وێنەی نەبوو.

لە سەر فەرشەکە وێنەی مەملەکەتەکەی چنیبوو لەگەڵ هەموو شار و





دێهاتەکانی، درەخت و کێڵگەکانی، هەموو باڵندەکان لە ئاسماندا، ئاژەڵەکان لە دارستاندا، ماسییەکان لە دەریادا و خۆریش بە سەر هەموویانەوە دەدرەوشایەوە. بۆ بەیانی شازادە ماریا فەرشەکەی دا بە مێردەکەی و وتی: "بیبە بۆ بازرگانەکان با بیفرۆشن، بەڵام خۆت نرخی لە سەر دانەنێیت، با ئەوان خۆیان هەرچەندیان وت وابێت".

ئەندرێ فەرشەکەی هەڵگرت و چوو بۆ لای بازرگانەکان. لەو کاتەدا بازرگانێك چاوی بە فەرشەکە کەوت و وتی: "برای باش، فەرشەکەت بە چەند؟"

ئەندرێیش وتی: "تۆ بازرگانی، خۆت نرخێکی لە سەر دابنێ".

بازرگانەکەش فرە بیری لێکردەوە بەڵام نەیزانی چ نرخێك بۆ فەرشەکە دابنێت، بازرگانێك لەولاوە هات و یەنانیتریش بەدوایدا، هەتا دەهات بازرگانەکان زۆرتر دەبوون. هەر لەوێدا بوو بە قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ. هەموویان تەماشای فەرشەکەیان دەکرد و لێی سەرسام بوون و کەسیشیان نرخێکیان بۆ دانەدەنرا. لەوکاتەدا وەزیری پاشا بەوێدا تێپەڕی و سەری سوڕما لە خڕبوونی ئەو هەموو عەشاماتە. بۆیە لە عەرەبانەکەی دابەزییە خوارەوە و بە ئانیشکی خەڵکەکانی لادا و چووە ناو قەرەباڵغییەکەوە و وتی: "سڵاوتان لێبێت بازرگانەکان، ئەوە خێرە چی ڕوویداوە لێرە؟". ئەوانیش وتیان ناتوانین نرخێك بۆ ئەو فەرشە دابنێین. وەزیری پاشاش سەیرێکی فەرشەکەی کرد و بە واقوڕمانەوە وتی:

ـ ڕاستم پێ بڵێ تیرئەنداز ئەم فەرشە سەرسامکەرەت لە کوێبوو؟

ـ ژنەکەم دروستی کردووە !.

ـ ئەی چەندی لێ داوا دەکەیت؟.

ـ نازانم، ژنەکەم وتی بیبە هەرچەندیان دایتێ بیدە.

ـ ها ئەوە دە هەزار ڕۆبڵ تیرئەنداز.

ئەندرێیش پارەکەی وەرگرت و فەرشەکەی دایە دەستی و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. وەزیری پاشاش ڕۆیشتەوە بۆ کۆشك و لەوێ فەرشە پڕ نەخش و نیگارەکەی پیشانی پاشا دا. ئەویش تەماشای فەرشی کرد و سەرنجی دا وێنەی هەموو مەملەکەتەکەی لە سەر نەخشێنراوە و بەجارێ حەپەسا و وتی: "ئارەزووی چی دەکەیت دەتدەمێ بەڵام من ئەم فەرشەت نادەمەوە".

پاشاش هەرلەوێدا بیست هەزار ڕوبڵی دەرهێنا و دای بە وەزیر و ئەویش پارەکەی وەرگرت و بیری  کردەوە و وتی: "واچاکە من یەنانیتر بکرم کە بۆ خۆم دروستکرابێت و باشتربێت". پاشان سواری عەرەبانەکەی بوو و لێیخوڕی بۆ ناوشار و چووە ماڵی ئەندرێ تیرئەنداز و تەقەی لە دەرگاکە دا و شازادە ماریا لێی کردەوە. وەزیر قاچێکی خستە سەر کەمەی دەرگاکە و قاچەکەی تریانی لەودیوی دەرگاکەوە بوو. لەو کاتەدا هەموو شتێکی لەبیرچووەوە و نەیدەزانی بۆچی چووە و لە جوانیی ئەم ژنە بەجارێ  ئەبلەق و سەرسام بوو.

شازادە ماریا چاوەڕێی کرد کابرا شتێك بڵێ بەڵام نەیتوانی، ئەویش پاڵێکی پێوەنا و دەرگاکەی بە ڕوویدا داخست. ئەمیش بەرەو ماڵ بووەوە و هەر بیری دەکردەوە، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە نان و ئاوی بۆ





نەدەخورا و خەیاڵی لای ژنەکەی تیرئەنداز بوو.

پاشا سەری سوڕمابوو لەوەی کە وەزیر تەواو گۆڕاوە و پیاوەکەی جاران نەماوە، بۆیە هۆی ئەم حاڵەتەی لێپرسی. ئەویش لە وەڵامدا وتی: "گەورەم، چاوم بە ژنەکەی ئەندرێ تیرئەنداز کەوتووە و کارێکی وای تێکردووم ناتوانم لە مێشکی خۆمی دەربکەم و بێگومان جادووی لێکردووم و پەلوپۆم شکاوە و هیچم پێناکرێت. ئەمە وای لە پاشا کرد کە زۆر بە پەرۆشەوە بیەوێت ژنەکەی تیرئەنداز ببینێت. لەبەرئەوە جلێکی ئاسایی لەبەرکرد و بەرەو قەراخ شار بەڕێکەوت، ولەوێ زنجەکەی ئەندرێ تیرئەندازی دۆزییەوە و ئەوجا لە دەرگای دا و شازادە ماریا دەرگاکەی لێکردەوە. پاشا قاچێکی خستە سەر کەمەی دەرگاکە و قاچەکەی تریشی لەودیو دەرگاکەوە بوو. هەر لەوێدا وەستا و لاڵ بوو و  قسەیەکی بۆ نەکرا لە جوانیی ئەو ئافرەتە.

شازادە ماریا چاوەڕێی کرد کە پاشا قسە بکات بەڵام پاشا هیچ قسەیەکی بۆ نەکرا و شازادەش پاڵێکی پێوەنا و دەرگاکەی بەڕوویدا داخست. پاشاش بەهەمان شێوەی وەزیر جادووی لێکرابوو، بیری کردەوە و وتی: "باشە بۆچی من بە تەنیا بڕۆمەوە، ئەو ئافرەتە جوانە بۆ ئەوە باشە کە ژنی پاشا بێت نەك ژنی تیرئەنداز."

پاشا گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی و لە مێشکی خۆیدا پلانی نەگریسی دادەڕشت بۆ فڕاندنی شازادە ماریا لە مێردەکەی. بۆ ئەمەش ناردی بەدوای وەزیردا و پێی وت: "بیری لێبکەرەوە بۆ ئەوەی تیرئەنداز دووربخەینەوە، چونکە من دەمەوێت ژنەکەی بۆ خۆم بخوازم. ئەگەر

یارمەتیم بدەیت ئەوە لە ملك و زێڕ و زیو چیت دەوێ پێتدەبەخشم، بەڵام ئەگەر یارمەتیم نەدەیت لە ملت دەدەم. وەزیر گرفتاری دەرد وخەمێکی زۆر بوو و بەردەوام بیری دەکردەوە لەوەی کە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ دوورخستنەوەی ئەندرێ لە ژنەکەی. هەمیشە خەم و پەژارە بەڕوخساریەوە دیاربوو، لەبەرئەوە چوو بۆ لای مەیخانە بۆ ئەوەی هەندێك مەی پێکەوە بخۆنەوە و کەمێك خەمی خۆی بەبادات.

مەیخانە بە مەستی و سەرخۆشی پێشوازی لێکرد و وتی: "بۆچی وا خەمبار دیاریت وەزیر؟ چ کێشەیەکت هەیە؟ ئا پێکێ مەیم بۆ بانگ بکە و دواجار منیش هەندێ ئامۆژگاریت دەکەم".

وەزیری پاشاش پێنانی خواردنەوەی بۆ بانگکرد و دەردەدڵی خۆی بۆ کرد. پاشان مەیخانە وتی: "کوڕی باش، دوورخستنەوەی ئەندرێ تیرئەنداز ئاسانە، بەڵام ئەگەر ژنەکەی زیرەك و وریا نەبێت. پێویستە ئێمە بیر لە فڕاندنی ژنەکەی تیرئەنداز بکەینەوە و ئەویش دووربخرێتەوە. تۆش بڕۆرەوە بۆ کۆشکی پاشا و ئامۆژگاریی بکە ئەندرێ تیرئەنداز بانگ بکات و ئەوجا تۆش فەرمانی پێبکە بچێتە ئەو دنیا بۆ ئەوەی کە بزانێت پاشای گەورەی پێشوو بە چ دەردێك مردووە. بەم ڕەنگە ئەندرێ هەرگیز ناگەڕێتەوە و لەوێ دەمرێت. وەزیری پاشاش زۆر سوپاسی مەیخانەی کرد و ڕۆیشتەوە بۆ کۆشك و لەوێ بە پاشای وت: "بیرم لێکردووەتەوە کە چۆن ڕزگارمان بێت لە ئەندرێ"، ئەوجا دەستی کرد بە گێڕانەوەی ڕاسپاردەکانی مەیخانە. پاشاش زۆری لا پەسەند بوو و دەسبەجێ ناردی بە شوێن ئەندرێ تیرئەندازدا.





پاشا بە ئەندرێی وت: "تۆ تا ئێستا زۆر ئەمەکدارانە خزمەتی منت کردووە، ئێستاش دەبێ ئەرنانم بۆ بکێشیت و بچیت بۆ ئەودنیا و بزانی لەوێ باوکم چۆنەو چی دەکات. ئەگەر ئەم فەرمانەم بەجێنەهێنیت لە ملت دەدەم".

ئەندرێ بە نیگەرانی و خەفەتێکی زۆرەوە ڕۆیشتە ماڵەوە و بە کزی و داماوییەکەوە دانیشت و سەری دانەواند. شازادە ماریا لێی پرسی بۆچی وا خەمبارە؟ ئەویش فەرمانەکەی پاشای بۆ باس کرد. شازادە ماریاش وتی: "هیچ نیە بۆ وا خەمت لێهاتووە! ئەوە کارێکی ئاسانە و من چارەسەری دەکەم. هەڵسە بڕۆ بخەوە و ئەمشەو تا بەیانی کارەکەت بۆ مەیسەر دەکەم".

بەیانیی کە ئەندرێ لەخەو هەڵسا شازادە ماریا توورەکەیەکی پڕ لە نان و ئەڵقەیەکی ئاڵتوونی دایە و وتی: "بڕۆ بۆ لای پاشا و پێی بڵێ کەوا وەزیرەکەیت لەگەڵت بنێرێت تاوەکو دڵنیا بێت لەوەی کە تۆ چوویتە ئەو دنیا و مەملەکەتی چوارەمت تێپەڕاند ئیتر ئەڵقەکە فڕێ بدەرە بەردەمی خۆت و ڕێگات پیشاندەدات کە بۆ کوێوە بڕۆیت".

ئەندرێ توورەکە نان و ئەڵقەکەی هەڵگرت و چووە خزمەتی پاشا بۆ ئەوەی وەزیری لەگەڵدا بنێرێت. پاشاش بە قسەی کرد و فەرمانی بە وەزیر کرد بکەوێتە تەکی. بەمجۆرە هەردوکیان کەوتنەڕێ و و لە نیوەی ڕێگا ئەندرێ ئەڵقەکەی هەڵدا بەردەمی خۆی و دوای کەوت. بە ناو کێڵگەی پان و بەرین و چەم و شیودا و بە سەر رووبار و دەریادا دەڕۆیشت و وەزیری پاشاش بەدوایدا. قۆناخ بە قۆناخ دەڕۆیشتن و

ماندوو دەبوون و تاوێك پشوویان دەدا و کەمێك نانیان دەخوارد و دیسانەوە دەستیان دەکردەوە بە ڕۆیشتن.

زۆر ڕۆیشتن یان کەم کەس نازانێت خوا خۆی نەبێت، بەڵام دارستانێکی چڕیان هاتەڕێ و لە شوێنێکی بەرزەوە بازیاندایە خوارەوە و ئەڵقەکەش هەر لەوێدا وەستایەوە. ئەندرێ و وەزیری پاشا لایاندا پشوویەك بدەن و کەمێك نانیان خوارد. لەوکاتەدا چییان بینیبێ باشە ! ؟ تەماشایان کرد باوکی پاشا عەرەبانەیەکی قورسی پڕ لە دار ڕادەکێشێت و دوو شەیتان بە سەر شانی ڕاست و چەپیەوە بوون و بە قامچی دایانگرتبۆوە. ئەندرێ وتی:

– ئا تەماشاکە بزانە ئەوە باوکی کۆچکردووی پاشامان نیە ! ؟

– بەڵێ بێگومان خۆیەتی.

ئەندرێ بە دەنگێکی بەرز بە شەیتانەکانی وت:

– بە ئەرکی مەزانن ڕێگەم بدەن با کەمێك لەگەڵ ئەو پیاوەدا بدوێم چونکە چەند شتێك هەیە پێویستە لەگەڵیدا باسی بکەم.

شەیتانەکان وتیان:

— تۆ پێتوایە ئێمە هیچ کارێکمان نیە چاوەڕێی بکەین، یان دەتەوێ خۆمان دارەکان ببەینەوە بۆ ماڵەوە؟

– من پیاوێکم لەگەڵدایە دارەکەتان بۆ دەباتە ماڵەوە.

بەم ڕەنگە شەیتانەکان چوونە سەر شانی وەزیر و ئەویش عەرەبانەکەی ڕادەکێشا و پاشای گەورەیان بەجێهێشت. شەیتانەکان قامچییان بە ڕاست و چەپی وەزیردا دەکێشا و ئەویش بە نقەنق عەرەبانەکەی





ڕادەکێشا.

لەملاشەوە ئەندرێ پرسیاری حاڵ و گوزەرانی لە پاشای گەورە دەکرد و لە وەڵامدا وتی: "ئای، ئەندرێ تیرئەنداز مەپرسە چ ژیانێکی خراپم هەیە لەم دنیایەدا. بە کوڕەکەم بڵێ با هەرگیز ڕەفتاری ناشیرین و خراپ نەنوێنێت لەگەڵ کەسدا، دەنا ئەویش بەم دەردەی من دەچێت و حاڵی خراپ دەبێت".

دواجار شەیتانەکان لەگەڵ وەزیردا بە عەرەبانە بەتاڵەکەیان گەڕانەوە و دۆعاخوازییان لە پاشای گەورە کرد و بەرەو ماڵ بوونەوە. هەر کە گەیشتنەوە و پاشا تیرئەندازی بینی لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە پشتی سەری و وتی:

– چۆن گەڕانەوە ! ؟

ئەندرێیش وتی:

– باوکی کۆچکردووتم لەودنیا بینی ژیانێکی زۆر سەخت و خراپی هەیە و سڵاوی بۆ ناردیت و وتی ئەگەر نایەوێت تووشی ئەم ژیانە خراپە ببێت ئەوە با لەگەڵ کەس ڕەفتاری خراپ نەکات.

– تۆ چۆن دەیسەلمێنیت کە لەودنیا بوویت لە لای باوکم؟

ئەندرێ لە وەڵامدا وتی:

دەتوانم بەو قامچیانە بیسەلمێنم کە شەیتانەکان لە وەزیرەکەی خۆتیان داوە.

لێرەدا پاشا بە وەزیری وت: "ئەگەر تەگبیری لەناوبردنی تیرئەندازم بۆ نەکەیت بەم شمشێرەم لە ملت دەدەم".

وەزیر تووشی هەمان کێشە و سەرئێشە بووەوە و ڕۆیشت بۆ لای مەیخانە. لەوێ لە سەر کورسییەك دانیشت و بانگی کرد مەیی بۆ بێنن. ئەویش پێی وت: "چی نیگەرانی کردوویت جەنابی وەزیر؟ چی تۆی خستووەتە ناڕەحەتییەوە؟ پێکێ شەرابم بۆ بانگ بکە با هەندێ ئامۆژگاریت بکەم".

وەزیریش پێکێ شەرابی بۆ کڕی و کێشە و گرفتەکەی خۆیی بۆ باس کرد. مەیخانەیش وتی: "هیچ خەمت نەبێ، بڕۆرەوە بە پاشا بڵێ ئەم کارە زۆر قورسە و تەنها تیرئەنداز دەتوانێ چارەسەری بکات لێگەڕێ با بەتەنیا خۆی بیکات. پێویستە بچێت بۆ نۆ شار پاش ئەوەی دە مەملەکەت تێدەپەڕێنێ و لەوێ پشیلەیەکی دەنگ زل بێنێتەوە".

وەزیری پاشاش گەڕایەوە بۆ کۆشك و هەرچی پێوترابوو بۆ پاشای گێڕایەوە. پاشاش دەسبەجێ ناردی بە شوێن ئەندرێدا و پێی وت: "باشە، ئێستا تۆ بڕۆ بۆ نۆ شار دوای دەیەم مەملەکەت و لەوێ پشیلەیەکی گوربەی زل و دەنگبەرزم بۆ بهێنەرەوە. ئەگەر ئەو فەرمانەی پێمداویت جێبەجێی نەکەیت ئەوە بەم شمشێرەم لە ملت دەدەم".ئەندرێ گەڕایەوە بۆ ماڵ و زۆر بە کزی و بێتاقەتی دانیشت و سەری داخست. ژنەکەشی پێی وت: "چیە ئەمجارەیان پاشا چ کارێکی پێسپاردوویت جێبەجێی بکەیت؟" ئەمیش تەواوی حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە و شازادە ماریا وتی: "دەزانم کارەکە گرانە، بەڵام هیچ نیگەرانیی ناوێت و چارەسەری دەکەین، تۆ ئێستا بڕۆ بخەوە و تا بەیانی خوا کەریمە".





ئەندرێ چوو خەوت و شازادە ماریاش ڕۆیشت بۆ دوکانێکی ئاسنگەر و لەوێ بە ئاسنگەرەکەی وت سەرقاپێك و مەقاشێك و توولێك لە ئاسن و هەمان شتیش لە مس وسێیەمیشی لە تەنەکە بۆ دروست بکات.

بۆ بەیانیی زووی ڕۆژی ئایندە شازادە ماریا ئەندرێی لەخەو هەڵساند و پێی وت کە ئەمانە سێ سەرقاپ و سێ مەقاش وسێ توولێ ئاسن و مس و تەنەکەن، ئێستا دەتوانیت بڕۆیت بۆ نۆ شاری دوای دەیەم مەملەکەت. ئاگات لە خۆت بێت ئەگەر خەوت لێبکەوێت و بێئاگا بیت ئەوا پشیلە گوربەکە جادووەکەی بۆ تۆ فڕێدەدا، بەڵام ئەگەر نەخەویت و ئاگات لە خۆت بێت هیچ شتێك ڕوونادات. لەوێ چنگت بنوقێنە و قاچەکانت ڕاکێشە و ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوە لە سەر زەوییەکە ڕاکشێ بەڵام وریابە خەوت لێنەکەوێت چونکە گوربە بۆر دەتکوژێت. هەروەها وتیشی کەوا چی پێ وتووە ئەوە بکات. پاشان ماڵئاوایی لە ئەندرێ کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە گەشتەکەیدا.

ئەم گەشتە بە دەم ئاسانە بیگێڕیتەوە بەڵام بە کردەوە کارێکی گرانە. هەرچۆنێك بوو ئەندرێ گەیشتە مەملەکەتی دەیەم و لەوێ دەستی کرد بە ئەنجامدانی کارەکەی و وا خۆی پیشاندا کە خەوی لێکەوتووە و سێ سەرقاپە ئاسنەکەی خستە سەر سەری و هەردوو دەستی داخست و قاچی ڕاکێشا و بۆخۆی لە سەر زەوییەکە ڕاکشا و دەبوو ئاگای لەخۆی بێت وخەوی لێنەکەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت کارەکەی بە باشی ئەنجام بدات.

کاتێ گوربە بۆر ئەندرێ بینی بە مرەمر و دەموچاوێکی شەڕانگێزەوە

خۆی هەڵدایە تەوقی سەری و کەوتە سەر سەرقاپەکان. سەرقاپی یەکەمی شکاند و سەر قاپە مسەکەشی شکاند، پاشان گەیشتە سەر سێهەم و ئەندرێ سوونان بە مەقاشەکە گرتی و خستیە سەر زەوییەکە و هەستی بە قورسیی کرد. یەکەمجار بە تووڵە ئاسنەکە لێیدا وتووڵ شکا، پاشان تووڵە مسەکەی لێهەڵگرت و کاتێ ئەویشیان بچڕا ناچار بوو بە تووڵە تەنەکەکە لێی بدات. ئەم تووڵەشیان لار بوو بەڵام نەشکا و بە دەوری پشیلەکەدا لوولبوو.

ئەندرێ لە پشیلەکەی دەدا و پشیلە هاواری دەکرد و ناوی قەشە و کچی قەشە و کەسوکاریانی دەهێنا، بەڵام ئەندرێ گوێچکەکانی بادەدان و بەردەوام بوو لە سەر لێدانی هەتا گوربە بۆر توانی بە پێوە بوەستێت. هەر تەماشای دەکرد و نەیدەتوانی بە جادووەکانی هیچ شتێك بکات، لەبەرئەوە کەوتە پاڕانەوە لە ئەندرێ و وتی:

— ڕێگەم بدە بابڕۆم کچە باشەکە، هەرچییەك دەڵێت بۆت دەکەم.

ئەندرێیش وتی:

— تۆ لەگەڵم دێیت بڕۆین؟

— بۆ هەر کوێیەك دەڵێیت با بڕۆین.

ئەندرێیش کەوتەڕێ بۆ مەملەکەتەکەی خۆی و گوربە بۆریشی لەگەڵ خۆی هێنا. هەر کە گەیشتەوە ئەوێ چوو بۆ کۆشکی پاشا و پێی وت:

— هەرچیەك تۆ فەرمانت پێکردبووم هەموویم جێبەجێ کرد، ئەمەش پشیلە گوربەکەیە کە داوات کرد.

پاشاش بڕوای بە چاوەکانی خۆی نەکردوو بە پشیلەکەی وت:





— ئاگر و تووڕەیی خۆتم پیشاندە گوربە بۆر.

گوربە بۆریش دەستی کرد بە تیژکردنەوەی چڕنووکەکانی و چاوەکانی لە پاشا زیت کردەوە و دڵ و جەرگی خۆی دەرهێنا و پارچە پارچەی کرد. پاشا بەجارێ واقی وڕما و وتی:

— ئەندرێ، هێدیی بکەرەوە.

ئەندرێیش گورگە بۆری هێور کردەوە و خستیە ناو قەفەزەکەی خۆیەوە و گەڕایەوە ماڵ بۆ لای شازادە ماریا. بەمجۆرە هەردوکیان پێکەوە بە خۆشی دەژیان، بەڵام پاشا تا دەهات زیاتر ژنەکەی ئەندرێی دەچوو بەدڵدا و شەیدای بووبوو.

ئەمجارەش دیسانەوە ناردی بە شوێن وەزیرەکەیدا و پێی وت:

— پێویستە بیر لە ڕێگەیەکی تر بکەیتەوە بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لە ئەندرێ. ئەگەر تەگبیرم بۆ نەکەیت بەم شمشێرەم لە ملت دەدەم.

ئەمجارەشیان وەزیردەسبەجێ چوو بۆ مەیخانە و لەوێ کابرای ڕووتەی بینی و پێی وت ڕزگارم کە لەم کێشەیە. ڕووتەش پەرداخە شەرابەکەی خستە لاوە و دەستی هێنا بە ڕیشیدا و وتی: "بڕۆ بە پاشا بڵێ با ئەندرێی تیرئەنداز بچێت بۆ ئەو شوێنەی کەس نازانێ لە کوێیە و ئەوەش لەگەڵ بێنێ کە کەس نازانێ چیە !. ئەمەش وا لە ئەندرێی تیرئەنداز دەکات هەرگیز نەگەڕێتەوە. ڕاوێژکارەکەش گەڕایەوە بۆ لای پاشا و وشە بە وشەی بۆ گێڕایەوە و پاشاش ناردی بە شوێن ئەندرێدا و پێی وت:

— تۆ دوو فەرمانت بۆ جێبەجێ کردووم و دەبێ فەرمانی سێهەمیشم بۆ

ئەنجام بدەیت. برۆ بۆ ئەو شوێنەی کەس نازانێ لە کوێیە و ئەو شتەش لە گەڵ خۆت بێنەوە کە کەس نازانێ چیە !. ئەگەر تۆ ئەم فەرمانەت راپەڕاند خەلاتت دەکەم، ئەگەریش نەتکرد بەم شمشێرەم لە ملت دەدەم.

ئەندرێ بە کەساسی گەڕایەوە بۆ ماڵ و نوقمی خەمێکی قووڵ بووبوو.

شازادە ماریاش لێی پرسی:

ـ خۆشەویستەکەم بۆچی وا خەمباریت، هیچ شتێکی تریان پێوتوویت کە ئەنجامی بدەیت؟

ئەندرێیش وتی:

ـــ ئەم ڕوخسار و جوانییەی تۆ مالی منی وێرانکردووە، پاشا فەرمانیداوە بچم بۆ ئەو شوێنەی کەس نازانێ لە کوێیە و ئەو شتەش بێنم کە کەس نازانێت چیە؟

شازادە ماریاش وتی:

ـ بەڕاستی کارێکی زۆر گرانە بەلام تۆ ئێستا برۆ بخەوە، خوا کەریمە ئەمشەو تەگبیرێکی لێدەکەین.

شازادە ماریا چاوەڕێی کرد تا شەو داهات، ئەوجا کتێبی جادووەکەی دەرهێنا و هەمووی خوێندەوە و بەشەکانی جیاکردەوە، بەلام هیچ شتێکی تیا نەبوو کە لەگەڵ فەرمانەکەی پاشادا یەکبگرێتەوە. پاشان چووە دالانەکە و دەسرێکی دەرهێنا و بەرزی کردەوە و ڕایوەشاند و لەو کاتەدا هەمەجۆر باڵندە و ئاژەڵ بەرەورووی هاتن. ئەمیش پێیوتن: "ئاژەڵەکان بۆ ناو دارستان و باڵندەکانیش بۆ ئاسمان بلاوببنەوە بەلکو





بتوانن پێم بڵێن کە چۆن بگەینە ئەو شوێنەی کەس نازانێ لە کوێیە و ئەو شتەی کەس نازانێ چیە". بەلام ئەوان وەلامیان دایەوە: "شازادە ماریا ئێمە توانای ئەم کارەمان نیە".

شازادە ماریا دووبارە دەسڕەکەی دەرهێنایەوە و ڕایوەشاند باڵندە و ئاژەڵەکان ونبوون و دیار نەمان، بۆ جاری سێهەم دەسرەکەی دەرهێنا و ڕایوەشاندەوە دوو دێوی گەورە لەبەردەمیدا پەیدابیوون و وتیان: "فەرمانت بە چیە لەئۆغرداین؟". شازادە ماریاش پێی وتن: "خزمەتکارەکانم، لەگەڵ خۆتان بمبەن بۆ ناوەڕاستی زەریا". دوو دێوەکەش شازادە ماریایان هەلگرت بۆ زەریا و لەوێ لە ناوەڕاستی زەریاکەدا وەك دوو کۆڵەکەی درێژ وەستابوون و لە هەردوو لاوە قۆڵی شازادە ماریایان گرتبوو. هەر لەوێدا ماریا دەسڕەکەی دەرهێنا و ڕایوەشاند، تەواوی ماسی و گیاندارە ئاوییەکان هاتنە بەردەمی و ئەمیش پێی وتن: "ماسییەکان، گیاندارە ئاوییەکان، ڕەنگە ئێوە شارەزای هەموو دوورگەکان بن، ئێوە لە هەموو شوێنێکی دەریاکاندا مەلە دەکەن، پێم بڵێن چۆن دەڕۆیت بۆ ئەو شوێنەی کەس نازانێ لە کوێیە و ئەو شتەش بەدەستبێنی کە کەس نازانێ چیە؟" ئەوانیش وەلامیان دایەوە: نەخێر شازادە ماریا ئێمە هەرگیز ناوی شوێنی وامان نەبیستووە".

شازادە ماریاش هەتا دەهات زیاتر پەست و نیگەران دەبوو چونکە هەستی دەکرد کە ناتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن. بۆیە بە دێوەکانی وت بمبەنەوە بۆ مالەوە، ئەوانیش بردیانەوە و لەبەردەمی دەرگای مالی

خۆیاندا دایاننا.

بۆ بەیانیی ڕۆژی ئایندە شازادە ماریا لە خەو هەڵسا و خواحافیزیی لە ئەندرێ کرد لە گەشتە هات و نەهاتەکەیدا و گوڵۆڵەیەك خوریی و خاولییەکی نەخشێنراوی دایە و پێی وت: گوڵۆڵە خورییەکە لەپێش خۆتەوە فڕێبدە و بۆ هەر شوێنێك ڕۆیشت تۆش بە دوایدا بڕۆ و ئاگات لە خۆت بێت، ئەگەر خۆت یان دەموچاوت شۆرد هیچ خاولییەك بەکارنەهێنی ئەم خاولییە نەبێت کە من دەتدەمێ. ئەندرێ ماڵئاوایی لە شازادە ماریا کرد و لە دەروازەی ماڵ چووە دەرەوە و گوڵۆڵە خورییەکەی لە پێش خۆیەوە هەڵدا و بۆ هەر شوێنێك دەچوو دوای دەکەوت.

گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە وەك چیرۆك کورت و ئاسانە، بەڵام ئەنجامدانی کارەکە زۆر قورسە و کاتی زۆری دەوێت. ئەندرێ چەند دوورگە و مەملەکەتێکی تێپەڕاند و گوڵۆڵە خورییەکە لە پێشیەوە هەر دەڕۆیشت و تا زیاتر خلدەبۆوە بچووکتر دەبوو و داوەکانی دەبچڕان، پاشان گوڵۆڵەکە هێندەی هێلکەی مریشکێکی مایەوە و دواتر ئەوندە بچووك بووەوە لە سەر زەوییەکە بە زەحمەت دەبینرا.ئەندرێ بەرەو دارستانەکە ڕۆیشت و تەماشای کرد لە پێشیەوە زنجێکی بچووکی لێیە لە شێوەی قاچە مریشکدا بوو. وتی: زنجی بچووك، زنجی بچووك، لێدەکەم ڕووبکەرە من و پشت بکەرە دارەکان تکات. زنجەکەش بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و وەستا، پاشان ئەندرێ چووە ژوورەوە و لەوێ بابا ـ یاگای جادووگەر دانیشتبوو کە هەموو لەشی هەر ئێسك بوو





و لووتی وەك دار وابوو. بابا ـ یاگا کە چاوی کەوت بە ئەندرێ هاواری کرد "ئای خوێنی ڕووس، هەرگیز لەوەوپێش نەمدیبوو، بەڵام ئێستا لە بەر دەرگاکەمدا بۆنی دەکەم. تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟ بە زیندوویێتی دەتبرژێنم و دەتخۆم، ئێسکەکانیشت وردوخاش دەکەم.

ئەندرێیش لە وەڵامدا وتی:"وەرە، وەرە بابا ـ یاگای پیر، تو خوا مەمخۆ، حەمامەکە گەرم بکە و پاك بمشۆ ئەوسا بمخۆ". بابا ـ یاگاش حەمامەکەی گەرم کرد و ئەندرێیش خۆی شۆرد و بەو خاولییەی کە ژنەکەی دابوویە خۆی وشککردەوە.

بابا ـ یاگا وتی:

ـ چۆن ئەو خاولییەت دەست کەوت، ئەوە دەستچنی کچەکەمە و ئەو نەخشاندوویەتی.

ئەندرێیش وتی:

ـ کچەکەی تۆ ژنی منە و هەر ئەویش ئەم خاولییەی داومەتێ.

لێرەدا بابا ـ یاگا گەشایەوە و وتی:

ـ بەخێربێیت کوڕە ئازیزەکەم با بەباشی خزمەتت بکەم. پاشان خوانێکی چەوری بۆ ڕازاندەوە و ئەندرێیش لە سەر سفرەکە دانیشتوو بە بێدەنگی دەستی کرد بە نانخواردن و بابا ـ یاگاش لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو و کەوتە پرسیار کردنی ئەوەی کە چۆن شازادە ماریای هێناوە و ئێستا ژیان و گوزەرانیان چۆن بەڕێوەدەچێت. ئەندرێیش هەموو شتێکی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە و ئەوەشی بۆ باس کرد چۆن

پاشا فەرمانی پێکردووە بچێت بۆ ئەو شوێنەی کە نازانێ لە کوێیە و ئەو شتەش بەدەستبێنێ کە نازانێ چیە و وتیشی: "ئەگەر دەتوانیت وەك داینان یارمەتیم بدە". بابا ـ یاگاش پێی وت: "ئۆی کوڕە شیرینەکەم ئەوە شوێنێکی نادیارە و تا ئێستا شوێنی وام نەبیستووە، بەڵام تاقە کەسێك کە بیزانێت پیرە بۆقە کە ماوەی چەند سەد ساڵێکە لە ناو ئەو قەوزاوانەدا دەژی. بەڵام ئێستا تۆ بڕۆ بخەوە و خوا کەریمە تا بەیانی هەر شتێ بە شتێك دەکەین". ئەوجا ئەندرێ چوو خەوت و بابا ـ یاگاش گسکە دارینەکەی هەڵگرت و پێی فڕی و چووە سەر قەوزاوەکە و بانگی کرد:

ـ دایکە پیرەکە هێشتا ماویت؟

ـ بەڵێ ماوم ڕۆڵە.

ـ دەوەرە سەر قەوزاوەکە.

ئەوجا پیرە بۆق هاتە سەر قەوزاوەکە و بابا ـ یاگاش پێی وت: "ئەو شوێنەی نازانم لە کوێیە و ئەو شتەی نازانم چیە بۆ هەڵبێنە، چیە و لە کوێیە؟"

پیرە بۆقیش لە وەڵامدا وتی:

ـ بەڵێ دەزانم.

ـ زۆر باشە، وەرە پێم بڵێ لە کوێیە، زاواکەمیان ناردووە بۆ نازانم لەکوێیە و نازانم چیە.

ـ زۆر چاکە، هەموو شتێکی پیشاندەدەم، بەڵام من زۆر پیرم و ئەو ڕێگایەش زۆر دوورە، با زاواکەت بمخاتە ناو جامێك شیری خاوێنەوە و





بمبات بۆ ڕووبارێکی بڵێسەدار، ئەو کاتە منیش هەموو شتێکی پێدەڵێم. لێرەدا بابا ـ یاگاش پیرە بۆقی هەڵگرت و چووە سەر گسکە ئەفسووناوییەکەی و خستیە ناو جامێك شیری پاکژەوە و بۆ سبەینێ بەیانی، کە ئەندرێ لە خەو هەڵسا، پێی وت: "ئەمە بۆقەکەیە لە ناو جامەکەدا، ئەسپەکەت جێبهێڵە و بۆقەکە لە ناو جامەکە دەربێنە و ئەو ڕێنماییت دەکات بۆ کوێ بڕۆیت".

ئەندرێ خۆی ئامادە کرد و جامە شیری هەڵگرت و سواری ئەسپەکەی بابا ـ یاگا بوو. دوور یان نزیك ڕۆیشت کەس نازانێت، تا دواجار گەیشتنە سەر ڕووبارێکی بڵێسەدار و لەو کاتەدا کە بە سەر ڕووبارەکەدا دەپەڕینەوە هیچ ئاژەڵێك دەرنەکەوت و هیچ باڵندەیەکیش بە ئاسمانەوە نەبوو. ئەندرێ لە ئەسپەکەی دابەزی و پیرە بۆق وتی: "لاوی قەشەنگ و قۆز لە ناو جامەکە دەرمبێنە، پێویستە لەم ئاوە بپەڕینەوە". ئەوجا ئەندرێ پیرە بۆقی لە ناو جامەکە دەرهێنا و خستیە سەر زەوییەکە و پیرە بۆق وتی:

ـ بچۆرە سەر پشتم.

ـ ئاخر تۆ زۆر بچووکی و دەترسم بتپلیشێنمەوە.

ـ خەمت نەبێ و مەترسە، خێراکە وەرە سەر پشتم.

ئەوجا ئەندرێ چووە سەر پشتی پیرە بۆق و دانیشت، ئەویش فووی کردە خۆی و هەڵاوسا و تا دەهات زیاتر بەرز دەبووەوە. دواجار ئەوەندە گەورە بوو کە بە قەد شاخێکی لێهات و وتی: "توند منت گرتووە؟" ئەندرێیش وتی: "بەڵێ، داپیرە گیان".

پیرە بۆق ئەمجارەیاش فووی کردە خۆی و هێندەی دارستانێك درێژ بوو. ئەوجا بە یەك بازرەقە لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و ئەندرێی لە سەر پشتی داگرت و بووەوە بە بۆقەکەی جاران و وتی: " ئەی لاو ئەو ڕێگایە بگرە، لەوێدا قوللەیەك هەیە کە نە قوللەیە و نە کۆڵێتە و نە تەویلەیە، بەڵام لە هەر یەکەیان شتێکی تێدایە. بڕۆ ژوورەوە و لە تەنیشت ئاگردانەکەوە بوەستە و لەوێ ئەو شتە دەدۆزیتەوە کە نازانرێ چیە".

ئەندرێ بەرەو قوللەکە ڕۆیشت و تەماشای کرد کوختێکی کۆنە و کوختیش نیە و هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو هەروەها داڵانیشی نەبوو، بەڵام پەرژینێکی بەچواردەورەوە بوو. ئەمیش چووە ژوورەوە و لە پاڵ ئاگردانەکەدا وەستا. هێندەی زانی دەنگەدەنگ و ژاوەژاو لە ناو دارەکانەوە پەیدابوو. پیاوێکی ڕیشنی کەتە بە قەبارە گەورە دەرکەوت و هاواری کرد: "چۆنی نائوومی برا زۆرم برسیمە". دەنگی زۆر ترسنۆکانە و لەرزۆك بوو. ئەوجا لەپڕ خوانێك لە هەوادا دەرکەوت و گۆزەیەك شەرابی ڕوون و بێگەردی لە سەر بوو. خوانەکە گۆشتی گوێرەکەی برژاوی لە سەر دانرابوو لەگەڵ چەقۆیەکدا بۆ ئەوەی پێی لەت بکەیت. پیاوە پیرە ڕیشنەکە دانیشتە سەر گۆشتە برژاوەکە و دەستی برد بۆ چەقۆکە بۆ ئەوەی گۆشتەکەی پێ لەت بکات، ئەوجا سیری پێدا پرژاند و تێیسوی. دواجار کەوتە پاڕانەوە و دۆعاکردن و پاشانیش دەستی کردە خواردن. کەمێکی لە گۆشتە برژاوەکە خوارد بەڵام هەموو گۆزە شەرابەکەی خواردەوە. لە دواییدا بە پیرە بۆقی وت: "چۆنی برا گەورەکەم ئێستا سفرەکە بەزیادکە و هەڵیبگرە". هەر ئەم





قسەیە کرد و لە چاوترووکانێکدا سفرە و خوان پێچرایەوە و دیار نەما وەك ئەوەی کە هەر لەوێدا نەبووبێت وابوو. ئەندرێ چاوەڕێی کرد تا پیاوە کەتە ڕیشنەکە ڕۆیشت ئەوجا لە پاڵ ئاگردانەکە هاتەدەرەوە و بانگی کرد: "نائوومی برا تۆزێ شتم بدەرێ زۆرم برسییە".

وشەکانی کە لە دەمی دەهاتنە دەرەوە زۆر ترسنۆکانە بوو، سفرەیەك لە هەوادا دەرکەوت و هەموو جۆرە خواردن وخواردنەوەیەکی لە سەر دانرابوو. ئەندرێ لە سەر سفرەکە دانیشت و وتی: "دانیشە نائوومی برا، با پێکەوە بخۆین و بخۆینەوە". لێرەدا دەنگێك لە غەیبەوە وەڵامی دایەوە: "زۆر سوپاس بۆ دڵسۆزییەکەت هاوڕێ ئازیزەکەم، ئەوە چەندین ساڵە لێرە خزمەت دەکەم، هەرگیز شتی وام نەبینیوە لە کاتێکدا کە تۆ داوام لێدەکەیت لەگەڵت دانیشمە سەر سفرە و خوانەکە".

ئەندرێ هەر تەماشای دەکرد و لە حەپەساویدا دەمی داچەقاندبوو، چونکە لەو ناوەدا هیچ کەسێکی بە چاو نەدەدی بەڵام خواردنەکان لە سەر سفرە و خوانەکە لە خۆیانەوە ڕیز دەبوون و مەی و شەراب خۆیان دەکرانە ناو بادەوە و لە سەر مێزەکە دەجوولان.

ئەندرێ وتی: ــ ڕێم بدە با بتبینم نائوومی برا.

ــ من کەس نامبینێت، من ئەوەم کە نازانی چیە!

ــ نائوومی برا، دەکرێ خزمەتێکم بکەیت؟

ــ بەڵێ حەزدەکەم. تۆ ڕێکوپێکترین و ئەمەکدارترین کەسی تا ئێستا بینیبێتم.

پاشان کە لە نانخواردن بوونەوە، ئەندرێ وتی: "سفرەکە پاك بکەرەوە و لە گەڵ من وەرە". بەم ڕەنگە لە ماڵ چوونە دەر و لەوێ تەماشای دەوروبەری کرد و وتی: "لێرەیت نائوومی برا؟" دەنگێك وەڵامیدایەوە: " بەڵێ لێرەم ترست نەبێت جێتناهێڵم".

ورده ورده ئەندرێ چوو بۆ لای ڕووبارەکە بۆ ئەو شوێنەی بۆقەکە چاوەڕێی دەکرد وکاتێ گەیشت وتی: ــ لاوی قۆز و قەشەنگ تۆ ئەوەی کەس نازانێ چیت دۆزییەوە؟

ــ بەڵێ داپیرە گیان.

ــ دە کەواتە وەرە سەر پشتم.

بەمجۆرە ئەندرێ چووە سەر پشتی پیرە بۆق و ئەمیش وەك جاری پێشوو فووی کردە خۆی و هەڵاوسا و بازرەقەی بەست و لە ڕووبارەکە پەڕینەوە.

دواجار ئەندرێ زۆر سوپاسی پیرە بۆقی کرد و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. پاش ماوەیەك دەنگی لێهەڵبڕی و پرسی:

ــ لێرەیت نائوومی برا؟

ــ بەڵێ، لێرەم ترست نەبێت هەرگیز جێتناهێڵم.ئەندرێ ڕۆیشت ڕۆیشت تا شەکەت و ماندوو بوو، لە ناکاوێکدا ڕەشەبایەکی توند لە دارستانەکەوە هەڵیکرد و بە سەر شار و دێهاتدا و بە سەر دەریا و زەریاکاندا هەر نرکە و هاژەی دەهات. ئەندرێ زۆر ترسا و خەریك بوو زەندەقی دەچوو و وتی: "نائوومی برام دەمەوێ پشوویەك بدەم".





لەپڕ زریان و ڕەشەبایەك هەڵیکرد و تا دەهات قایمتر دەبوو، ئەندرێی هەڵدایە ناو دەریاکە و شەپۆلی ئاوەکە لوولیدا. لەوێدا ئەندرێ دوورگەیەکی بینی، لە ناو ئەو دوورگەیەدا کۆشنانی لێبوو بنمیچەکەی زێڕ و چواردەوریشی باخچەیەکی جوان و ڕازاوە بوو.

لێرەدا نائوومی برام بە ئەندرێی وت: "بۆ خۆت پشوو بدە و بخۆ و بخۆرەوە، چاوت لە سەر دەریاکە بێت. سێ کەشتیی بازرگانان بە سەوڵ لێدان دێن، بانگهێشتیان بکە بۆ نانخواردنی ئێوارە و ئاهەنگێکی شاهانەیان بۆ بگێڕە. ئەوانە سەروەت و سامانێکی هێجگار زۆریان پێیە و من بگۆڕەرەوە بە سامانەکەیان و لە دواییدا دەگەڕێمەوە بۆ لات".

ماوە چەند تێپەڕی، زۆر یان کەم، کەس نازانێت خوا خۆی نەبێت. بازرگانەکان بەرەو لای کۆشکە بنمیچ زێڕەکە هاتن و باخچە جوانەکەی دەوریان بینی و زۆر لێی سەرسام بوون و وتیان: "زۆر سەیرە، چەندین جارە لێرەوە تێپەڕیوین و هیچ شتێکمان نەبینیوە شەپۆلە شینەکان نەبێت، با بڕۆین بزانین ئەمە چیە". بەمجۆرە سێ بەلەمەکە لەنگەریان گرت و بازرگانەکانیش چوونە ژوورەوە بۆ ناو ئەو کۆشکەی کە لەم دوورگەیەدا دروستکرابوو. ئەندرێیش لە کەناری دەریاکەدا چاوەڕێ بوو بۆ ئەوەی پێشوازیی لە بازرگانەکان بکات و بەخێرهاتنی گەرمی لێکردن. بازرگانەکان تا دەهات زیاتر سەرسام دەبوون لەو بنمیچەی چون تیشکی ڕۆژ دەدرەوشایەوە. باڵندە لە سەر لقی درەختەکان دەیانخوێند و ئاژەڵ و گیانلەبەریش بەو ناوەدا بڵاوبووبوونەوە. بازرگانەکان وتیان:

– برای باش، پێمان بڵێ کێ ئەم شوێنە سەیر و سەرسامکەرەی دروستکردووە؟

ئەندرێ لە وەڵامدا وتی:

– خزمەتکارەکەم، نائوومی برام، لە تەنها شەوێکدا دروستی کرد.

ئەوجا ئەندرێ فەرمووی لە میوانەکان بۆ سەر خوان و وتی: "نائوومی برام، شتێکمان بدەرێ بیخۆین و بیخۆینەوە". لە ناکاوێکدا خوانەکە لە هەوادا دەرکەوت و هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکی لە سەر بوو کە دڵ ئارەزووی بکات. بازرگانەکانیش هەر تەماشایان دەکرد و سەرسام بووبوون لە هەموو ئەو شتانە و وتیان:

– کوڕی باش با ئاڵوگۆڕێك بکەین، تۆ نائوومی خزمەتکارەکەی خۆتمان بدەرێ و ئێمەش هەر یەکەمان شتێکی ئەفسووناویت دەتدەینێ.

– زۆرباشە بزانم چیم دەدەنێ؟

بازرگانی یەکەم دارعاساکەی لە ژێر پاڵتۆکەی دەرهێنا و وتی: "بتبینم دارعاسا، ئازایەتی خۆت پیشانی ئەم پیاوە بدە". هەر کە بازرگان ئەمەی وت دارعاسا کەوتە زۆرانبازی و ئەندرێی نایەژێر و بۆڕیدا و هێندەی نەمابوو لەناوی ببات.

بازرگانی دووەم تەورێکی لەژێر جبەکەی دەرهێنا و دەسکەکەی گرت. تەور دەمی دادەهێنایەوە و دەیوت: تەق تۆق دەرکەوە و کەشتییەك دەردەکەوت، تەق تۆق دەرکەوە و کەشتییەکی تر پەیدا دەبوو، بە خۆیان و چارۆکەیانەوە و تۆپیان لە سەر دابەسترابوو و هەر یەکەشیان





تاقمێك دەریاوانی سرك و ئازای لە سەر بوو چاوەڕێی فەرمان بوون. کابرای بازرگان تەورەکەی سەرەوخوار کرد و لە چاوترووکانێکدا کەشتییەکان دیار نەمان و لەچاو ونبوون.

بازرگانی سێهەمیش بلوێرێکی قامیشی لە گیرفان دەرهێنا و هەر ئەوەندە فووی پێدا کرد سوپایەك پەیدا بوو، پیادە و سوارە، بە تۆپ و تفەنگیانەوە. سوپا نمایشی دەکرد و تەپڵ و کەڕەنا لێدەدرا و بەیداخ دەشەکایەوە و ئەسپ سوار غارغارێنیان دەکرد. پاشان بازرگانەکە فووی کرد بەو سەری قامیشەکەدا و هیچ شتێك لەو ناوەدا دیار نەما.

ئەندرێی تیرئەنداز وتی:

– حەزم لە شتە ئەفسووناوییەکانتانە، هەرچەندە لەچاو ئەوەی مندا هیچ نین بەڵام ئەگەر ئارەزوو دەکەن دەیگۆڕینەوە.

هەرچەندە بازرگانەکان مشتومڕیان لەگەڵ کرد بە دانەیە دوانیان بیگۆڕێتەوە بەڵام ئەندرێ ڕازی نەبوو و پەڵپی هەر سێ شتەکەی گرت. بازرگانەکان لە ناو خۆیاندا کەوتنە ڕاوێژ و تەگبیر و وتیان: "ئێمە چیمان داوە لە دارعاسا و تەور و بلوێرێك؟ واچاکترە لەگەڵ نائوومی برام ئەفسووناویدا بیگۆڕینەوە و هەر کاتێك بمانەوێت دەخۆین و دەخۆینەوە بێئەوەی هیچ کارێك بکەین".

بەمجۆرە بازرگانەکان دارعاسا و تەور و بلوێرەکەیان دا بە ئەندرێ و هاواریان کرد: "نائوومی برا لەگەڵ ئێمە دێیت و بەڕاستیش خزمەتمان دەکەیت؟". لە غەیبەوە دەنگێك وەڵامیدانەوە و وتی:

"بۆچی نایەم، هەمووی هەر یەکە بۆ من خزمەتی کێ بکەم".

بەم ڕەنگە بازرگانەکان چوونەوە ناو کەشتییەکانیان و بە خۆشی و شادییەوە کەوتنە ئاهەنگ گێڕان و سەرگەرمی خواردن و خواردنەوە بوون و هەر هات و هاواریان بوو: "بە خۆشیی سەری ئێوە، نائوومی برا ئەمەمان بۆ بێنە و ئەوەمان بۆ بەرە!" ئەوەندەیان خواردەوە تا خەویان لێکەوت و لە شوێنی خۆیاندا لاروپاڵ کەوتن.

ئەندرێی تیرئەندازیش خۆی بە تاقی تەنها لە کۆشکەکەدا کرووشکەی کردبوو و لە بەر خۆیەوە دەیوت:

ـ داماو خۆم، ئاخۆ ئێستا خزمەتکارە دڵسۆزەکەم نائوومی برا لە کوێ بێت؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەتام لێرەم فەرمانت بەچیە؟

ئەندرێ لە خۆشییاندا نەیدەزانی چیبکات و وتی: "ئازیزم نائوومی برام حەز دەکەم بمبەیتە ماڵەوە بۆ لای هاوسەرەکەم".

هەروەکو جاری پێشوو ڕەشەبا و زریان هەڵیکرد و لە گەڵ خۆی لوولیدا و هەڵیگرت و لە ولاتی خۆی دایبەزاند. لەم کاتەدا بازرگانەکان خەو بەریدان و هەستیان بە نەخۆشی و تینوێتی دەکرد و هاواریان دەکرد "نائوومی برا کەمێك خواردن و خواردنەوەمان بۆ بێنە با بیخۆینەوە".

ئەوان تا دەهات بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەهاتە گوێ. ئەوجا کە تەماشایان کرد کۆشکەکەی دیارنەماوە و لە شەپۆلێکی شین بەولاوە هیچ شتێك نەمابوو. بازرگانەکان زۆر پەست بوون و وتیان "تۆ تەماشا ئەم پیاوخراپە چ ساختە و فێڵێکی





لێکردین!" بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو ئەوە نەبێ کە سواری کەشتییەکانیان بن و بۆی دەرچن.

هەر لەو سەروبەندەدا ئەندرێی تیرئەنداز بەرەو ماڵەوە فڕی و لە نزیك زنجەکەیەوە دابەزی و تەماشای کرد ماڵ لە شوێنی خۆی نەماوە تەنها دووکەڵکێشێکی ڕەش نەبێت. ئەمیش سەری هەڵبڕی و بەرەو چۆڵایی دەریا شینەکە ڕۆیشت و ڕوانی باڵندەیەك بە سەر دەریاکەوە دێت و دەچێت، لەناکاو خۆی کێشا بە زەویدا و بووەوە بە شازادە ماریای جوان و قەشەنگ. بەم جۆرە هەردوکیان بە یەکتر شاد و شوکر بوونەوە و هەر یەکەیان دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی.

شازادە ماریا وتی:

"هەر کە تۆ ڕۆیشتی منیش بووم بە کۆترێك و کەوتمە فڕین، سێ جار پاشا ناردی بە شوێنمدا بەڵام نەیاندۆزیمەوە و ماڵەکەیان سووتاندین".

ئەندرێیش هاواری کرد:

"نائوومی برا دەتوانیت کۆشنانمان بۆ دروست بکەیت لە سەر دەریا شینەکە؟".

ئەویش وتی: "بۆ نا، لە چاوترووکانێکدا بۆتانی دروست دەکەم".

جا هەر واش بوو، پێش ئەوەی کە ئەوان سەیری دەوروپشتی خۆیان بکەن کۆشکەکە دروستکرا، کە کۆشکێکی زۆر گەورە بوو، لە کۆشکی پاشا گەورەتر بوو. باخێکی گەورە و خۆشی تێدا بوو بولبول لە سەر چڵی دارەکان دەیانخوێند و ئاژەڵ و گیانداری زۆری تێدابوو و بەجارێ

سەرسام دەبوویت لە جوانییەکەی.

ئەندرێی تیرئەنداز و شازادە ماریا چوونە ناو کۆشکەکەوە و لە بەردەم کۆشکەکەدا دانیشتن و دەستیان کرد بە قسە کردن و چاویان بڕیبووە یەکتری و هەردوکیان پێکەوە بە خۆشیی دەژیان و هەقیان بە سەر کەسەوە نەبوو.

ڕۆژێکیان پاشا بۆ ڕاوکردن چووە دەرەوە و ڕوانی کۆشکێك لە سەر دەریایەك دروستکراوە و پێشتر لەوێدا نەبووە. ئەمیش بە سەرسوڕمانێکەوە وتی: "ئەوە چ چاونەترسێك ئەم کۆشکەی دروستکردووە بە بێ ڕەزامەندیی من؟"

ئەوجا پاشا دەستوپێوەندی نارد بزانێ ئەمە کێیە و کاتێ گەڕانەوە وتیان ئەندرێی تیرئەنداز کۆشکەکەی دروستکردووە و خۆی و شازادە ماریای تێدا دەژین.

پاشا لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە پشتی سەری و ئاگری دەکردەوە. پاشان ناردی بە شوێن ئەندرێدا بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی فەرمانەکەی بەجێنەهێناوە.ئەمەش وای لە پاشا کرد کە زیاتر پەست و تووڕە بێت و فەرمانی دا لەشکرەکەی بەرەو ڕووی دەریاکە بڕۆن و کۆشکەکە بە تۆپ وێران بکەن و شازادە ماریا و ئەندرێ بکوژن.

کاتێ ئەندرێ تەماشای کرد وا لەشکر و سوپای پاشا بە نیازن هێرشی بکەنە سەر، دەسبەجێ تەورەکەی دەرهێنا و دەسکەکەی گرت و ڕایوەشاند و کەشتی لە دوای کەشتی پەیدا بوون تا ژمارەیان گەیشتە سەد دانە بە خۆیان و چەك و جبەخانە و تۆپ و جەنگاوەریانەوە.





پاشان ئەندرێ بلوێرەکەی دەرهێنا و فووی پێداکرد و ئەو ناوە یەکپارچە بوو بە لەشکر و سەرباز بە خۆیان و ئالاّ و چەکیانەوە. لەشکری پیادەی ئەندرێ بەرانبەریان لە لەشکری پاشا گرت و بەشەڕهاتن و تێکیانشکاندن. ئەسپ سوارەکانیشی هەڵیانکوتا غار و دەوریان دان و چەندینیان لێ بەدیل گرتن. دواجار لەشکری پاشا شکستی هێنا و پاشەکشەی کرد. کە پاشاش بینی وا لەشکرەکەی هەڵدێت زۆر تورە بوو و پێشی لێگرتن.

لێرەدا ئەندرێ دارعاساکەی دەرهێنا و فەرمانی دایە و ئەویش بە هەڵبەز و دابەز کەوتە وێزەی پاشا و هێندەی کوتا تا شکەتی کرد و دواجار کوشتی. بەم جۆرە شەڕ کۆتایی هات و پاشان خەڵکەکە پۆل پۆل دەهاتن و داوایان لە ئەندرێ دەکرد بچێتە سەر تەختی پاشایی.

بەم شێوەیە ئەندرێ ڕەزامەندیی دەربڕی لە سەر داواکاریی خەڵکەکە و ئاهەنگێکی هێند گەورەیان ڕێکخست کە لە جیهاندا وێنەی نەبوو. ئەوجا پێکەوە لەگەڵ شازادە ماریادا فەرمانڕەواییان دەکرد و بە خۆشی و کامەرانی ژیانیان بردە سەر.

# کچە وردیلە و قوڵنگەکان

لە ڕۆژگارێکی کۆندا جووتیارێك لەگەڵ ژنەکەی و کوڕ و کچێکی بچووکیدا دەژیان. ڕۆژێکیان دایکەکە بە کچەکەی وت: "کچەکەم، ئێمە دەڕۆین بۆ ئیش، تۆش ئاگات لە برا بچووکەکەت بێت و ئاقڵانە مەیەڵە براکەت بڕواتە دەرەوە. منیش کە هاتمەوە دیارییەکی جوانت بۆ دێنم".

پاشان دایکە و باوکە لێیاندا ڕۆیشتن و کچەکەش وەك هیچی پێنەوترابێت برا بچووکەکەی لە سەر زەوییەکە لە ژێر پەنجەرەکەدا نازدار و خۆیشی چووە دەرەوە بۆ یاری کردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا و هەموو شتێکی لەبیرکرد. لە ناکاوێکدا پۆلە قوڵنگێك کە بە ئاسمانی ڕاسەریاندا دەفڕین نیشتنەوە و برا بچووکیان خستە سەر باڵی خۆیان و بردیان بە ئاسماندا.

کچە بچووکیش هاتە ماڵەوە و سەیری کرد کەس دیار نیە و براکەی لێنەماوە و ڕۆیشتووە. کچەکە هات و ڕۆیشت بەڵام لە هیچ شوێنێك نەیدۆزییەوە. دەستی کرد بە بانگ کردن و گریان و هەنسکدان، چونکە دەیزانی کە دایك و باوکی لە سەر ئەم کەمتەرخەمییەی لێیدەدەن. بەڵام برا بچووك هیچ سۆراخێکی نەبوو.

ئەوجا کچە ڕۆیشتە دەرەوە بۆ ناو کێڵگە و مەزراکان و هیچ شتێکی نەبینی تەنها چەند قوڵنگێك نەبێت کە بە ئاسماندا و بە سەر دارستانەکەدا دەفڕین و زانی کە ئەو شتەی بە سەر پشتیانەوەیە





براکەیەتی. واش باوە لای خەڵك کە قوڵنگ باڵندەی بەدڕەفتارن و منداڵی بچووك دەفڕێنن. کچە بە هەڵەداوان و بە ڕاکردن کەوتە شوێن پۆلە قوڵنگەکە تا گەیشتە تەنوورێك و هاواری کرد "تەنوور، تەنوور ئەوە پۆلە قوڵنگەکە بەرەو کوێ فڕین؟" تەنووریش لە وەڵامدا وتی: "تۆ دانەیەك لەم کولیچانەی من بخۆ کە لە ئاردی گاڵ دروستم کردوون، جا پێت دەڵێم بۆ کوێ فڕین". کچەکەش وتی: "چی من کولیچەی گاڵ بخۆم؟ من لە ماڵی خۆمان ئەو کولیچەیەش ناخۆم کە لە ئاردی گەنم دروستی دەکەین!".

لەبەرئەوە تەنوورەکە هیچ شتێکی بە کچەکە نەوت و ناچار ئەمیش کەوتەوە ڕاکردن و ماوەیەکی دوور ڕۆیشت و تووشی دارسێوێك بوو پێی وت: "دارسێوەکە، دارسێوەکە پێم بڵێ پۆلە قوڵنگەکە بەرەو کوێوە فڕین؟". دارسێویش وتی: "یەنان لەو سێوە کێوییانەم بخۆ ئەوجا پێت دەڵێم بۆ کوێوە فڕین". کچەکەش وتی: "چی! من لە ماڵەوە تەنانەت سێوی باخەکەی خۆشمان ناخۆم". لەبەرئەوە دارسێوەکەش هیچی بە کچەکە نەوت.

کچە دیسانەوە بە ڕاکردن هەیپێی لێکرد و ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە ڕووباری شیری لێوار حەڵوا. کچە ڕووی تێکرد و وتی: "ڕووباری شیری لێوار حەڵوا پێم بڵێ پۆلە قوڵنگەکە بەرەو کوێوە فڕین؟" ئەویش وتی: "کەمێك لە شیر و حەڵواکەم بخۆ پێت دەڵێم بۆ کوێوە فڕیوە".

کچەش لە وەڵامدا وتی: "چی! ئێمە لە ماڵی خۆمان تەنانەت حەڵوا لەگەڵ کرێمیش ناخۆین". بەمجۆرە ڕووباری شیریش هیچی پێنەوت.

كچە وردیلە ماوەیەكی زۆر بە ناو كێڵگە و دارستاندا ڕایكرد تا ڕۆژی لێ ئاوابوو و تاریك داهات و چاری نەما لەوە زیاتر كە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. لە ناكاوێكدا چی بینی؟ زنجێكی قەشەنگ و جوان كە بە چواردەوری خۆیدا دەخولایەوە بێئەوەی هیچ دەنگێكی لێوە بێت.

زنجەكە یەك پەنجەرەی تێدا بوو، لە ناویدا بابا ـ یاگای جادووگەر دانیشتبوو پەتكی دەڕست، برا بچووكەكەشی لە سەر سەكۆكە دانیشتبوو یاریی بە چەند سێوێكی زیوین دەكرد. كچە وردیلەش چووە ژوورەوە و وتی: "ئێوارەت باش داپیرە". ئەویش لە وەڵامدا وتی: "ئێوارەت باش كیژۆڵە نەشمیلانەكە، چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟"

كچەش وتی: "بە ناو كێڵگە و درەختەكاندا بە درێژایی ڕۆژ بە پێیان هاتووم، بە سەر زۆنگاو و زەلكاوەكاندا گیانم تەڕ بووە و ئەگەر دەكرێ كەمێك گەرمم بكەیتەوە".

ئەویش وتی: "دانیشە و پەتك بڕێسە".

ئەوجا بابا ـ یاگا تەشییەكی دایە دەستی كچە وردیلە و خۆی چووە دەرەوە، كچە وردیلەش بۆ خۆی دانیشت و دەستی كردە تەشی ڕستن. لەناكاو مشنان لە ژێر ئاگردانەكەوە هاتەدەر و پێی وت: "كیژە جوانەكە، كیژە جوانەكە هەندێ شۆربام بدەرێ جا منیش چەند ڕازێكت بۆ دەدركێنم. كچەش هەندێ شۆربای دایە و مشكەكە پێی وت: "بابا ـ یاگا چووەتە دەرەوە ئاگر بكاتەوە بۆ ئەوەی تۆی تێدا بپیشێنێت و بتبرژێنێت و پاشان بتخوا و ئێسك و پرووسكیشت داكرمێنێت".

كچە بەجارێ زەندەقی چوو و نەیدەزانی چیبكات، بەڵام مشكەكە





جەختی لێكرد و وتی:"پەلە بكە برا بچووكەكەت هەڵبگرە و ڕاكە منیش تەشییەكەت بۆ دەڕێسم".

كیژە خنجیلە لە ترسا خەریكبوو زارەترەك بێت و لە تاوا كەوتە گریان و هەنسكدان. بەڵام مشكە لە سەر قسەكەی ڕۆیشت و وتی:"خێراكە برا خنجیلەكەت ببە و ڕاكە، من لەجیاتی تۆ پەتكەكە دەڕێسم". بەمجۆرە كچە بچووك باوەشی كرد بە برا خنجیلەكەیدا و ڕایكرد.

بابا ـ یاگاش جار بە جار دەچووە بەر پەنجەرەكە و دەیپرسی:" كیژۆڵە جوانەكە هەر بەردەوامیت لە سەر تەشی ڕستن؟" مشكەكەش وەڵامی دەدایەوە: "بەڵێ داپیرە هەر خەریكم".

بابا ـ یاگاش ئاگرێكی گەورەی لە بەردەم ماڵەكەیدا كردبووەوە و هاتبوو كچەكە بەرێت، بەڵام كە هاتە ژوورەوە كەسی لێنەبوو، بۆیە هاواری لێهەڵسا: "بۆ كوێ ڕۆیشتن؟ قاز و قوڵنگ بڕۆن بیانگرن".

كچەكەش برا بچووكەكەی نازدارو خۆی بەپەلە ڕایكرد بۆ ڕووبارە شیرەكە و قوڵنگی چاوكرد كە بەدوایاندا دەگەڕا.

كچە بە گریانەوە بە ڕووبارە شیرەكەی وت: "توخوا بمشارەوە".

ڕووبارە شیرەكەش وتی: "پەرداخێك لە حەڵوای لێوارەكەم بخۆ.

كچەكەش تۆزێكی لێخوارد و سوپاسی كرد. لەبەرئەوە ڕووبارە شیرەكە كچە وردیلە و برا بچووكەكەی لە حەڵوای لێوارەكەدا شاردەوە و دەستی كردەوە بە ڕاكردن، بەڵام قوڵنگەكان بەرەوڕووی ئەوان دەهاتن ولەوەدا بوو بەدییان بكەن. كچەكەش چیبكات باشە؟ لە ڕاكردنەكەیدا گەیشتە دارسێوەكە و پێی وت: " دارسێوەكە بمشارەوە". دارسێوەكەش وتی:

"یەك لە سێوەكانم بخۆ". كچەكەش بەپەلە سێوێكی خوارد و سوپاسی كرد. ئەوجا دارسێوەكە كچەكە و برا بچووكەكەی لە ژێر گەڵا و لق و پۆكانیدا شاردەوە. قوڵنگەكانیش ئەوانیان نەبینی و بە سەریاندا تێپەڕین.

كچە دووبارە براكەی هەڵگرتەوە و كەوتەوە ڕاكردن و دواجار خەریك بوو دەگەیشت ماڵەوە كەچی قوڵنگەكان بەدییان كرد و كەوتنە باڵەتەپە بە ڕاسەریەوە و هێندەی نەمابوو برا بچووكی لە دەست دەربكەن و بیفرێنن. كچە لە تاوا بەرەو تەنوورەكە ڕۆیشت و هاواری كرد "تەنوور گیان بمشارەوە"، ئەویش وتی: "یەك نان لەو نانانەم بخۆ". كچە وردیلەش پارچە نانێكی خستە دەمیەوە و خۆی و براكەی چوونە ناو تەنوورەكەوە. قوڵنگەكانیش بە ڕاسەرەوە هەر دەیانقیڕاند و باڵەتەپەیان بوو، بەڵام دواجار گەڕانەوە بۆ لای بابا ـ یاگاش و هیچیان نەدی.

كچە وردیلەش زۆر سوپاسی تەنوورەكەی كرد و لەگەڵ برا بچووكەكەیدا بەرەو ماڵ بووەوە و دایك و باوكیشیان دەمێك بوو گەڕابوونەوە.





# سێوە لاسوورە و ژێرپیاڵە زیوینەكە

لە سەروەخت و زەمانێكدا پیرەمێرد و پیرەژنێك دەژیان و سێ كچیان هەبوو. دوو كچە گەورەكەیان هەمیشە حەزیان بە خۆگۆڕین و زۆریان حەز دەكرد بچنە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام كچە بچووكەكەیان زۆر بێدەنگ و بێفیز بوو لە ژیانیدا.

دوو كچە گەورەكە هەمیشە بریقەیان دەهات و خۆیان دەڕازاندەوە و گوڵ و ملوانكە و متموورووویان بە خۆدا دەكرد و چاویان كلڕێژ دەكرد و پێڵاوی پاژنە بەرزیان لە پێ دەكرد. بەڵام ماشا سەرتاپا بەژنی ڕەش بوو چون چاوەكانی و تەنها جوانیی ئەم كچە قژی ئاڵتوونییەكەی بوو كە لە سەر زەوی و بە سەر گوڵی ڕێگەكەیدا دەخشا. دوو خوشكە گەورەكە تەمەڵ بوون و ڕۆژ تا ئێوارە دادەنیشتن و هیچ كارێكیان نەدەكرد و وەك دوو ژنی سەرە هەڵسوكەوتیان دەكرد، بەڵام ماشاش بەردەوام لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەرقاڵی كار و خەریكی كێڵگە و باخەكەیان بوو. مەزرای سەوزەی بژار دەكرد و داری دەشكاند بۆ ئاگردان و ڕووناككردنەوەی ماڵەكەیان، مانگای دەدۆشی ودانی قاز و مراوییەكانی دەدا. هەركەسێك پرسیاری شتێكی بكردایە ماشا یەكسەر ڕایدەكرد و هەرچی بویستایە بۆی دەهێنا و هەمیشە ئامادە بوو گوێ بۆ هەموو كەسێك ڕابگرێت.

خوشكە گەورەكانیش فەرمانیان بە ماشا دەكرد هەموو شتێك بكات و ئەوانیش بۆ خۆیان دادەنیشتن.

ڕۆژێکیان باوکیان دەچوو بۆ بازاڕ بۆ ئەوەی هەندێك کا بفرۆشێت و پەیمانی دابوو کە گەڕایەوە دیاریی بۆ کچەکانی بهێنێتەوە. کچە گەورەکە وتی: "پارچەیەك قوماشی ئاوریشمی شینم بۆ بێنە". کچی دووەمیش وتی: "پارچەیەك قوماشی قەیفەی سوورم بۆ بێنە". بەڵام ماشا هیچی نەوت. باوکیشیان دەستێکی بە سەریدا هێنا و پێی وت: "چیت بۆ بێنم کچە بچووکەکەم؟"

ماشاش وتی: "بابە گیان من حەزم لە ژێرپیاڵەیەکی زیوین و سێوەلاسوورەیەکە". بەمە خوشکە گەورەکان دەستیان کردە پێکەنین و ئەوەندە پێدەکەنین دەیانکێشا بە یەکتردا و دەیانوت: "بۆ ئەمەندە شێتی ماشا؟ باخێکی گەورەی دارسێومان هەیە و دەتوانیت حەزت لە کام سێو بێت لێی بکەیتەوە و بیخۆیت. ژێرپیاڵەشت بۆچیە؟ بۆ ئەوەی خواردنی مراوییەکانتی تێبکەیت". ماشاش وتی: "نا، خوشکە خۆشەویستەکانم، من دەمەوێت سێوەکە لە سەر ژێرپیاڵەکە بخولێنمەوە و جادووی بە سەردا بخوێنم. پیرەژنێکی سواڵکەر ئەمەی فێرکردم".

ئەوانیش هێندەی تر دایانە تریقەی پێکەنین و خەریك بوو ببچڕێن. لێرەدا باوکیان وتی: "بەسیە، بێدەنگ بن نامەوێ بە خوشکەکەتان پێبکەنن، منیش هەموو ئەو دیارییانەتان بۆ دەهێنم کە دڵتان ئارەزووی دەکات".

ئەوجا باوکیان کەوتەڕێ و کەس نازانێت چەندی ڕێگا بڕی. پاشان هەموو کاکەی فرۆشت و ئەو دیارییانەی کڕی کە کچەکانی داوایان کردبوو.





بۆ کچە گەورەکەی پارچەیەك قوماشی ئاوریشمی شین و بۆ کچی دووەمیش پارچەیەك قوماشی قەدیفەی سوور و بۆ ماشای کچی بچووکیش ژێرپیاڵەیەکی زیو و سێوە لاسوورەیەك.

دوو خوشکە گەورەکە زۆر دڵخۆش بوون بە دیارییەکانیان و کردیان بە جل بۆ خۆیان و بە ماشاش پێدەکەنین و پێیاندەوت: "گەوجە بچۆ بە لای سێوەکەتەوە!".

ماشاش لە سووچێکی ماڵەکەیاندا دانیشت و سێوە لاسوورەکەی لە سەر ژێرپیاڵە زیوینەکە دەخولاندەوە و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەوت: "سێوە لاسوورەکە لە سەر ژێرپیاڵە زیوینەکە بخولێرەوە شاران و مێرگوزاران، دەریا و دارستانم پیشان بدە، چیا سەرکەشەکان و ئاسمانە شینەکان و خاك و وڵاتی شیرینم پیشان بدە!".

لە ناکاودا زەنگێك لێیدا و تەواوی ماڵەکە ڕووناکبووەوە. سێوە لاسوورە لە سەر ژێرپیاڵە زیوینەکە سووڕی دەخوارد و لەناکاوێکدا هەموو شار و دۆڵ و یاڵ و تەختایی دەرکەوتن، سەربازان لە مەیداندا بە قەڵغان شمشێرەکانیانەوە، مێرگ و سەوزایی، کەشتیگەل لە دەریادا و چیای سەرکەش و ئاسمانی شینی دەرکەوتن. لە ئاسماندا خۆری پرشنگدار و تریفەی مانگە شەو دەستلەملانیان بوو، ئەستێرەکانیش ئەڵقەی سەمایان بەستبوو، قاز و مراویش لە نێو دەریاچەکاندا بە لەنجە و لار مەلەیان دەکرد و دەیانقیڕاند.

خوشکەکان تەماشای ئەم بەزمەیان دەکرد و جاڕی سەختیان لێدەکێشا و بەردەوام لە خولیای ئەوەدا بوون سێوە لاسوورە و ژێرپیاڵە زیوینەکە

ببەن، بۆیە خۆیان لە ماشا نزیك دەکردەوە و قسەی خۆشیان لەگەڵ دەکرد بۆ ئەوەی هەڵیخەڵەتێنن.

ڕۆژێکیان خوشکەکان بڕیاریاندا کە ماشا بەرن بۆ دارستانەکە و پێیانوت: "خوشکی ئازیزمان با بڕۆین بۆ دارستانەکە، هەندێك تووە کێویلە کۆ بکەینەوە و بیهێنینەوە بۆ دایك و باوکمان".

ئەوجا هەرسێکیان ڕۆیشتن بۆ دارستانەکە بەڵام هیچ توویەك لەو ناوەدا نەبوو. ماشاش ژێرپیاڵە زیوینەکە و سێوە لاسوورەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە گۆرانی وتن: "سێوە لاسوورە لە سەر ژێرپیاڵە زیوینەکە بخولێرەوە و پیشانمدە تووە کێویلە لە کوێدایە".

ئەوجا دەسبەجێ بوو بە زرەی زەنگ و دارستان و هەموو شتە ئەفسووناوییەکان دەرکەوتن: ئەو شوێنەی کە تووە کێوییەکانی تێدا ڕواوە، گوڵی حەوت ڕەنگ وقارچکی لە ژێر ئەرزەوە هەڵتۆقیو خۆیان حەشاردابوو، کانیاوەکان فیچقەیان دەهات و قاز و مراویش لە دەریاچە و گۆلاوەکاندا خۆیان نوقم دەکرد.

دوو خوشکە خۆپەرستەکەی ماشاش تەماشایان دەکرد و جاڕیان لێدەکێشا و لە داخا بەرچاویان تاریك بوو و بە دارێکی گرێگرێ هاتنە وێزەی ماشا و کوشتیان. پاشان لە ژێر داربەتوولایەکدا ناشتیان و سێوە لاسوورە و ژێرپیاڵە زیوینەکەیان بۆ خۆیان برد. کاتێ گەیشتنە ماڵەوە ئێوارە داهات و سەبەتەیەکی پڕ لە قارچك و تووە کێویلەیان بردەوە بۆ ماڵەوە و بە دایك و باوکیان وت: "ماشا لە ئێمە دوورکەوتەوە و ونبوو، هەموو شوێنێکی بۆ گەڕاین نەماندۆزییەوە، لەوانەیە لە نێو دارستانە





چڕەکەدا گورگ خواردبێتی". دایکی دەستی کرد بە گریان و باوکیشی وتی: "سێوەکە لە سەر ژێرپیاڵەکە بخولێننەوە لەوانەیە دەریبخات ماشا لە کوێیە". خوشکەکان زۆر ترسان و ڕەنگیان هەڵبزڕکا، بەڵام دەبوو فەرمانی باوکیان بەجێبێنن، بۆیە سێوەکەیان خستە ناو ژێرپیاڵە زیوینەکە، بەڵام سووڕی نەدەخوارد و هیچی لە سەر نەدەبینرا نە باخچە و نە کێڵگە و نە چیای سەرکەش و نە ئاسمانی شین هیچی پیشان نەدا.

لەو کات و ساتەدا کوڕە شوانێکی لاو لە دارستانەکە هاتە دەر و بەشوێن مەڕێکدا دەگەڕا کە لە مێگەلەکە بڕبووبوو. شوانە چووە ژێر داربەتوولایەکی سپی کەوا کۆمەڵە خۆڵێك لە بنیدا خڕکرابوو، چواردەوریشی گوڵی لێڕوابوو. ئەوجا دەستی دایە قامیشێك بۆ ئەوەی بیکات بە شمشاڵ و بیژەنێت. لەوەدا بوو کە شمشاڵەکە ببات بۆ لێوی و دەست بکات بە گۆرانی وتن، دەنگێك لە غەیبەوە هات و وتی: "توخوا شوانە شمشاڵێکی خۆش ئاواز بژەنە، گۆرانییەکی بەجۆش بچڕە کە دڵ خۆش بکات! مخابن بۆ منی کیژە داماوێك، بۆ ژێرپیاڵەیەکی زیوین و سێوە لاسوورەیەك دەستیان چووە خوێنم و کوشتمیان".شوانەکە زۆر ترسا و خێرا بەرەو ئاوایی ڕایکرد تەواوی بەسەرهاتی بۆ خەڵکەکەی گێڕایەوە.

خەڵکی ئاواییش لێی کۆبوونەوە و گوێیان بۆ شلکرد و لەترسا کەوتنە ورتەورت. هەروەها لەو کاتەدا هاتە ناو خەڵکەکە و گوێی لەو قسە و باسە هەڵخستبوو.

شوانە شمشاڵەکەی هەڵگرت و هە کە بردی بۆ لێوی دەسبەجێ ئاوازێکە هاتەدەر: "ئادەی شمشاڵ ئاوازە خۆشخوان و دڵتەزێنـەکانت لێـدە. بـا باوکم گوێی لێبێت و دڵنیا بێت کە منیان کوشتووە بـۆ ئـەوەی ژێرپیاڵـە زیوینەکە و سێوە لاسوورەکە بۆ خۆیان ببەن". باوکـە دەسـتی کـرد بـە گریـان و بـە شـوانەکەی وت: "بمبـە بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە قامیـشەکەت لێبرشـی و کـردت بـە شمـشاڵ". شـوانەش کەوتـە تـەکی بـۆ دارسـتانە چڕەکە و چوون بۆ بن داربەتوولاکـەی گـوڵی تێـدا ڕوابـوو، باڵنـدەی لـە سەر هەڵنیشتبوو دەیانخوێند. پاشان کۆمەڵە خۆڵەکەیان هەڵدایـەوە کـە ماشای لە ژێـردا ڕاکشابوو، مردبـوو بـەڵام لـە جـاران جـوانتر دەنوانـد و دەتوت خـەوی لێکـەوتووە و سـەر کوڵمـەکانی هـەر بـە گـوڵ دەچـوون. شمشاڵەکەش بەردەوام بوو لە سەر ژەنین و گۆرانی وتـن: " شمـشاڵەکە لێدە لە ئاوازی خۆش و ناخۆش، باوکـە گـوێ بگـرە بزانـە چـیدەڵێم، لـە لایـەن خوشـکەکانمەوە برامـە نـاو دارسـتانە چـڕەکە و هـەر لـە لایـەن خوشکەکانیشمەوە لە دارستانەکەدا کوژرام. شمشاڵەکە لێدە لـە ئـاوازی خـۆش و نـاخۆش، باوکـە گـوێ بگـرە بزانـە چـیدەڵێم، ئەگـەر دەتـەوێ جارێکیتر زیندوو ببمەوە، پێویستە تۆزێك ئاوی کریستاڵم بـۆ هـەڵگۆزیت لە بیرەکەی ماڵی پاشا خۆی".لێرەدا دوو خوشـکە دڵ ڕەشـەکەی ماشـا لەرزیان لێهات و ڕەنگیان گۆڕا و هاتن بە چۆکدا و دانیان بـە تاوانـەکانی خۆیاندا نا. دواجار لە زیندان تونـد کـران و چـاوەڕێی فـەرمانی پاشـایان دەکـرد. بـاوکی پیریـش بـەرەو شـاری پاشـا بەرێکـەوت، کـەم یـان زۆر ڕۆیشت کەس نازانێ خوا خۆی نەبێت و دواجـار گەیـشتە شـاری پاشـا و





یەکسەر چوو بۆ کۆشك و لەوکاتەدا پاشـا لـە دالانـە زێڕینەکـەی دەهاتـە خوار و پیرەمێرد سەری بۆ پاشا دانەواند و هەموو شتێکی بۆ گێڕایـەوە. پاشاش وتـی: "برۆ لە بیرەکەی من ئاوی بۆ هەڵگۆزە و بۆی ببـە. ئەگـەر کچەکەت ژیانی هاتەوەبەر ئەوە لەگەڵ دوو خۆشکە خراپەکەی بیانهێنـە بۆ ئێرە و سێوە لاسورەکە و ژێرپیاڵە زیوینەکەش لەگەڵ خۆتاندا بهێـنن بۆ ئێرە و لە بیرتان نەچێت".

پیرە زۆر دڵخۆش بوو بەمە و چـەند جارێك سـەری بـۆ پاشـا دانەوانـد و شووشـەیەك ئـاوی حـەیاتی لـە بیرەکـەی پاشـا دەرهێنـا. ئـەوجا خێـرا گەیشتە لای ماشا و ئاوەکەی بە ڕوومەتیدا پرژاند ئـەویش گەڕایـەوە بـۆ ژیان و وەك کۆترێك بە باوکیەوە نووسا. خەڵکەکەیش بەرەوڕوویان هاتن و خۆشحاڵییان دەردەبـڕی. پاشـان پـیرە لەگـەڵ سـێ کـچەکەیدا بـەرەو شاری پاشا بەڕێکەوتن و چوونە خزمەتی.

پاشا هاتە ژوورەوە و تەماشایەکی ماشای کرد، کە وەکو گوڵێکی بـەهار ڕاوەستابوو، چاوەکانی وەك تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە. دەموچاویشی وەکـو ڕووی ئاسمـان وابـوو لـە بەرەبەیانـدا، فرمێـسکیش وەك دەنکـە مرواری بە سەر کوڵمەکانیدا دەهاتنە خوار. پاشا لە ماشای پرسی "کـوا سـێوە لاسـوورەکە و ژێرپیاڵـە زیوینەکـەت؟". ماشـاش دەریهێنـان و سێوەکەی لە سـەر ژێرپیاڵەکـە دەخولانـدەوە و لـەناکاو زەنگێکـی بـەرز لێیـدا و یـەك لـە دوای یـەك شـار و دێهـاتی ڕووسـیا لـە ژێرپیاڵەکـەدا دەرکەوتن. لە شارەکاندا لەشکر پۆل پۆل وەستابوون بە خۆیـان و تـاقم و تفەنگ و ئاڵاکانیانەوە و چاوەڕێی فـەرمان بـوون. سەرلەشـکرەکانیش

لە ریزی پێشەوەی هێزەکان وەستابوون. ئەوجا شەڕە تەقە دامەزرا و دووکەڵ ئەو ناوەی گرت و چاو چاوی نەدەبینی دەتوت نیوەشەوە.

سێوە لاسوورە بەردەوام لە ناو ژێرپیاڵە زیوینەکەدا دەخولایەوە و ئەوجا دەریا دەرکەوت و شەپۆلی دەدا و کەشتی چون قاز ومراوی ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد تیایدا، خۆری درەوشاوە دوای مانگی ڕەنگ زەرد کەوتبوو. ئەستێرە جریوەیان دەهات و باڵندەکانیش بە ئاسماندا لە شەقەی باڵیان دابوو. پاشا بەجارێ سەرسام بوو لەو هەموو دیمەنە پڕ سەیر و سەمەرانە. بەڵام ماشا یەکبینە دەگریا و کوڵی نەدەنیشتەوە و بە پاشای وت: "سێوە لاسوورەکە و ژێرپیاڵە زیوینەکەم بۆ خۆت ببە، بەڵام خوشکەکانم لە بەر من مەکوژە و بیانبەخشە".

پاشا ماشای لە سەر ئەژنۆ هەڵساندەوەو پێی وت: "ژێرپیاڵەکەت لە زیوە بەڵام دڵت لە زێڕە، تۆش دەبیت بە هاوسەرێکی ئازا و بەوەفای من کە لە تەواوی مەملەکەتمدا مایەی خۆشەویستی و بڕوا بیت! لە سەر داوای تۆش واخوشکەکانتم بەخشی". پاشان ئاهەنگێکی قەشەنگ سازدرا و هەموو بە دڵی خۆشەوە تێیدا بەشدار بوون و هێند سەمایان کرد پاژنەی پێڵاوەکانیان شکا و زەویش لە ژێرپێیاندا زرمەی دەهات.

ئازیزان، بەم ڕەنگە چیرۆکەکەش کۆتایی پێهات.





# بە فەرمانی ماسی

لە سەروەخت و زەمانێکی کۆندا پیاوێکی پیر سێ کوڕی هەبوو، دوان لە کوڕەکانی زیرەك و وریا بوون، بەڵام کوڕی سێهەمیان کە ناوی ئیمیڵیا بوو گەوج و بێئەقڵ بوو. دوو برا گەورەکە هەمیشە خەریکی کارکردن بوون، لە کاتێکدا کە ئیمیڵیا لە ماڵەوە لە گوێی ئاگردانەکەدا پاڵکەوتبوو ئاگای لە دنیا نەبوو.

ڕۆژێکیان دوو برا گەورەکە ڕۆیشتن بۆ بازاڕ و ژنەکانیان بە ئیمیڵیایان وت: "بڕۆ کەمێك ئاو بهێنە". ئیمیڵیاش لە وەڵامدا وتی: "ناچم حەزم لەو کارە نیە". ئەوانیش وتیان: "ئەگەر نەچیت بە براکانت دەڵێین لە بازاڕ دیاریت بۆ نەهێنن لەگەڵ خۆیاندا". ئەویش بە ناچاری وتی: "باشە ئەوە دەچم".

ئیمیڵیا لە سەر ئاگردانەکە دابەزی و قەفتانی لەبەرکرد کەوشی لێهەڵکێشا و دوو دەفر و پاچێکی هەڵگرت و بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشت. بە پاچەکەی کونێکی کردە بەستەڵەکی ڕووبارەکە و دوو دۆلکە ئاوی هەڵگۆست و پاشان کەوتە تەماشاکردنی کونی سەر ڕووبارە بەستووەکە و ماسییەکی لە ئاوەکەدا بینی مەلەی دەکرد. ئەوجا دەستی بردە ناو ئاوەکەوە و گرتی و هاواری کرد:"ئەمڕۆ شیوێکی ماسیی باشمان دەبێت"، بەڵام لەناکاو ماسییەکە هاتە دەنگ و وتی:"ڕێم بدە با بڕۆم ئیمیڵیا، چیت دەوێ بۆت دەکەم". ئیمیڵیاش وتی: "زۆر باشە، بەڵام

یەکەمجاردەبێ بۆم بسەلمێنیت کە تۆ فێڵم لێناکەیت". ماسییەکە جارێکی تریش دووبارەی کردەوە: "ڕێم بدە بابڕۆم ئیمیڵیا". ئیمیڵیاش وتی: "تۆ هەر دەتەوێ بمخەڵەتێنیت بەڵام ناتوانیت". ماسییەکەش وتی: "چیت دەوێ با جێبەجێی بکەم ئیمیڵیا؟". ئیمیڵیاش وتی:"دەمەوێ ئەو دۆلکانە خۆیان بڕۆنەوە بۆماڵەوە بێئەوەی دڵۆپێك ئاویان لێبڕژێت". ماسییەکەش وتی:"زۆرباشە، هەر کاتێك ویستت کارێکت بۆ بکەم تەنها بانگێکم بکە و بڵێ بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێی بکە، ئیتر لەو کاتەدا چی بخوازیت بۆت مەیسەر دەبێت" . لێرەدا ئیمیڵیا وتی: "بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! ئادەی دۆلکەکان خۆتان بڕۆنەوە بۆ ماڵ بێەوەی دڵۆپێك ئاوتان لێبڕژێت". دۆلکە بە پێی خۆیان ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە و ئیمیڵیاش ماسییەکەی کردەوە ناو کونی ئاوەکە و خۆیشی بە دوای دۆلکەکاندا دەڕۆیشت بە شەقامەکانی گونددا و لە بەر خۆیەوە پێدەکەنی وخەڵکیش بە سەرسامییەوە تێیاندەڕوانی. پاشان دوو دۆلکەکە چوونە ماڵەوە و ئیمیڵیاش هەڵقونییە سەر ئاگردانەکە.

لە پاش ماوەیەکی تر ڕۆژێکیان براژنەکانی ئیمیڵیا پێیان وت: "بۆ هەر دانیشتووی بڕۆ هەندێ دار و چیلکەمان بۆ بێنەرەوە". ئیمیڵیاش وتی: گناچم حەزم لەو کارە نیە". ئەوانیش وتیان: "ئاخر ئەگەر نەڕۆیت بە براکانت دەڵێین کە لە بازاڕ هاتنەوە دیاریت بۆ نەهێنن". ئیمیڵیاش بە نابەدڵی لە سەر کەمەی ئاگردانەکە هاتە خوار و ماسییەکەی بیرکەوتەوە و بە ئەسپایی وتی: " بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت!





ئادەی تەورەکەم دارم بۆ ببڕە و بیهێنە ئاگردانەکەوە. تەورەکەش چووە ناو دارستانەکەوە و دەستی کرد بە دار بڕین، لقە دارەکانیش گورزە گورزە بوون و گەڕانەوە بۆ ماڵ و هەڵبەزینە سەر ئاگردانەکە.

لە پاش بەینێکی تر براژنەکان بە ئیمیڵیایان وت: "هیچ دارمان نەماوە، بڕۆ بۆ دارستانەکە بڕێك دار بێنە. ئیمیڵیاش خۆی لە ئاگردانەکەوە شۆڕکردەوە و وتی: "ئەی ئێوە چی دەکەن لێرە؟". ئەوانیش وتیان: "مەبەستت چیە ئیمیڵیا؟ ئەوە کاری ئێمە نیە". ئەمیش لە وەڵامدا وتی: "ئاخر من حەزم لەو کارە نیە و نایکەم". ئەوانیش وتیان: "کەواتە هیچ دیارییەك وەرناگریت". ئیمیڵیاش بە نابەدڵی لە سەر ئاگردانەکە دابەزی و کەوشەکانی لە پێ کرد و قەفتانی لە بەر کرد. گوریسێك و تەورەکەی لەگەڵ خۆی برد و لە حەوشەکەدا چووە ناو گالیسکەکەوە و هاواری کرد: "ژنەکان، خێرا دەرگاکە بکەنەوە!". ئەوانیش وتیان: "ئەوە چی دەکەیت گەوجە؟ خۆ هێشتا لە ئەسپەکەت نەبەستووە". ئیمیڵیاش وەڵامی دایەوە: "بێ ئەسپیش ئەو کارەم پێدەکرێت".

ئەوجا براژنەکان دەرگاکەیان کردەوە و ئیمیڵیاش لە ژێر لێوەوەوە وتی:"بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! ئادەی گالیسکە خێراکە بۆ دارستان". گالیسکە هێند خێرا دەرپەڕی بەرەو دارستان تەنتنەت ئەسپ سواریشی پێڕانەدەگەیشت. ئەو ڕێگایەی کە بۆ ناو دارستانەکە دەچوو بە شارێکی قەرەبالغدا تێدەپەڕی و خەڵانی زۆری پڵیشاندەوە. خەڵکەکەش هاواریان دەکرد: "بیگرن، نەیەڵن بڕوات!

بەڵام ئیمیلیا گوێی بە قسەی کەس نەدەدا و بەردەوام بوو لە سەر ڕۆیشتن. پاشان گالیسکە چووە ناو دارستانەکە و وەستا. لەوێ ئیمیلیا وتی: " بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! ئادەی تەورەکە هەندێ داری وشك ببڕە، داپیاچە و کۆیان بکەرەوە و بیانخەرە ناو گالیسکەکەوە.

تەورەکەش تەواوی فەرمانەکەی جێبەجێ کرد. ئەوجا ئیمیلیا فەرمانی بە تەورەکە کرد دارێکی گەورەی بۆ لەت بکات و چووە سەر دارەکە و هاواری کرد:"بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! ئادەی گالیسکە بڕۆرەوە".

گالیسکەکەش زۆر بەخێرایی بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت و دووبارە ئیمیلیا بە ناو شاردا ڕۆیشت و خەڵکانی زۆر بوون بە ژێرەوە. خەڵکەکە خۆیان بۆ ئامادە کرد بیگرن و بە پاڵ لە گالیسکەکە دایبگرن و بیخەنە ژێر دار و فەلاقەوە. کاتێ ئیمیلیا هەستی کرد لە مەترسیدایە لە بەر خۆیەوە وتی:"بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! ئادەی دارەکان لە خەڵکەکە بدەن". دارەکانیش لە گوریسەکان کرانەوە و بە ڕاست و چەپدا بڵاوبوونەوە. خەڵکەکەش لە تاوا پێڵاوەکانیان هەڵگرت و بە پێی پەتی ڕایانکرد و ئەو ناوەیان چۆڵکرد. بەمجۆرە ئیمیلیا گەڕایەوە ماڵ و دووبارە ڕۆیشتەوە سەر کەمەی ئاگردانەکە.

ڕۆژێکیان پاشا، کە ناوبانگی ئیمیلیای بیستبوو کە چی گەرەك بێت و بیخوازێت دەتوانێت ئەنجامی بدات، ناردی بە شوێن گەورەی ئەفسەراندا ئیمیلیای بۆ بهێنێتە کۆشك. گەورەی ئەفسەران چوو بۆ ماڵی ئیمیلیا و





پرسی: "تۆ ئیمیلیای گەوجیت؟". ئیمیلیاش لە سەر کەمەی ئاگردانەکەوە وتی: "چی دەەبێت ئەگەر من بم؟". گەورەی ئەفسەرانیش وتی: "خێرا خۆت ئامادە بکە و دەبێ ئێستا بتبەم بۆ کۆشکی پاشا". لەم کاتەدا ئیمیلیا لە بەر خۆیەوە وتی: "بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! ئادەی کوتەك وەرە وێزەی ئەفسەری پاشا و بیکوتە. کوتەکیش کەوتە لێدانی کابرا و لە ماڵ دەرییەڕاند و ئەویش بە ناچاری گەڕایەوە بۆ کۆشك. پاشا سەری سوڕما لەوەی کە گەورەی ئەفسەران نەیتوانیوە ئیمیلیا قۆڵبەست بکات و بیهێنێت، لەبەرئەوە ناردی بە شوێن گەورەی یاوەراندا بۆ ئەوەی ئیمیلیا دەسگیر بکات وپێی وت: "دەبێ هەر ئێستا ئیمیلیام بۆ نێنیتە ئێرە، ئەگینا لە ملت دەدەم".

گەورەی یاوەران مێوژ و نان و هەنگوینی کڕی و چوو بۆ هەمان شوێن و پرسیاری لە براژنەکانی ئیمیلیا کرد کەوا ئیمیلیا بەزۆری حەزی لە چییە. ئەوانیش وتیان: "ئیمیلیا بە قسەی خۆش نەرم دەبێت و هەرچییەکت بوێت بۆت دەکات. تۆش پیاوانە بەڵێنی بدەرێ قەفتانێکی سووری بە دیاری بۆ بهێنیت". گەورەی یاوەران مێوژ و نانە هەنگوینیەکەی دا بە ئیمیلیا و وتی: "تۆ چەندێکە لە سەر کەمەی ئەو ئاگردانەی ئێستا وەرە با پێکەوە بچین بۆ کۆشکی پاشا. ئیمیلیاش لە وەڵامدا وتی: "شوێنی خۆم زۆر باشە و لە هیچم کەم نیە. گەورەی یاوەرانیش وتی: "ئاخر پاشا قەفتانێکی سوور و کڵاوێك و جوتێ کەوشی بە دیاری بۆ نازداروێت". ئیمیلیاش سەری ڕەزامەندیی بۆ لەقاند و وتی:"باشە تۆ

خۆت بە تەنیا بڕۆ و منیش وردە وردە بەدواتدا دێم". گەورەی یاوەران لێیدا ڕۆیشت و ئیمیلیاش وەک جاران چووەوە سەر کەمەی ئاگردانەکە و لێی پاڵکەوت و وتی: "بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! بمبە بۆ کۆشکی پاشا". لەپڕماڵەکە لەرییەوە و ساپیتەکەی هەڵدرایەوە و خۆی و ئاگردانەکەی پێکەوە بەرزبوونەوە و بە سەر شەقامەکاندا ڕۆیشتن بۆ کۆشکی پاشا. پاشا لەو ساتەدا لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد و بەجارێ واقی وڕما لەم دیمەنە و هاواری کرد: "ئەوە چیە؟" گەورەی یاوەرانیش وتی: "ئەوە ئیمیلیایە بە خۆی و ئاگردانەکەیەوە هاتووە بۆ کۆشکەکەت". پاشاش لە شانشینکە هاتە خوارەوە و وتی: "سکاڵات زۆر لە سەرە و وەک باس دەکەن خەڵکانی زۆرت کردووەتە ژێر پێوە". ئیمیلیاش لە وەڵامدا وتی: "جەنابی پاشا ئەوان خۆیان هاتوونەتە بەردەمی گالیسکەکەم".

لەم کاتەدا شازادە مارییای کچی پاشا لە پەنجەرەی کۆشکەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، کاتێ کە ئیمیلیا بەوێدا تێدەپەڕی و کچی پاشای بینی دەسبەجێ لە بەر خۆیەوە وتی:"بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! وا بکە کچی پاشا منی خۆش بوێت و ئاگردانەکەش بڕواتەوە بۆ ماڵەوە". ئاگردان ڕێک و ڕاست گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی ئیمیلیا و چووەوە شوێنی خۆی، ئیمیلیاش وەک جاران چووەوە سەری و لێی پاڵکەوت.

پاشان شازادە مارییای کچی پاشا دەستی کرد بە گریان بۆ ئیمیلیا و باوکی ئاگادارکردەوە کە بێ ئیمیلیا ناژی و داوای ڕەزامەندیی لێکرد کە





شووی پێبکات. پاشاش زۆر تووڕە بوو بانگی گەورەی یاوەرانی کرد و پێی وت: "بڕۆ ئیمیلیا بهێنە بۆ ئێرە بە مردوویی بێت یان بە زیندوویێتی، ئەگەرنا لە ملت دەدەم".

گەورەی یاوەرانیش چەندین جۆر شەراب و شیرینیی کڕی و بەرەو گوندەکەی ئیمیلیا بەڕێکەوت و چووە ماڵیان و ئاهەنگێکی شاهانەی ڕێکخست. ئیمیلیاش خواردن و شەرابەکەی نۆشکرد و سەری گێژی خوارد و خەوی لێکەوت. ئەوجا گەورەی یاوەران خستیە ناو عەرەبانەکەوە و بەرەو کۆشکی پاشای برد. پاشا فەرمانی کرد بۆشکەیەکی گەورە لە ئاسن دروست بکەن، ئیمیلیا و شازادە مارییای تێبکەن. پاشان هەردوو سەرەکەی دابخەن و بیخەنە ناو دەریاوە.

لە پاش ماوەیەک کە کەس نازانێت چەند بوو ئیمیلیا بەئاگا هاتەوە و تەماشای کرد چواردەوری تاریکە و تروسکاییەکی کز لە تەنها کونێکەوە دەردەکەوت، لە دڵی خۆیدا پرسی: "من لە کوێم؟" شازادە مارییای کچی پاشاش وەڵامی دایەوە: "ناخۆشی و تاریکی بەشی ئێمەیە ئیمیلیای خۆشەویستم، ئێمەیان خستووەتە ناو بۆشکەیەکەوە و مۆریان کردووە و هەردوو سەرەکەیان توند داخستووە و خراوینەتە ناو ئاوی دەریای شینەوە. لێرەدا دیسانەوە ئیمیلیاش پرسیی: "ئەی تۆ کێیت؟". ئەویش وەڵامی دایەوە: "من کچی پاشام". ئیمیلیا وتی: "بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! با ڕەشەبایەک هەڵبکات و بۆشکەکە بباتە بۆ وشکانییەک و لە سەر لمێکی زەرد بگیرسێتەوە". هەر ئەوەندە ئەمەی وت ڕەشەبا هەڵیکرد و دەریا کەوتە شەپۆلان و

بۆشکە لە سەر وشکاییەك و لە سەر لمێکی زەرد وەستایەوە. ئیمیڵیا و شازادە ماریا هاتنەدەر و کچی پاشا وتی: "ئیمیڵیا، خۆشەویستەکەم، لە کوێ دەخوازی بژیت، هەرچۆنێك بێت با زنجێك دروست بکەین". ئیمیڵیاش لە وەڵامدا وتی: "نەخێر من ئەوەم ناوێت". کچی پاشاش کەوتە پاڕانەوە و دواجار ئیمیڵیا وتی: "بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! کۆشکێکی بەردینمان بۆ دروست بکە ساپیتەکەی زێڕ بێت". هەر ئەوەندە قسەکەی لە دەم دەرچوو کۆشکێك لە بەردەمیاندا قوت بووەوە و چواردەوری بوو بە باخ و باخات و گوڵ و گوڵزار و بولبول و باڵندە تێیدا دەیانخوێند. شازادە ماریا و ئیمیڵیا چوونە کۆشکەوە و لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتبوون. شازادە ماریا وتی:" ئۆی ئیمیڵیا ئەوە ناتوانی خۆت قەشەنگ و باڵابەرز بکەیت؟" ئیمیڵیاش دەسبەجێ وتی: "بە فەرمانی ماسی چی دەخوازم جێبەجێ بێت! دەمەوێت باڵا بەرزو قۆز بم". لە چاوترووکانێکدا ئیمیڵیا بوو بە کوڕە لاوێك لە جوانیدا لە ڕووی ئاسمانی بەرەبەیان دەچوو کە هەرگیز کەس جوانی وای نەبینیبوو.

لەو کاتەدا پاشا دەرچوو بۆ ڕاووشکار و ئەم کۆشکەی بینی کە لە دنیادا وێنەی نەبوو و وتی: "چ بێئەقڵێك زاتی ئەوەی کردووە کۆشکی وا لە مڵکی مندا دروست بکات!؟" ئەوجا خێرا پیاوی نارد بۆ ئەوەی بزانێت کێ ئەم گوناهەی کردووە. پەیامبەر چووە بەر پەنجەرەی کۆشکی ئیمیڵیا و لێی پرسی کێیە و چ کەسە. ئیمیڵیاش وەڵامی دایەوە: "بە پاشا بڵێ با سەردانم بکات و لە دەمی خۆم ببیستێت کە من کێم".





پاشا بە قسەی کرد و هەڵسا چوو بۆ کۆشك. ئیمیڵیا لە بەر دەرگا پێشوازیی لە پاشا کرد و فەرمووی لێکرد بۆ ژوورەوە و خوانێکی شاهانەی بۆ ڕازاندەوە. پاشا هەر دەیخوارد و دەیخواردەوە و سەرسامیی خۆی دەردەبڕی و دواجار وتی: " برا تۆ کێیت و چ کارەیت؟" ئیمیڵیا لە وەڵامدا وتی: "لە بیرت دێت ئیمیڵیای گەوجی سەر ئاگردانەکە هات بۆ لات؟ لە بیرتە چیت لێکردین و فەرمانت دا لە گەڵ کچەکەتدا بخرێینە بۆشکەیەکەوە و فڕێدرێینە ئاوی دەریاوە؟ من هەمان ئەو ئیمیڵیایەم، ئەگەر بخوازم تەواوی مەملەکەتەکەت خاپوور دەکەم و داری بە سەر بەردیەوە ناهێڵم".

پاشا زۆر ترسا و کەوتە تکا و پاڕانەوە لە ئیمیڵیا بیبەخشێت و وتی:"کچەکەم و تەواوی مەملەکەتەکەشم بۆ تۆ، بەو مەرجەی لێمخۆشبیت".

پاشان ئاهەنگ و زەماوەندێکی وا سازکرا کە لە تەواوی جیهاندا وێنەی نەبوو. ئیمیڵیا شازادە ماریای مارە کرد و بوونە فەرمانڕەوای مەملەکەت و ژیانێکی پڕ کامەرانییان بردە سەر.

بەم ڕەنگە چیرۆکەکەم تەواوبوو، ئەوەش کە بە باشی گوێی لێگرتم هاوڕێیەکی ڕاستەقینەم بوو.

# بۆقی شازادە

دێر زەمان پاشایەك هەبوو سێ كوڕی هەبوو، كاتێ كە كوڕەكانی گەورەبوون هەموویانی كۆكردەوە و پێی وتن:"كوڕە باشەكانم، تا بە تەواوی پیرنەبووم دەمەوێت ژنتان بۆ بهێنم و كوڕەزاكانم، واتە منداڵەكانی ئێوە ببینم. كوڕەكانیش وەڵامی باوكیان دایەوە و وتیان: ئەوە ئارەزووی تۆیە باوكە، دۆعای خێرمان بۆ بكە، ئەی حەز دەكەیت ئێمە كێ بخوازین؟ باوكیشیان لە وەڵامدا وتی: "با هەریەك لە ئێوە تیری خۆی هەڵبگرێت و بچێت بۆ دەشت و دەر و لەوێ پێویستە هەر یەكەتان تیری خۆی بهاوێت، كە تیرەكە گەیشتە هەر شوێنێك و لەو شوێنەدا وەستایەوە ئەوە بەختی لەوێیە. كوڕەكانیش سەریان بۆ باوكیان دانەواند و هەریەكەیان تیری خۆی هەڵگرت و چوونە دەشت و دەر و تیری خۆیان هاوێشت.

كوڕی گەورە تیرەكەی هەڵدا و كەوتەماڵی خاوەن ملكێكەوە و لەوێ كچەكەی هەڵیگرتەوە. كوڕی دووەمیش تیرەكەی هاوێشت و لە باخچەی ماڵە بازرگانێكدا نیشتەوە و كچی بازرگان تیرەكەی هەڵگرتەوە. كوڕی بچووكیش، كە شازادە ئیڤانی ناو بوو، تیری خۆی هاوێشت و دوور ڕۆیشت و لە شوێنێك نیشتەوە كەس نەیدەزانی كوێیە. ئەوجا بە ناچاری كەوتەڕێ بۆ ئەوەی تیرەكەی بدۆزێتەوە. شازادە ئیڤان زۆر ڕۆیشت یان كەم كەس نازانێت تا گەیشتە گۆماوێك كە بۆقێك (قورباقێك) ی تێدابوو





تیرەكەی شازادە ئیڤانی گرتبوو بە دەمیەوە. شازادە ئیڤانیش پێی وت: "بۆقەكە تیرەكەم بدەرەوە". بۆقیش لە وەڵامدا وتی:"باشە دەتدەمەوە بەڵام بەو مەرجەی بمخوازیت". شازادە ئیڤانیش بە سەرسامییەوە وتی:"ئاخر من چۆن بۆق بخوازم؟" بۆقەكەش وتی: "پێویستە بمخوازیت و ئەمە ڕاسپاردەی باوكت و چارەنووسی خۆتە". شازادە ئیڤانیش بەجارێ خەم دایگرت بەڵام هیچی پێنەكرا و ناچار بۆقەی لە گەڵ خۆی بردەوە بۆ ماڵ. لەوێ لە كۆشك و حەرەمسەرای پاشادا ئاهەنگ سازدرا. كوڕی یەكەمیان كچی خاوەن ملك و كوڕی دووەمیان كچە بازرگانێك و كوڕی سێیەمیش كە شازادە ئیڤان بوو بۆقێكی هێنابوو. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەكە پاشا كوڕەكانی بانگ كرد و پێی وتن:"دەمەوێت بزانم كام لە بووكەكانم بەرگدروویەكی كارامەیە، دەبێ تا سبەینێ هەریەكەیان كراسێكم بۆ بدوورێت". كوڕەكانیش سەریان بۆ باوكیان دانەواند و دۆعاخوازییان لێكرد. شازادە ئیڤانیش بە كزێكەوە گەڕایەوە بۆ ماڵ و بۆقی ژنیشی كەوتە هەڵبەز و دابەز و لە شازادە ئیڤانی پرسی:"بۆچی سەرت كز كردووە شازادە ئیڤان، خەمی چی دایگرتووی؟". شازادە ئیڤانیش وتی: "باوكم فەرمانی كردووە تا سبەینێ كراسێكی بۆ بدووریت". ئەمیش لە وەڵامدا وتی: "خەمت نەبێ برۆ بخەوە و تا سبەینێ خوا خۆی دەمێنێ و ملكی".

شازادە ئیڤان چوو بخەوێت و بۆقەش بازێكی دایە داڵانەكە و پێستی بۆقی لەخۆی داماڵی و بووەوە بە ڤاسیلیسای نازدار و ژیر، كە حۆرییەك بوو بۆ خۆی.

ڤاسیلیسای نازدار و ژیر چەپڵەیەکی لێدا و هاواری کرد: "کەنیزەك و کارەکەر وەرن، خێراکەن هەمووتان کۆببنەوە و دەستبەکار بن و تا بەیانیی ڕۆژ هەڵدێ کراسێکم بۆ بدوورن، با لەو کراسە بێت کە باوکم لەبەری دەکردن". بەیانی کاتێ شازادە ئیڤان لە خەو ڕاست بووەوە بۆقە وەك جاران هەڵدەبەزییەوە لە سەر زەوی، بەڵام کراسێك لە سەر مێزەکە دانرابوو و لە دەسماڵێکی جوانەوە پێچرابوو. شازادە ئیڤانیش زۆر دڵی بەمە خۆش بوو، هەڵسا ڕۆیشت بۆ لای باوکی و تەماشای کرد دیاریی لە دوو کوڕەکەی تری وەردەگرێت. کوڕە گەورە کراسەکەی خۆی دانا و پاشاش لێی وردبووەوە و وتی: "ئەم کراسە هەر بۆ جووتیارێکی هەژار باشە لەبەری بکات". کوڕی دووەمیش کراسەکەی خۆی دانا و پاشا لووتی بەمیشدا نەهێنا و وتی:"ئەم کراسە هەر بۆ ئەوە باشە پێیەوە بچیتە سەر ئاو". پاشانیش شازادە ئیڤان کراسی خۆی دەرهێنا، کە سەرتاپا بە زێڕ و زیو ڕازێنرابووەوە. پاشا بە سەرسامییەوە تێیڕوانی و وتی: "ئا ئەمەیە کراس، بە ڕاستی ئەمە کراسی بۆنە و ئاهەنگە". هەردوو برا گەورەکە گەڕانەوە بۆ ماڵ و لەگەڵ یەکتر کەوتنە قسە کردن و وتیان: "ئێمە لەخۆڕایی بە ژنەکەی شازادە ئیڤان پێدەکەنین، ڕەنگە ئەم ژنە بۆق نەبێت و جادووباز بێت". پاش بەینێکی تر هەمدیس پاشا بانگهێشتی کوڕەکانی کرد و پێی وتن: "دەبێ تا سبەینێ ژنەکانتان یەکی تەشتێ نانم بۆ بکەن و بۆم بێنن بۆ ئەوەی بزانم کامیان نانی باش دەزانێت". ئەمجارەشیان شازادە ئیڤان گەڕایەوە بۆ ماڵ و کز و بێتاقەت بوو. بۆقەکەش پرسی: "شازادە ئیڤان





ئەوە بۆچی وا کز و خەمباریت؟" شازادە ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی: "چۆن خەم دامنەگرێت، دەبێ تا سبەینێ تەشتێ نان بۆ باوکم بکەیت". بۆقەش بە هەمان شێوەی پێشوو وتی: هیچ خەم مەخۆ برۆ بخەوە و تا سبەینێ خوا خۆی دەمێنێ و ملکی".

هەردوو هێوەرژنەکەی، کە یەکەمجار بە بۆقەکە پێدەکەنین، بەڵام ئەمجارەیان ژنێکیان ناردە لای کە لە چێشتخانەدا کاری دەکرد بۆ ئەوەی بزانێت چۆنچۆنی نان دەکات. بەڵام بۆقەکە زیرەکانە درکی بەوە کرد کە بۆچی هاتووە، بۆیە چوو تۆزێك هەویری شێلا و کونێکی کردە سەری تەنوورەکە و هەویرەکەی تێکرد. چێشتلێنەر کە ئەمەی بینی بە ڕاکردن گەڕایەوە بۆ لای ژنەکان و هەرچی بینیبوو بۆی گێڕانەوە و ئەوانیش بۆقەکە چی کردبوو وایانکرد. دواجار بۆقە چووە داڵانەکە و پێستی بۆقی لەخۆی داماڵی و بووەوە بە ڤاسیلیسای نازدار و ژیر، لێرەدا چەپڵەیەکی لێدا و هاواری کرد: "وەرن، کەنیزەك و کارەکەر، خێراکەن دەست بکەنە ئیشکردن. تا سبەینێ تەشتێ نانم بۆ بکەن، با لەو نانانە بچێت کە لە ماڵی باوکمدا خواردوومە، با نانێکی سپی و نەرم بێت".

بەیانی کە شازادە ئیڤان لەخەو هەڵسا تەماشای کرد نانەکە لە سەر مێزەکە بە شێوەیەکی جوان و هونەری ڕازێنراوەتەوە لە وێنەی شار و قەڵا و شوورە و دەروازەکانیدا. شازادە ئیڤان کە نانەکەی بینی زۆری کەیف پێهات و دەسبەجێ لە دەسماڵێکیەوە پێچا و بردی بۆ باوکی و ڕوانی خەریکی وەرگرتنی دیاریی دوو کوڕەکەی ترێتی. ئەڵبەتە ژنەکان

هەویرەکەیان لە کونێکەوە کردبووە ناو تەنوورەکە، چەشنی ئەوەی پیرەژنەکە بۆی گێڕابوونەوە کەوا بۆقەکە چی کردووە. پاشاش کە نانەکەی لە کوڕە گەورەکەی وەرگرت تەماشایەکی کرد و ناردی بۆ هۆدەی خزمەتکاران، هەروەها هەمان شتیشی لە گەڵ کوڕی دووەمی کرد وەرگرت ئەویشی بەهەمان شێوە نارد بۆ ژووری خزمەتکاران، چونکە ئەمیش تۆپەڵێك هەویری سووتاو بوو. بەڵام کاتێ شازادە ئیڤان نانی هێنایە پێشەوە، باوکی بە سەرسامییەوە وتی: "ئەمە نانی بۆنە و ئاهەنگەکانە!".

جارێکیتر پاشا بانگهێشتی هەر سێ کوڕەکەی کرد کە بانگ کراون بۆ سەر خوانی پاشا لەگەڵ ژنەکانیاندا. شازادە ئیڤانیش جارێکیتر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و پەستی و خەمێکی زۆر دایگرتبوو. بۆقەکەش لە سەر زەوی پانبووبۆوە و وتی: "قڕ، قڕ، ئەوە بۆچی وا خەم دایگرتوویت شازادە ئیڤان؟ چیە باوکت هیچ شتێکی ناخۆشی پێ وتوویت؟". شازادە ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی: "ئێی بۆق، باشە چۆن بێتاقەت نەبم، پاشا ئیستەرەمی کردووە لە گەڵ خۆم بتبەم بۆ ئاهەنگ، ئاخر چۆن دەتوانم پیشانی خەڵکت بدەم؟". بۆقەش لە وەڵامدا وتی: "هیچ خەفەت مەخۆ، خۆت بەتەنها بچۆ بۆ ئاهەنگەکە و منیش بەدواتدا دێم، بەڵام ئەگەر گوێت لە هەورەگرمە و ناڵەناڵێکی بەرز بوو مەترسە ئەوە منم، ئەگەریش خەڵکەکە لێیان پرسیت ئەوە چیە؟ تۆش بڵێ ئەوە بۆقەکەی منە بە سواری سندووقەکەی خۆی دێت".بەم جۆرە شازادە ئیڤان بە تەنها خۆی چوو بۆ ئاهەنگەکە و لەوێ برا گەورە و برا





ناوەنجیی بینی لەگەڵ ژنەکانیاندا زۆر جوان خۆیان ڕازاندبۆوە، چاویان ڕەشتبوو، گوڵیان لەخۆ دابوو، دانیشتبوون گاڵتەیان بە شازادە ئیڤان دەکرد و دەیانوت: "بۆچی بەبێ ژنەکەت هاتوویت؟ دەبوو لە ناو دەسرێکدا بتهێنایە، ئەمە لە کوێ ئەم شتە جوانەت دەستکەوت؟ لەوانەیە هەموو گۆماوەکان گەڕابێتیت تا ئەمەت دەستکەوتووە؟".

پاشا و کوڕەکانی و ژنەکانیان و تەواوی میوانەکان لە سەر مێزی داربەڕوو بە قوماشی نەخشدار داپۆشراو دانیشتوون، لەناکاوێکدا گرمە و ناڵەیەکی بەرز پەیدابوو و کۆشکی هێنایە لەرزە. میوانەکان حەپەسان و لە شوێنەکانی خۆیان ڕاستبوونەوە، بەڵام شازادە ئیڤان وتی:" میوانە ئازیزەکان مەترسن ئەوە کەژاوەی بۆقەکەی منە". ئەوجا عەرەبانەیەکی ئاڵتوونی لەبەردەم کۆشکدا وەستا کە شەش ئەسپی سپی ڕایدەکێشا و ڤاسیلیسای نازدار و ژیری لێدابەزی و کراسە شینە ئاوریشمینەکەی کە هەمووی بە ئەستێرە دەدرەوشایەوە و مانگی چواردەش بە ڕاسەریەوە دەدرەوشایەوە و هەرگیز جوانییەکەی لە باسکردن نەدەهات. ئەوجا دەستی شازادە ئیڤانی گرت و پێکەوە چوونە سەر مێزی ڕازاوە. پاشان میوانەکان دەستیان کرد بە خواردن و خواردنەوە و سوعبەت و گاڵتە کردن، ڤاسیلیسای ژیریش دەستی شازادە ئیڤانی گرت و کەوتنە سەماکردن و بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و خەڵکەکەش هەموو تەماشایان دەکرد و سەریان سوڕمابوو. پاشان ڤاسیلیسا قۆڵی چەپی ڕاوەشاند و دەریاچەیەك دەرکەوت، دواتر قۆڵی ڕاستیشی ڕاوەشاند و قازی سپی بە سەر دەریاچەکەوە دەرکەوتن.

پاشا و میوانەکان هەر هەموو لەم دیمەنە سەرسام بووبوون.

ئەوجا ژنی هەردوو براکەش دەستیان بە سەما کرد. قۆڵی چەپیان ڕاوەشاند پرژەی شەراب بەر میوانەکان کەوت و قۆڵی ڕاستیان ڕاوەشاند هەرچی ئێسك بوو بەر میوانەکان و دانەیەکیش بەر چاوی پاشا کەوت و زۆر تووڕە بوو، فەرمانی داکێشن و لە بەرچاوی ونبن. هەر لەو کاتەدا شازادە ئیڤان خۆی دزییەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵ و تەماشای کرد کەوڵە بۆقێك لەو ناوەدا کەوتووە ئەمیش هەڵیگرت و خستیە ناو ئاگردانەکەوە و سووتاندی. وەختێ ڤاسیلیسای ژیر گەڕایە ماڵەوە و ڕوانی کەوڵە بۆق نەماوە، بە جارێ پەستی و نیگەرانی دایگرت و قورگی پڕبوو لە گریان و بە شازادە ئیڤانی وت: "ئای شازادە ئیڤان چیت کرد! ؟ ئەگەر تەنها سێ ڕۆژی تر چاوەڕێ بوویتایە ئەوە بە یەکجارەکی دەبووم بە هی خۆت، بەڵام ئێستا ماڵئاوا و لە پشتی نۆ مەملەکەتەوە بۆم بگەڕێ و سەری دەیەم مەملەکەت دەمدۆزیتەوە، لەو شوێنەی کە کۆشیی نەمری تێدا دەژی.

ئەوجا ڤاسیلیسای نازدار بوو بە باڵندەی تاقتاقکەرە و لە پەنجەرەکەوە فڕییە دەرەوە. شازادە ئیڤان دەستی کرد بە گریان و تا چاو بڕیکات بەملا و بەولادا دەیڕوانی و بە شوێن ژنەکەیدا وێڵ بوو. هێندە ڕێگای تەی کرد جلوبەرگ و پێڵاوەکانی دڕان. دواجار گەیشتە پیاوێکی خنجیلەی پیر و ئوفتادە. پیرەمێرد لێیپرسی: "ئەی لاو ئەوە خێرە لە کێ دەگەڕێیت و بۆ کوێ دەچیت؟". شازادە ئیڤانیش حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە، پیرەش وتی: "ئەی باشە بۆچی پێستی بۆقەکەت سووتاند





چونکە تۆ لەبەریت نەکردبوو و هەقیش نەبوو وایلێبکەیت، ڤاسیلیسای نازدار لە باوکی زیرەکتر و وریاتر بوو، هەر ئەمەش بوو کە باوکی نیگەران کرد و فەرمانی دا بۆ ماوەی سێ ساڵ ببێتە بۆق. با لە سەری نەڕۆین چونکە بێسوودە، ئەمە گلۆڵەیەك داوە، بەرەو کوێ خلبووەوە تۆش بە دوایدا بڕۆ. شازادە ئیڤانیش زۆر سوپاسی پیاوە پیرەکەی کرد و گلۆڵە داوەکەی خلکردەوە و بۆ هەر کوێیەك دەڕۆیشت ئەمیش دوایدەکەوت. لە دەشتاییەکدا ورچێکی تووشهات، تفەنگەکەی دەرهێنا و لەوەدابوو بیکوژێت بەڵام ورچە بە دەنگێکی ئادەمیانە وتی: "نەکەی شازادە ئیڤان مەمکوژە ڕۆژێك دێت بە کەڵکت بێم!". شازادە ئیڤانیش بەزەیی بە ورچەکەدا هاتەوە و ڕێگەی دا بڕوات و بۆ خۆیشی ڕێگەی گرتەوە بەر. لەم کاتەدا تەماشای کرد نێرە مراوییەك بە ڕاسەریەوە دەفڕێ شازادە ئیڤانیش، تفەنگەکەی دەرهێنا بیکوژێت، بەڵام مراوییەکە بە دەنگێکی ئادەمیانە وتی: "شازادە ئیڤان مەمکوژە کێ دەڵێ تۆ ڕۆژێك پێویستت بە یارمەتی من نابێت و بە کەڵکت نایەم!". شازادە ئیڤانیش بەزەیی بە باڵندەکەدا هاتەوە و بەرەڵای کرد و خۆیشی ملی ڕێگەی گرتەوە. لەناکاوێکدا کەروێشکێك بەرەوڕووی هات و شازادە ئیڤانیش بە پەلە تفەنگەکەی دەرهێنا بیکوژێت بەڵام کەروێشکەکە بە دەنگێکی ئادەمیانە وتی: "ئامان شازادە ئیڤان مەمکوژە، کێ نالێت ڕۆژێك بەکەڵکت نایەم و یارمەتیت نادەم!". شازادە ئیڤانیش کەروێشکەکەی بەرەڵا کرد و لێیدا ڕۆیشت تا گەیشتە دەریایەکی شین، لەوێ ماسییەکی بینی لە سەر ڕۆخی دەریاکە کەوتبوو

بەحاڵ هەناسەی تێدا مابوو وتی: "دەستم دامێنت بەزەییەك، بمخەرەوە ناو دەریا شینەکەوە".

شازادە ئیڤانیش پاڵێکی بە ماسییەکەوە نا و خستیەوە ناو دەریا شینەکەوە و خۆیشی بە کەناری دەریاکەدا شۆڕبووەوە. زۆر ڕۆیشت یان کەم کەس نازانێت، گلۆڵە داوەکەش بەردەوام خلدەبووە تا گەیشتە دارستانێك و لەوێ زنجێکی بچووکی بینی لە سەر قاچە مریشکێك دروستکرابوو و بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. شازادە ئیڤان وتی: "ئادەی ڕاوەستە ڕوو بکەرە من وپشتت بکەرە دارستانەکە"، ئەوجا چووە ژوورەوەو بابا ـ یاگای جادووگەری بینی لەسەر لێواری ئاگردانەکە پاڵکەوتبوو هەردوو قاچی ڕاکێشابوو، لووتیشی لە بنمیچەکە گیرکردبوو. کاتێ چاوی پێکەوت لێیپرسی: "ئەی لاو چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە، بەدوای چیدا وێڵیت و بۆ کوێ دەڕۆیت؟ وەرە کوڕم ئەم ڕازەم بۆ بدرکێنە"، شازادە ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی: "داپیرە من زۆر برسی و تینوومە جارێ تۆ تێرمکە و حەمامەکەتم بۆ دابخە با پاك خۆم بشۆم ئەوجا پرسیارەکانت بکە". بابا ـ یاگا خێرا حەمامی بۆ داخست و تێر و پڕی کرد و جێگای گەرم و نەرمی بۆ ڕاخست. شازادە ئیڤانیش پێی وت کەوا بە دوای ڤاسیلیسای نازداری هاوسەریدا وێڵ و عەوداڵە. لێرەدا بابا ـ یاگا وتی: "سۆراخی لای منە، لە مەملەکەتەکەی کۆشیی نەمرە و لە ژێر ڕکێفی ئەودایە و زۆر گرانە بیگەیتێ و لەناوبردنی کۆشیش کارێکی هێند ئاسان نیە، مەرگی ئەو لە سەر نووکی دەرزییەکە و دەرزییەکەش لەناو هێلکەیەکدایە، هێلکەکەش لە ناوسکی مراوییەکدایە و مراوییەکەش





لە ناوسکی کەروێشناندایە و کەروێشکەکەش لە ناو قەفەزێکی بەردیندایە لە سەر داربەڕوویەکی بەرز، کۆشیش چون هەردوو چاوی خزمەتی ئەو دارە دەکات":. شازادە ئیڤانیش شەوی لە ماڵی بابا ـ یاگا بەسەربرد و بۆ سبەینێ بەیانی بابا ـ یاگا بە شازادە ئیڤانی وت کە داربەڕووەکە لە کوێ دەدۆزێتەوە و تا گەیشتە داربەڕوویەکی بەرز و بینی لە سەر دارەکە سندووقە بەردینەکە دانرابوو، زۆر گران بوو کە بیگاتێ. لەناکاوێکدا ورچێك بە ڕاکردن بەرەوڕووی شازادە ئیڤان ڕایکرد و پاڵێکی بە داربەڕووەکەوە نا و لە ڕەگوڕیشەوە دەریهێنا. لەم ساتەدا قەفەزە بەردینەکەی لە سەر کەوتە خوارەوە و کەروێشکێکی لێدەرپەڕی و لەولاشەوە کەروێشکێکی تر ڕایکرد بە دوایدا و لەتوپەتی کرد و لە هەناوی کەروێشکەکەیشەوە مراوییەکی مێینە هەڵفڕی و لەوکاتەدا مراوییەکی نێرینەش دەگاتە سەری و پەلاماری دەدات، مراوییە مێینەکە لەو ساتەوەختەدا هێلکەیەکی لێبەردەبێتەوە و دەکەوێتە ناو دەریا شینەکەوە. شازادە ئیڤانیش کەوتە شکاندنی هێلکەکە بۆ ئەوەی دەرزییەکەی لێ دەربهێنێت و پاشان تا توانی دەرزییەکەی چەماندەوە و کۆشیش لەولاوە هاواری دەکرد و دەتلایەوە و هەر کە شازادە ئیڤان نووکی دەرزییەکەی شکاند دەسبەجێ کۆشی مرد. دواجار شازادە ئیڤان چوو بۆ کۆشکەکەی کۆشی کە لە مرواری دروستکرابوو، ڤاسیلیسای نازداریش بەرەوڕووی هات و بە تامەزرۆوە ماچێکی شازادە ئیڤانی کرد و ئەمیش گەڕاندیەوە بۆ ماڵەکەی خۆیان و پێکەوە ژیانێکی خۆش و پڕ کامەرانییان بردەسەر.

# هاڤرۆشێچکای خنجیله

لەم دنیایەدا خەڵکی باش و خەڵکی خراپیش هەن، هەروەها خەڵکانێکیش هەن کە بێشەرم و بەجارێ پەردە لەڕوو هەڵماڵراون. هاڤرۆشێچکای خنجیله بەختێکی خراپی هەبوو لە تێکەڵاوبوونی ئەو جۆرە کەسانەدا. ئەم کچێکی بێدەرەتان و هەتیو بوو، ئەوانیش هێند کاریان پێدەکرد خەریك بوو بیپڕووکێنن و لە سەر قاچ خۆی نەدەگرت. هاڤرۆشێچکای خنجیله بەردەوام خەریکی ڕستن و چنین و نەخش و کاروباری ناوماڵ بوو و دەبوایە وەڵامی هەموو پرسیارێکیشی بدایەتەوە.

کابانی ئەو گەورەماڵەی ئەم کارەکەری بوو سێ کچی هەبوو، گەورەکەیان ناوی یەکچاو بوو، دووەمیان ناوی دووچاو بوو، کچی سێیەمیش ناوی سێ چاو بوو. هەرسێکیان ڕۆژ تا ئێوارە کاریان نەبوو بەڵکو تەنها لەبەر دەرگا دادەنیشتن و تەماشای شەقام و خەڵکیان دەکرد و تۆزقاڵێك بەزەییان بە هاڤرۆشێچکای خنجیلەدا نەدەهاتەوە کەوا یەکبینە خەریکی جلدوورین و ڕستن و چنین بوو بۆیان.

جارجار هاڤرۆشێچکای خنجیله دەچووە دەشتودەر و دەستی دەکردە بە ملی مانگا بۆرەکەیدا و داخی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت و دەیگوت: "مانگا ئازیزەکەم، ئەوان لێمدەدەن و سەرزەنشتم دەکەن، خواردنی تەواوم نادەنێ و هەمیشه دەمخەنە گریان. ئاخر چۆن بتوانم تا بەیانی پێنج هۆقە کەتان بڕێسم و بچنم!". مانگاکەش لە وەڵامدا وتی: "کیژە





نازدارەکەم تۆ بچۆرە ناو ئەم گوێیەمەوە و لە گوێکەی ترمەوە وەرە دەرەوە و دەبینی ئەو کارەی کە دەتەوێت بۆت جێبەجێ بووە". مانگا بۆر چی وت هاتەدی و هەرکە کچە خۆی کرد بەم گوێچکەیدا و لەویترەوە هاتەدەرەوە تەماشای کرد جل دووراوە و لە سەر یەك هەڵچنراوە. هاڤرۆشێچکای خنجیلەی خنجیلەش کۆمەڵە جلی هەڵگرت وبردی بۆ خانمی کابان، ئەویش نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد و جلەکانی بە سنگیەوە گرت و ئیشوکارێکی زیاتری دا بەسەر هاڤرۆشێچکای خنجیلەدا بیکات. ئەمیش هەمدیس ڕۆیشتەوە بۆ لای مانگا بۆر و دەستی هێنا بە سەروملیدا و بازیدا ناو گوێیەکی ولە گوێکەی تریەوە هاتە دەرەوە و دەسبەجێ و جلەکان کە ئامادەکرابوو هەڵیگرت و بردی بۆ خانمی کابانی.

ڕۆژێکیان پیرەژن بانگی کچی یەکچاوی کرد و پێی وت: "ڕۆڵە نازدارەکەم بڕۆ بزانە کێ یارمەتی ئەو کچە هەتیوە دەدات، بزانە کێ کەتانەکانی بۆ دەڕێسێت و دەچنێت و ئەو جلوبەرگانەی بۆ ئامادە دەکات".

یەکچاو لەگەڵ هاڤرۆشێچکای خنجیله ڕۆیشت بۆ ناو کێڵگە و دارستان بەڵام ئامۆژگارییەکەی دایکی لە بیرچوو و بۆ خۆی لەسەر سەوزەگیاکە لەبەر خۆر ڕاکشا. هاڤرۆشێچکای خنجیلەش چرپاندی بە گوێیدا: "بخەوە چاو بچووك بخەوە!". یەکچاویش چاوەکانی داخست و خەوی لێکەوت و لەو کاتەدا ئەو خەوی لێکەوتبوو مانگاکە هات و جلەکانی بۆ ئامادەکرد و بۆی هێنا.

پیرەژن هیچ لەم کەینوبەینە تێنەگەیشت و بە کچی دووچاوی وت:" ڕۆڵە نازدارەکەم بڕۆ بزانە کێ یارمەتی ئەو کچە هەتیوە دەدات، بزانە کێ کەتانەکانی بۆ دەڕێسێت و دەچنێت و ئەو جلوبەرگانەی بۆ ئامادە دەکات". دوو چاویش وەك خوشکەکەی خەوی لێکەوت و هیچی لە مەسەلکە نەزانی. پیرەژن زۆر تووڕە بوو و ئەمجارە کچی سێچاوی ڕاسپارد. بەڵام ئەمیان لە سەر سەوزەگیاکە و لەبەر هەتاو دوو چاوی خەوتبوو بەڵام چاوی سێیەمی سەیری دەوروبەری دەکرد و هەموو شتێکی دەبینی و تەماشای کرد وا ھاڤرۆشێچکای خنجیلە بازیدایە ناو گوێچکەیەکی مانگاکە و لەویتریانەوە هاتەدەر و هەموو جلەکان بە ئامادەکراوی دانران.

پاشان کە سێچاو ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ هەرچی شتێکی بینیبوو بۆ دایکی گێڕایەوە، پیرەژنیش زۆر خۆشحاڵ بوو و بۆ سبەینێ بە مێردەکەی وت: "بڕۆ مانگا بۆر سەربڕە". کابرای پیرەش سەری سوڕما و ویستی هۆکەی بزانێ و پێی وت:"ئەوە تۆ ئەقڵت تێکچووە؟ ئاخر مانگاکە مانگایەکی باشە و هێشتا گەنجە!". بەڵام ژنە زیاتر جەختی کرد و وتی: "من وتم سەری ببڕە و تەواو".

لێرەدا چار نەما و هیچ شتێك دادی نەدا و پیاوەکە بەناچاری کەوتە تیژردنی چەقۆکەی.

ھاڤرۆشێچکای خنجیلەش بەپەلە ڕایکرد بۆ ناو دەشت و کێڵگەکە و باوەشی کرد بە ملی مانگا بۆردا و وتی: "مانگابۆری ئازیزم، دەیانەوێ سەرت ببڕن!"، مانگاکەش لە وەڵامدا وتی:"ناڕەحەت مەبە کچە





نازدارەکەم، هەرچیت پێدەڵێم وابکە. ئێسکەکانم لە چارۆکیەکدا هەڵگرە و بیانخەرە ژێر گڵی باخەکەوە و هەموو ڕۆژێك ئاوی بدە و بە هیچ شێوەیەك گۆشتەکەم نەخۆیت و هەرگیز منت بیر نەچێتەوە".

پیاوە پیرەکە مانگاکەی سەربڕی و ھاڤرۆشێچکای خنجیلەش ئەوەی کرد کە مانگاکە پێی وت، بە برسێتی ڕۆیشت و دەستی لە گۆشتەکەی نەدا و ئێسقانەکانیشی لە باخەکەدا شاردەوە و هەموو ڕۆژێك ئاوی دەدا. پاش بەینێك دارسێوێك لەو شوێنەدا ڕووا کە ئێسقانەکانی تێدا شاررابۆوە دارێکی زۆر جوان بوو، سێوەکانی خڕ و ئاودار، لقوپۆپی زیو و گەڵاکانیشی ئاڵتوون بوون. هەر کەسێکیش بەوێدا تێدەپەڕی دەوەستا و تەماشای دەکرد و لێی سەرسام دەبوو.

ماوەیەکی زۆری پێچوویان کەم کەس نازانێ. ڕۆژێکیان خوشکانی یەکچاو و دووچاو و سێچاو ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ ناو باخ پیاسەیەك بکەن. لەم کاتەدا کوڕە لاوێکی گەنجی جوانی کاکۆڵ لوول بەوێدا تێپەڕی و کە چاوی بەو سێوە ناسکانە کەوت وەستا ڕووی کردە کچەکان و بە لووتبەرزییەکەوە وتی: "هێی کچەکەکان هەرکامێکتان سێوێکم لەو دارە بکاتەوە دەیخوازم".

ئەوجا هەر سێ کچەکە بەهەڵەداوان ڕایانکرد بۆ دارسێوەکە و هەرچەند هەوڵیاندا سێوی لێبکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی وونە سەر پشتی یەکتریش بەڵام هەر نەیانتوانی. کچەکان هەوڵیاندەدا و دارەکەیان ڕادەوەشاند بۆ ئەوەی سێو بکەوێتە خوارەوە بەڵام لە جیاتی سێو گەڵا دەکەوتە خوارەوە. ئەوان هەرچەندیان هەوڵدا و هەرچییان کرد تاقە یەك

سێویشیان بۆ نەکرایەوە وچەندە خۆیان ماندوو کرد هیچیان بۆ نەکرا و تەنها دەستی خۆیان بریندار دەکرد.

پاشان هاڤرۆشیێچکای خنجیلە هات بۆ لای درەختەکە و دەسبەجێ لقەکان چەمانەوە و سێویان لێدەکەوتە خوارەوە بۆ ناو دەستەکانی. کچەش سێوێکی هەڵگرت و دای بە کوڕە گەنجەکە، ئەویش هێندەی نەبرد ناردیە خوازبێنی و هێنای. لەو ڕۆژە بەدواوە ئیتر کچە بە هیچ شێوەیەك ناخۆشی نەدی و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بە خۆشی وشادی دەژیان وساڵ بە ساڵ گوزەرانیان باشتر و خۆشتر دەبوو.





# شازادە ماریا

هەبوو نەبوو لە مەملەکەتێکدا کوڕە پاشایەك، ناوی شازادە ئیڤان بوو، پێکەوە لەگەڵ سێ خوشکیدا ژیانیان دەبردە سەر. کچی یەکەمیان ناوی شازادە ماریا بوو، کچی دووەم ناوی شازادە ئۆلگا بوو، کچی سێهەمیش ناوی شازادە ئاننا بوو. دایك و باوکیان لە دنیا دەرچووبوون، بەڵام لە سەرەمەرگیاندا بە کوڕەکەیان وتبوو "خوشکەکانت دامەنێ و با بچن بە ڕێی خۆیانەوە و هەر کەس یەکەم داخوازیکەر بوو ڕازی بە لە سەری".

شازادە ئیڤان لە پاش مردنی دایك و باوکی پرسەی بۆ دانان و دواتر کە خەم و پەژارەیان کەمێك ڕەوییەوە ڕۆژێکیان خوشکەکانی خستە تەك خۆی و چوون بۆ گەشتێکی ناو باخەکەیان، بەڵام لەناکاودا هەورێکی ڕەش ڕووی ئاسمانی گرت و کردی بە کرێوە و زریان. شازادە ئیڤان بە خوشکەکانی وت:"خێراکەن خوشکەکانم با بڕۆینەوە بۆ ماڵ". ئەوەندەی نەبرد گەیشتنەوە کۆشك و هەورە برووسکەیەك شریخاندی و ساپیتەی کۆشکی کردە دوو لەتەوە، بازێك بە فڕین هاتە ژوورەوە و خۆی کێشا بە زەویدا و بوو بە کوڕێکی قۆزی باڵابەرز و وتی: "ئەم کاتەت باش شازادە ئیڤان! زۆر جاران وەك میوان هاتووم بۆ ماڵتان، بەڵام ئێستا وەك خوازبێنیکەری شازادە ماریای خوشکت هاتووم". شازادە ئیڤانیش وتی:"ئەگەر خوشکەکەم تۆی بەدڵ بوو ئەوا منیش

لاریم لێ نیە و ڕازیم". پاشان شازادە ماریا ڕازی بوو شووی پێبکات و لەگەڵ خۆی بردی بۆ مەملەکەتەکەی خۆی. ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیشت، ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت. ڕۆژێکیان شازادە ئیڤان و دوو خوشکەکەی چوون بۆ گەشتێکی باخەکەی خۆیان، ئەمجارەش هەورێکی ڕەشی چڵکن ئاسمانی داپۆشی و کەوتە بلاْچە و ڕەشەبا و زریان هەڵیکرد. شازادە ئیڤانیش وتی:"خێراکەن خوشکەکانم با بڕۆینەوە بۆ ماڵ".

زۆری نەبرد گەیشتنە کۆشك و هەور هەر دەیگرماند و هەورەتریشقەیەك ساپیتەی کردە دوو کەرتەوە و هەڵۆیەك بە فڕین خۆی کرد بە ژووردا و خۆی دا بە زەویدا و بوو بە کوڕە لاوێکی جوانی بالاْبەرز و وتی: "ئەم کاتەت باش شازادە ئیڤان! زۆرکات بە میوانداری هاتووم بۆ ماڵتان بەلاْم ئێستا هاتووم بۆ خوازبێنیی شازادە ئۆلگای خوشکت، بیکەمە هاوسەرم". شازادە ئیڤانیش وتی: "ئەگەر شازادە ئۆلگا ڕازی بوو شوت پێبکات لاریم لێ نیە". شازادە ئۆلگا بڕیاری خۆی دا و شووی پێکرد و بردی بۆ مەملەکەتەکەی خۆی. ساڵێکی تریش تێپەڕی و شازادە ئیڤان بە خوشکە بچووکەکەی وت: "وەرە خوشکەکەم با بچین پیاسەیەك بکەین لە ناو باخچەکەماندا. کەمێك ڕۆیشتن و دووبارە هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرت و کردی بە برووسکە و چەخماخە و ڕەشەبایەکی بەهێزیش هەڵیکرد. ئەوانیش دەسبەجێ ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ و پێش ئەوەی دانیشن هەورە تریشقە ماڵەکەی کرد بە دوو کەرتەوە و قەلەڕەشێك هاتە ژوورەوە و خۆی دا بە زەویدا و بوو بە کوڕە لاوێکی قۆزی بالاْبەرز و وتی: "گەلێ جار وەك میوان هاتووم بۆ ئێرە، بەلاْم





ئێستا هاتووم شازادە ئاننام بدەیتێ". شازادە ئیڤانیش وتی: "خوشکەکەم کێی دەوێت و کێ هەڵدەبژێرێت کەیفی خۆیەتی". بەمجۆرە شازادە ئاننا شووی پێکرد و لە گەڵی ڕۆیشت بۆ مەملەکەتەکەی خۆی. شازادە ئیڤانیش بە تاق و تەنها ماوەی ساڵێکی ڕەبەق مایەوە. زۆر بیری خوشکەکانی دەکرد و لە دڵی خۆیدا وتی دەبێ بڕۆم بیاندۆزمەوە. بەمجۆرە خۆی بۆ گەشتەکەی ئامادە کرد و سواری ئەسپەکەی بوو و ڕێی دا لە بەر و ڕۆیشت تا گەیشتە باخێك کە بینی سوپایەك جەنگاوەر لە سەر ڕێگاکە کەوتوون و مردوون. شازادە ئیڤان هاواری کرد: "ئەگەر هەر کەسێکی زیندووتان تێدایە با وەلاْمم بداتەوە! دەمەوێ بزانم کێ ئەم هەموو سەربازەی کوشتووە؟". تەنها کەسێکیان بە سەری زیندوو مابۆوە و وەلاْمیدایەوە: "ئەم هەموو سەربازە لەلایەن ماریا مۆریڤناوە کوژراون". شازادە ئیڤانیش سوار بووەوە و ڕۆیشت و پاش بەینێك گەیشتە مەزرایەك کە ژمارەیەك خێوەتی سپیی تێدا هەڵدرابوو. یەنان لە خێوەتێکەوە هاتە دەر و ڕوانی ماریا مۆریڤنایە: "یاخوا بەخێربێی شازادە، ئەوە لە چی دەگەڕێیت، هەر لە خۆتەوە هاتوویت یان بە ئەرك و ڕاسپێریی خەڵکی تر؟" شازادە ئیڤانیش وەلاْمی دایەوە: "نەخێر کەسانی وەك من ناچنە هیچ شوێنێك بێ خوایشتی خۆیان". لێرەدا ماریا مۆریڤنا پێی وت: "باشە، ئەگەر پەلەت نیە ببە بە میوانی من و فەرموو وەرە ژوورەوە بۆ خێوەتەکەم". شازادە ئیڤان زۆری کەیف پێهات و ماوەی دوو شەو و دوو ڕۆژ میوانی ماریا مۆریڤنا بوو، بە یەکەوە مانەوە و بڕیاریان دا کە ببنە هاوسەری یەکتر و

لەو کاتەوە هەردوکیان بوون بە ژن و مێرد و لەگەڵ ماریا مۆریڤنا ڕۆیشت بۆ مەملەکەتەکەی. بەینێك پێکەوە ژیان و پاشان شازادە ماریا خولیای جەنگی کەوتە سەر و هەڵسا تەواوی کۆشك و تەلار و هەموو شتێکی بە سەر شازادە ئیڤاندا بەجێهێشت. بەڵام تەنها یەك هۆدەی بە کولۆمکراوی جێهێشت و پێی وت کەوا هەرگیز نەچێت بەلایدا. ئەمە بوو بە مەراقی شازادە ئیڤان و ئەوەندەی نەبرد چووە لای هۆدەکەوە دەرگای داخراوی کردەوە و تەماشای کرد چی ببینێ باشە؟ کۆشیی نەمری بینی بە دوانزە زنجیر بەسترابۆوە و هەڵواسرابوو. کۆشیی نەمر بە پاڕانەوەوە وتی: "بەزەییەك بە حاڵمدا شازادە ئیڤان، تۆزێك ئاوم بدەرێ با بیخۆمەوە. دە ساڵە لێرەدا هەڵواسراوم و ئەشکەنجەیەکی وا دراوم لە باسکردن نەیەت. هیچ خواردن و خوارنەوەیەکم نیە و قورگم وشك هەڵاتووە". شازادە ئیڤانیش دۆلکەیەك ئاوی دایە و ئەو هەر دەپاڕایەوە یەك دۆلکە ئاو بەشم ناکات هێشتا تینوومە یەنانی ترم بۆ بێنە. شازادە ئیڤانیش سەتڵێکی تر ئاوی بۆ هێنا و کۆشیی نەمر داوای دۆلکەی سێهەمیشی دەکرد بەڵام هەر کە دۆلکەی سێهەمی تەواوکرد گەڕایەوە شێوەی جارانی و کۆت و پێوەندی لە خۆی کردەوە و هەر دوانزە زنجیرەکەی تریشی بچڕاند.

کۆشیی نەمر زۆر سوپاسی شازادە ئیڤانی کرد و پێی وت ئیتر تۆ هەرگیز شازادە ماریا نابینیتەوە. ئەوجا لە پەنجەرەکەوە وەك گێژەڵووکەیەکی ئەستوور چوو بە ئاسماندا و لە ڕێگا شازادە ماریاشی لەگەڵ خۆی لوولدا و بردی. شازادە ئیڤانیش دەستی کرد بە گریان و





پاڕانەوە و دواتر هیچی بۆ نەمایەوە و کەوتە گەڕان بە دوای شازادە ماریادا و لە دڵی خۆیدا وتی: "باشە ئێستا من بۆ کوێ بچم و لە کوێ بیدۆزمەوە؟".

ڕۆژی یەکەم و دووەم ڕۆیشت و ڕۆژی سێهەم هات شازادە ئیڤان لە پێشیەوە کۆشنانی قەشەنگ و جوانی بەدیکرد، لە تەنیشت کۆشکەکەوە داربەڕوویەك ڕوابوو، بازێکی لە سەر هەڵنیشتبوو، بازەکە هەڵفڕی و خۆیدا بە زەویدا و بوو بە کوڕە لاوێکی قەشەنگ و باڵابەرز و وتی: "ئای خەزووری خۆشەویست لە ڕاستیدا زۆر خۆشحاڵم بە بینینت، هەر لەو کاتەشدا شازادە ماریای خوشکی گوێی لە دەنگی بوو ڕایکردە دەرەوە و براکەی بینی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد و پرسیاری لە تەندروستیی کرد و بۆی باس کرد کە چۆن ژیان بەسەردەبات. شازادە ئیڤان سێ ڕۆژ لایان مایەوە و ئەوجا وتی: "ناتوانم زیاتر لێرە بمێنمەوە، بەدوای ژنەکەمدا دەگەڕێم کە ناوی ماریا مۆریڤنای نازدارە". بازیش پێی وت: "برام دۆزینەوەی ئاسان نیە، تۆ کەوچکە زیوینەکەت لێرە جێبهێڵە بۆ ئەوەی سەیری بکەین و تۆمان بیربکەوێتەوە". شازادە ئیڤانیش کەوچکە زیوینەکەی بەجێهێشت و دەستی کردەوە بە گەڕان. ڕۆژی یەکەم و دووەم ڕۆیشت و ڕۆژی سێهەم هات، کۆشنانی تری چاوکرد کە لە کۆشکی بازەکە زۆر جوانتر بوو لە تەنیشتیشیەوە داربەڕوویەکی لێبوو لە سەر لقی دارەکە هەڵۆیەکی بینی هەڵفڕی و خۆی دا بە زەویدا و بوو بە کوڕە لاوێکی قەشەنگ و باڵابەرز و وتی: "شازادە ئۆلگا وەرە براکەت هاتووە بۆ ئێرە". کە شازادە ئۆلگا گوێی

لەمە بوو بە هەڵەداوان هاتە دەرەوە و کەوتە ماچکردنی براکەی و هەواڵپرسینی و باسی ژیان و گوزەرانی خۆی بۆ گێڕایەوە.

شازادە ئیڤان سێ ڕۆژی لەگەڵ ئەوانیش بەسەربرد و پاشان وتی: "ناتوانم چیتر لێرە بمێنمەوە، بەدوای ماریا مۆریڤنای نازداری هاوسەرمدا دەگەڕێم". هەڵۆکەش وتی: "برام دۆزینەوەی ئاسان نیە، تۆ چەتاڵە زیوینەکەت لای ئێمە جێبهێڵە بۆ ئەوەی هەر کە بینیمان تۆمان بیربکەوێتەوە". ڕۆژی یەکەم و دووەم ڕۆیشت و لە ڕۆژی سێهەمدا کۆشنانی چاوکرد لەوەی یەکەم و دووەم جوانتر بوو، لە تەنیشتی کۆشکەکەوە داربەڕوویەکی لێبوو بە سەر دارەکەوە قەلەڕەشێك هەڵنیشتبوو، هەڵفڕی و خۆی دا بە زەویدا و بوو بە کوڕە لاوێك و هاواری کرد: "شازادە ئاننا خێراکە وەرە بۆ ئێرە برای ئازیزمان هاتووە". کە شازادە ئانناش گوێی لەمە بوو بە ڕاکردن لە کۆشك هاتە دەر و بەخێرهاتنێکی گەرمی براکەی کرد و کەوتە ماچکردن و هەواڵپرسینی و باسی ژیان و گوزەرانی خۆیی بۆ گێڕایەوە. شازادە ئیڤانیش سێ ڕۆژ لەگەڵیان مایەوە و پاشان وتی: "پێویستە ماڵئاواییتان لێبکەم و ئێرە جێبهێڵم و بە دوای ماریا مۆریڤنای هاوسەرمدا بگەڕێم، قەلەڕەشیش وتی: "برام دۆزینەوەی ئاسان نیە، تۆ سندووقە زیوینەکەت لێرە جێبهێڵە بۆ ئەوەی کە سەیرمان کرد تۆمان بیربکەوێتەوە". شازادە ئیڤانیش سندووقە زیوینەکەی دانا و لێیدا ڕۆیشت. ڕۆژی یەکەم و دووەم ڕۆیشت و ڕۆژی سێهەم خۆشەویستەکەی دۆزییەوە و بە گریانەوە دەستی کردە ملی شازادە ئیڤان و وتی: "ئاخر گیانەکەم بۆچی بە گوێی





منت نەکرد و دەرگاکەت کردەوە و بەو ڕەنگە کۆشیی نەمر هەڵهات و بۆیدەرچوو". شازادە ئیڤانیش داوای بەخشینی کرد. دواجار خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بڕۆن کۆشیی نەمریش لە دەرەوە خەریکی ڕاوکردن بوو. ئێوارە داهات و بەرەو ماڵ گەڕایەوە و لەناکاو ئەسپە کەوتە سمکۆڵان و ئەویش هاواری کرد: "هێی ئەسپە لەڕ ئەو سمکۆڵانەت لەچیە؟" ئەسپەکە وەڵامی دایەوە: "شازادە ئیڤان بەڕێوەیە و ماریا مۆریڤنای لەگەڵدایە". ئەویش وتی: "باشە دەتوانین بیانگرین؟"

"بەڵێ ئەگەر کێڵگە گەنمێکمان بینی لەوێ خۆمان دەشارینەوە هەتا ئەوان بەوێدا تێپەڕ دەبن وئێمەش پەلاماریان دەدەین دەیانگرین ودەیانبەینەوە بۆ ماڵەوە و دەیانکەینە یەك دوو ژەمە خۆراکی خۆمان". بەمجۆرە کۆشیی نەمر شازادە ئیڤانی گرت و پێی وت: "ئەمجارەیان دەتبەخشم لەبەرئەوەی باش بووی لەگەڵم و تێر ئاوت کردم، بۆ جاری دووەمیش هەر دەتبەخشم. بەڵام ئەگەر لە جاری سێهەمدا دژم وەستایتەوە ئەوە پارچە پارچەت دەکەم". پاشان ماریا مۆریڤنای لێسەند و شازادە ئیڤانیش بە تەنها مایەوە و لە سەر بەردێك کزکز دانیشت و دەستی کرد بە گریان و هەنسکدان. پاشان جارێکیتر ڕۆیشتەوە بۆ ئەوەی ماریا مۆریڤنا بدۆزێتەوە. کۆشیی نەمریش وەك پێشتر دەرچووبوو بۆ ڕاوکردن. شازادە ئیڤان کە گەیشتە ماریا مۆریڤنای پێی وت: "ڕاکە با بڕۆین". ئەویش وتی: "لەوانەیە وەکو جاری پێشوو ڕێمان پێبگرێت". شازادە ئیڤانیش وتی: "با بیگرێت

گرنگ ئەوەیە ئێمە سەعاتێك دوان پێکەوە بین". ئەوان خۆیان ئامادە کرد بەڕێبکەون، دووبارە کۆشیی نەمر بەرەو ماڵ کەوتەڕێ و ئەسپەکانی ڕێیان هەڵە کردەوە و کۆشیی نەمر هاواری کرد: "ئەوە بۆ کوێ دەچن ئەگەر ئەمە بەدبەختی نەبێت"، ئەسپەکانیش وتیان "شازادە ئیڤان بەڕێوەیە و ماریا مۆریڤنای لەگەڵدایە، دەتوانین بیگرین". کۆشیی نەمریش وتی: "زۆرچاکە ئێمە خۆمان لە ناو کێڵگەیەکی جۆدا دەشارینەوە و دەیانگرین و دەیانبەینەوە بۆ ماڵەوە لە ناو تەنوورەکەدا سووریان دەکەینەوە و دەیانخۆین". کۆشیی نەمر خۆی شاردەوە و شازادە ئیڤانی گرت وتی: "پێم وتیت ماریا مۆریڤنا نابینیتەوە". پاشان کۆشیی نەمر ماریا مۆریڤنای لەگەڵ خۆی برد و ڕۆیشتەوە. شازادە ئیڤان دەستی کرد بە گریان و هەناسە هەڵکێشان و ئەمجارەشیان دەستی کردەوە بە گەڕان بەدوای ماریا مۆریڤنادا وەکو جاری پێشوو کۆشیی نەمر ڕۆیشتبووە دەرەوە بۆ ڕاو کردن و شازادە ئیڤان ماریای دۆزییەوە و پێی وت کە بڕوات لەگەڵیدا. ماریا مۆریڤناش وتی: "نا شازادە ئیڤان ئەمجارەش کۆشیی نەمر ڕێمان لێدەگرێت". شازادە ئیڤانیش وتی: "قەیناکە، من بەبێ تۆ ناژیم". ئەوجا خۆیان ئامادە کرد بڕۆن بەلام کۆشیی نەمر بە ڕێگەوە بوو بەرەو ماڵ، ئەسپەکانی بە ڕێیەکی تردا ڕۆیشتن و ڕێیان لێ هەڵە کرد. ئەویش وتی: "بۆچی وا دەڕۆن ئەگەر ئەمە بەدبەختی نیە". ئەسپەکانیش وتیان شازادە ئیڤان بە ڕێگەوەیە و ماریا مۆریڤنای لەگەڵدایە دەتوانین بچینە ناو دەغڵ و دانەکە و خۆمان بشارینەوە تا ئەوان بەوێدا تێپەڕ دەبن و





دەتوانین بیانگرین ودەیانبەینەوە بۆ ماڵەوە لە تەنوورەکەدا سووریان دەکەینەوە و دەیانخۆین و بەشی چەند ژەمە خواردنمان دەکەن. بەڵام کۆشیی نەمر شوێن شازادە ئیڤان کەوت و کاتێ گرتی پارچە پارچەی کرد و دووبارە ماریا مۆریڤنای هەڵگرت و لەگەڵ خۆی بردی.

لەم کاتەدا ئەو شتومەکە زیوانەی کەوا شازادە ئیڤان لای خوشکەکانی جێیهێشتبوون ڕەش هەڵگەڕان و زاواکانی وتیان: "لەوانەیە شازادە ئیڤان گرفتاری دەردێك بووبێت. هەڵۆکە بە نزمی بەسەر دەریاکەدا فڕی و لەوێ دەغڵو دانەکەی هەڵگرت و بردیە سەر لێواری دەریاکە. باز و قەلەڕەش هەردوکیان هەڵفڕین و چوونە ئەو شوێنەی کە هەڵۆکە چاوەڕێی دەکردن. ئەمانیش ئەو ناوەیان دا بە سەریەکدا و لاشەی شازادە ئیڤانیان دۆزییەوە و بە یەکیانەوە نووساند و شۆردیان و قەلەڕەشەکە ئاوی لە دەریای مەرگ هێنا و پرژاندی بە سەر شازادە ئیڤاندا و بازەکەش ئاوی حەیاتی بە سەردا پرژاند. ئەوجا شازادە ئیڤان ڕاستبووەوە و وتی: "چ خەوێکی دوورودرێژم کرد!". زاواکانیشی وتیان: "ئەگەر ئێمە نەبووینایە خەوێکی لەوە دوورودرێژترت دەکرد، ئێستا وەرە با بڕۆینەوە بۆ ماڵ و میوانداریيەکمان پێبکە". شازادە ئیڤانیش وتی: "نا براکانم، من دەبێ بە دوای ماریا مۆریڤنادا بگەڕێم". بەمجۆرە ڕۆیشت ڕۆیشت تا ماریا مۆریڤنای دۆزییەوە و پێی وت پرسیاری لێبکات لە کوێ ئەو ئەسپانەی دەست کەوتووە. کە کۆشیی گەڕایەوە ماریا لێی پرسی "ئەو ئەسپانەت لە کوێ دەستکەوتووە؟" ئەویش وتی: "لە پشت نۆ مەملەکەتەوە و سەری

دەیەم مەملەکەت، بابا ـ یاگای جادووگەری لێیە، لە دارستانێکدا لە پشتی ڕووباری گڕەوە و جوانووە ئەسپێکی هەیە کەوا ڕۆژانە بە دەوری دنیادا دەخولێتەوە. هەروەها جوانووی نایابی تری هەن و منیش ماوەی سێ ڕۆژ خزمەتم کردن و نەمهێشت بەرەڵا ببن، بابا ـ یاگاش لە ئەنجامی ئەو کارەدا جوانوویەکی دامێ".

"ئەی چۆن توانیت لە ڕووباری گڕ بپەڕیتەوە؟"

" بە یارمەتی دەسماڵە جادووەکەم، کە سێ جار بە لای ڕاستدا ڕایدەوەشێنم و پردێکی گەورە و درێژ لە سەر ڕووبارە گڕەکە درووست دەبێت و هیچ کاتێ گڕەکە نایگاتێ". ماریا مۆریڤنا بە چاکی گوێی لێگرتبوو، پاشان ورد و درشتی بۆ شازادە ئیڤان گێڕایەوە و ئەوجا دەسماڵە جادووەکەی کۆشیی ڕاوەشاند و دایە دەستی. شازادە ئیڤان لە ڕووباری گڕ پەڕییەوە و ماڵی بابا ـ یاگای بەجێهێشت. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت بەبێ هیچ نان و ئاوێك لە ناکاوێکدا باڵندەیەکی سەیر و سەمەرەی بینی لەگەڵ بەچکەکانیدا بە ڕاسەریەوە و وتی: "پێموایە یەنان لەو جووجەڵانە دەخۆم".

باڵندەکەش لێی پاڕایەوە و وتی: "دەست بۆ بێچووەکانم مەبە ڕەنگە ڕۆژێك بێت پێویستت بە من بێت و فریات بکەوم!". شازادە ئیڤانیش لێیدا ڕۆیشت و هەر ڕۆیشت تا گەیشتە پوورە هەنگێك لە دارستاندا و لە دڵی خۆیدا وتی: "با کەمێك هەنگوین بخۆم"، بەڵام هەنگی شاژن کەوتە پاڕانەوە و وتی: "دەست لە هەنگوینەکەم مەدە کێ نالێ ڕۆژێك پێویستت بە من نابێت و منیش بە هاناتەوە دێم و فریات دەکەوم!".





شازادە ئیڤانیش دەستی لە هەنگوینەکە نەدا و لێیدا ڕۆیشت.لە پڕێکدا گەیشتە دەڵە شێرێك و بەچکەکانی و لە دڵی خۆیدا وتی: "با هەر هیچ نەبێت یەکێك لەو بەچکە شێرانە بخۆم زۆرم برسیە و ناتوانم لە سەر پێ بوەستم". دەڵە شێر پاڕایەوە و وتی: "دەست لە بەچکەکانم مەدە کێ نالێ ڕۆژێك نایەت من فریات بکەوم و یارمەتیت بدەم!". شازادە ئیڤانیش وتی: "باشە با وابێت" و دەستی کردەوە بە ڕۆیشتن و زۆریشی برسی بوو. چوو بۆ ماڵی بابا ـ یاگا کە دەوری ماڵەکەی بە دوانزە کۆڵەکە تەندبوو، یانزەیان کەللە سەری بنیادەمیان بەسەرەوە بوو. شازادە ئیڤان بە بابا ـ یاگای وت: "داپیرە بەیانیت باش". ئەمیش لە وەڵامدا وتی: "بەیانیی خۆت باش شازادە ئیڤان، چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە، هەروا بۆ خۆشیی هاتوویت یان بۆ ئەوەی کە یارمەتیت بدەم؟". شازادە ئیڤانیش وتی: هاتوم بۆ ئەوەی خزمەتێکت پێشکەش بکەم و دانەیەك لە ئەسپە نایابەکانت وەك خەڵات وەربگرم". بابا ـ یاگاش وتی: "زۆر باشە شازادە ئیڤان ئەمە بۆ ساڵێك نیە بەڵکو بۆ تەنها سێ ڕۆژە کە خزمەتم بکەیت. ئەگەر تۆ توانیت ئەسپەکانم بپارێزیت ئەوە دانەیەکیان بۆ تۆ دەبێت، بەڵام ئەگەر نەتتوانی ئەوە کەللەسەرت دەخەمە سەر کۆڵەکەی دوانزەهەم، جا کەیفی خۆتە و گوناهی خۆت لە ئەستۆی خۆت".

بابا ـ یاگا و شازادە ئیڤان لە سەر ئەو شتانە ڕێککەوتن و نان و ئاوی خستە بەر دەست و خۆیشی چوو بۆ سەر کار. ئەوەندەی نەبرد کە شازادە ئیڤان ئەسپەکانی مێرگ و پاوان لێخوڕی تەماشای کرد

ئەسپەکان کلکیان لێهەڵبڕی و لە چاوتروووکانێکدا دیار نەمان. شازادە ئیڤان بەجارێ خەم دایگرت دەستی کرد بە گریان و لە داخ و خەفەتدا لە سەر بەردێك دانیشت و هێندەی نەبرد خەوی لێکەوت. خۆر لەوەدا بوو ئاوابێت و باڵندە سەیر و سەمەرەکە بە ئاسماندا دەفڕی و هاتە ڕاسەری و وتی: "شازادە ئیڤان، هەڵسە لە خەو ئەسپەکان هەموو گەڕاونەتەوە تەویلەکانی خۆیان". شازادە ئیڤان بەمە زۆر دڵخۆش بوو گەڕایەوە بۆ ماڵ و بابا ـ یاگا دەستخۆشیی لێکرد و خوڕییە ئەسپەکانی و بە تەوسەوە پێی وتن: "بۆچی گەڕاونەتەوە بۆ ماڵ؟".

"ئاخر ئێمە چیبکەین، لە هەموو لایەکی دنیاوە باڵندەمان لێ کۆبووەوە و هەر خەریکبوو چاومان دەربێنن".

"چاکە سبەینێ مەچنە مێرگەکە و لە دارستان و بێشەلانەکاندا بلاوەی لێبکەن".

شازادە ئیڤانیش ئەو شەوە تا بەیانی خەوت و بۆ سبەینێ بابا ـ یاگا پێی وت: "شازادە ئیڤان ئەگەر ئاگات لە ئەسپەکانم نەبێت و ئاگادارییان نەکەیت و لێیان دیار نەمێنێت ئەوا کەللەسەرت دەخەمە سەر یەکێك لەو کۆڵەکانە". شازادە ئیڤان ئەسپەکانی لە تەویلە دەرکرد بەرەو لەوەڕگا و لەناکاو هەموویان کلکیان لێهەڵبڕی و چوونە ناو دارستانە چڕەکانەوە. شازادە ئیڤان دەستەوئەژنۆ لە سەربەردێك دانیشت و دەستی کردەوەبە گریان و لە داخ و خەفەتدا خەوی لێکەوت.

لەو کاتەدا کەوا خەریك بوو خۆر لە پشتی دارستانەکەوە ئاوا دەبوو دەڵە شێرەکە بەڕاکردن هات و هاواری کرد: " شازادە ئیڤان هەستە





لەخەو، هەموو ئەسپەکان گەڕاونەتەوە بۆ ناو تەویلەکانی خۆیان". شازادە ئیڤان لەخەو هەڵسا و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بابا ـ یاگاش دووبارە دەستخۆشیی لێکرد و بە سەر ئەسپەکاندا نەڕاندی و سەرزەنشتی کردن: "بۆچی هاتوونەتەوە بۆ ماڵ؟". ئەوانیش وتیان: "ئێمە چیبکەین و دەسەلاتمان چیە، شێری دنیامان لێ کۆبووبۆوە و لەوەدا پارچە پارچەمان بکەن!". ئەوجا وتیان: "فەرمانت بە چیترە لە ئۆغرتداین؟" و لە چاوتروووکانێکدا دیار نەمان.

شازادە ئیڤان ئەو شەوەیشی ڕۆژ کردەوە و بۆ سبەینێ بەیانی بابا ـ یاگا پێی وت ئەگەر ئاگاداری ئەسپەکانی نەکات ئەوا لە ملی دەدات. ئەمجارەش شازادە ئەسپەکانی لە تەویلە دەرکرد بەرەو لەوەڕگا و دیسانەوە هەموویان کلکیان لێهەڵبڕی و دایانە غاردان و بەرەو دەریا شینەکە ملیان نا و تەنها سەریان لە ئاوەکەوە دەردەکەوت. شازادە ئیڤان ئەمجارەشیان بە دەم خەفەت و گریانەوە لە سەر بەردێك دانیشت و دواتر خەوی لێکەوت. لەوکاتەدا هەنگەکان بە فڕین بەرەو ڕووی هاتن و وتیان: "شازادە ئیڤان، لە خەو ڕابە هەموو ئەسپەکانت گەڕاونەتەوە تەویلەکانی خۆیان، بەلام لەبیرت نەچێت کە ڕۆیشتیتەوە خۆت پیشانی بابا ـ یاگا مەدە بەڵکو لە ناو تەویلەکاندا خۆت بشارەوە. هەر لەوێ جوانووییەکی گەڕی لێیە لە ناو تەرسی خۆیدا دەگەوزێتەوە شەو لای ئەو بمێنەرەوە کە تاریك داهات لەگەڵ خۆت بیبە و ماڵەکە جێبهێڵە". ئەوجا هەنگەکان وتیان کەوا فەرمانی چیترە جێبەجێی بکەن و دواتر دیار نەمان. شازادە ئیڤانیش بە گوێی کردن و چووە تەویلەکەوە و لە

پشتی ئاخوڕەکانەوە خۆی شاردەوە و بابا ـ یاگاش هەر هاواری لە ئەسپەکانی دەکرد: "ئاخر پێمنالێن بۆچی هاتوونەتەوە بۆ ماڵ؟" ئەوانیش وتیان" باشە ئێمە چیبکەین لە گشت لایەکی دنیاوە هەنگ لێمان ئالاٌ و پێوەیان دەداین". دواجار بابا ـ یاگا چووە ژوورەوە و خەوت و لە نیوەشەودا شازادە ئیڤان جوانووە گەڕەکەی زینکرد و سواری بوو و ڕۆیشت بۆ ڕووباری گڕ. هەر کە گەیشتە ئەوێ دەسماڵە سیحراوییەکەی دەرهێنا و سێ جار بە لای ڕاستدا ڕایوەشاند و پردێکی بەرز لە سەر ڕووبارەکە دروستبوو، ئەمیش لێی پەڕییەوە پاشان دەسماڵەکەی بەلای چەپدا ڕاوەشاند و پردەکە تەسك و باریك بووەوە. بۆ بەیانی بابا ـ یاگا تەماشای کرد جوانووەکەی دیار نەماوە، بۆیە دەسبەجێ سواری چەرخوفەلەقەکەی بوو و وەك ڕەشەبایەکی تونند بۆیدەرچوو شوێنی کەوت و هەموو ئەو ناوەی کێوماڵ کرد تا گەیشتە سەر ڕووباری گڕ و لە بەر خۆیەوە وتی:" ئادەی ئەو پردەی کە من دەمەوێ دروست بێت"، ویستی لە پردەکە بپەڕێتەوە بەڵام کە گەیشتە ناوەڕاستی، پردە لە ژێریدا شکا و بابا ـ یاگا کەوتە ناو ڕووباری گڕەوە و هەڵتڕۆپی و کۆتایی بە ژیانی هات. شازادە ئیڤانیش جوانووەکەی لە مێرگ و پاوانی سەوزدا بەخێوکرد هەتا بوو بە ئەسپێکی کەحێلەی نایاب. دواجار گەڕایەوە بۆ ماڵی کۆشیی نەمر و لەوێ ماریا مۆریڤنا بە پرتاو بەرەوڕووی هات و بە گەرمی باوەشی پێداکرد و وتی: "ئازیزەکەم چۆن توانیت لەو دڕندەیە ڕزگارت ببێت؟" شازادە ئیڤانیش لە نووکەوە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە و وتی: "ئێستا کاتی ئەوەیە پێکەوە





بڕۆین". ماریا مۆریڤناش لە وەڵامدا وتی: "شازادە ئیڤان زۆر دەترسم کۆشیی نەمر ڕێگەمان پێبگرێتەوە و بێگومان تۆ پارچە پارچە دەکات!".

"خەمت نەبێ ئەمجارەیان ئەسپێکی بەهێز و تیژڕۆم پێیە هەر وەك با دەفڕێت".

ئەوجا هەردوکیان سواری ئەسپە کەحێلە بوون و لێیاندا ڕۆیشتن. کۆشیی نەمر بە ڕێگەوە بوو بەرەو ماڵ و لە پڕ ئەسپەکەی کەوتە سمکۆڵان و ئەویش لێی پرسی: "هێی ئەسپە لەڕ ئەو سمکۆڵانەت لەچیە؟" ئەویش وتی: "شازادە ئیڤان بەڕێوەیە و ماریا مۆریڤنای لەگەڵدایە".

"زۆر باشە دەتوانین بیانگرینەوە؟". ئەسپەکە لە وەڵامدا وتی:"ناتوانم هیچ شتێك بڵێم چونکە شازادە ئیڤان ئەسپێکی وەك منی پێیە و بگرە باشتریش". کۆشیی نەمریش وتی: "نایەڵم پشوو بدەن و دوایان دەکەوم تا دەیانگرمەوە!".

پاشان زۆر ڕۆیشت یان کەم کەس نازانێت تا دواجار گەیشتە شازادە ئیڤان و لە ئەسپەکەی هێنایە خوارەوە لەوەدا بوو شمشێری بۆ دابێنێتەوە و دوولەتی بکات بەڵام لەو ساتەدا ئەسپەکەی شازادە ئیڤان کەوتە سەر پاشوو و سمی داهێنایەوە بۆ سەری کۆشی و شازادە ئیڤانیش دایە بەر کوتەك و کۆتایی بە ژیانی هێنا. ئەوجا کۆمەڵێك داری کۆکردەوە و گڕی پێبەردا و لاشەی کۆشیی پێ سووتاند و سووتووەکەشی دا بە دەم باوە.

پاشان ماریا مۆریڤنا سواری ئەسپەکەی کۆشی بوو، شازادە ئیڤانیش سواری ئەسپەکەی خۆی و پێکەوە تێیانتەقاند و ڕۆیشتن. کە گەیشتنەوە مەنزڵ لەپێشدا چوون بۆ لای قەلەڕەش و دوای ئەویش هەڵۆ و پاشان بۆ لای باز. ئەوانیش بە گەرمی پێشوازییان لێکردن و زۆر خۆشحاڵ بوون و وتیان: "شازادە ئیڤان ئێمە هەرگیز بڕوامان نەدەکرد کەوا جارێکیتر تۆ ببینینەوە، ئەو هەموو دەرد و مەینەتییەی چەشتووتە ئەوە دەهێنێت کەوا بوونانی نازداری وەك ماریا مۆریڤنات دەستکەوتووە!".

شازادە ئیڤان ماریا مۆریڤنا ئاهەنگێکی گەورە و پڕ عەیشونۆشیان سازکرد و دواجار چوونەوە بۆ مەملەکەتی خۆیان و بە خۆشی و شادی پێکەوە ژیان.





# ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە

لە سەردەمانێکی کۆندا ژن و پیاوێکی پیر هەبوون. پیشەی پیاوە پیرەکە ڕاوکردن بوو، هەر ئەمەشسەرچاوەی بژێوییان بوو، بۆیە زۆر هەژار و داماو بوون. پیرەژن لە تاو زەبوونی و دەسکورتی بەردەوام دەکڕووزایەوە و دەیوت: "خوایە چ ژیانێکی پڕ چەرمەسەریمان هەیە، نە خۆراك و نە پۆشاك لەماڵی ئێمەدا نیە، منداڵێکنان نیە لەم تەمەنی پیرییەماندا خزمەتمان بکات و چاوی لێمانەوە بێت". بەڵام پیرەمێرد دڵی ژنەکەی دەدایەوە و دەیوت: "ئافرەت دڵگران مەبە، من تا دەست و قاچم لەکاردابن بۆئەوەی نانیان پێ پەیدا دەکەم و پەکمان ناکەوێت. هەموو شتێکیش بدەرە دەست سبەینێ و خۆی چۆن دەڕات با بڕوات".

ڕۆژێکیان پیرە ئەمەی وت و ڕۆیشت بۆ ڕاوکردن بەڵام هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە ناو دارستاندا دەهات و دەچوو هیچ باڵندە و و ئاژەڵێکی نەبوو بە تووشەوە ڕاوی بکات. پیرە حەزی نەدەکرد بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، بەڵام خۆر ئاوابوو و بە ناچاری ڕۆیشتەوە.

لە کاتی گەڕنەوەیدا بۆ ماڵەوە، گوێی لە باڵەتەپەیەك لە ناو پووش و پەڵاشی سەر ڕێگاکەدا و تەماشای کرد باڵندەیەکی زۆر جوان و بێوێنەی بینی هەڵفڕی و لێی بزر بوو. ئەوجا پیرەی ڕاوچی تاوێك لە ناو پووش و پەڵاشەکەدا گەڕا و هێلانەیەکی دۆزییەوە سی و سێ هێلکەی تێدابوو. پیرە لە دڵی خۆیدا وتی: "ئەمە لە هیچ باشترە با بیانبەم"، بۆیە

پشتێنەکەی توند کردەوە و هێلکەکانی خستە باخەڵی کەواکەیەوە و بەرەو ماڵ بووەوە. لە ڕێگا پشتێنەکەی کرایەوە و هێلکەکانی یەك لە دوای یەك لێکەوتنە خوارەوە و هەر هێلکەیەکیان بەردەبووەوە کوڕێکی لێدەردەپەڕی و سی و دوو هێلکە بەوشێوەیە شکان و سی و دوو کوڕە لاویان لێ هاتنەدەر و تەنها هێلکەیەکی لە باخەڵدا مایەوە و نەشکا. پیاوە پیرەکە سەیرێکی پشتەوەی خۆی کرد و بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد کە سی و دوو کوڕی گەنج لە دوایەوە دەڕۆیشتن. کوڕە گەنجەکان هەموویان لەیەك دەچوون و باڵاشیان چون یەك بوو، هەمووشیان بە یەك دەنگ دەیانوت: "لەبەرئەوەی کە ئێمەت دۆزیوەتەوە بمانبەرەوە بۆ ماڵی خۆتان، تۆ باوکی ئێمەیت و ئێمەش کوڕی تۆین". پیرەش لە دڵی خۆیدا بیری لێدەکردەوە و دەگوت: "ڕۆژێکی زۆر خۆشە بۆ من و ژنەکەم، ئەوی چەند ساڵە تاقە منداڵێکیشمان نەبوو، بەڵام بە یەکجار بووین بە خاوەنی سی و دوو کوڕ".

کاتێ گەیشتنە ماڵەوە پیرەمێرد ڕووی دەمی کردە ژنەکەی و وتی: "چەند ساڵە تۆ هەناسە هەڵدەکێشیت و بۆ منداڵێك دەگریت ئەوە سی و دوو کوڕم بۆ هێناویت هەموویان گەنج و قەشەنگ. ئێستاش خوان بڕازێنەوە و خواردنیان بدەرێ". پاشان بۆ ژنەکەی گێڕایەوە کە چۆن کوڕەکانی دۆزیوەتەوە. ژنەش بە حەپەساوی وەستابوو و هیچ وشەیەکی لە زار نەدەهاتە دەر، دواجار هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە پەلە چوو بە لای خوانەکەوە. لەو ساتەدا پیرە پشتێنەکەی





شلکردەوە و هێلکەی سی و سێیەمینی لێکەوتە خوارەوە و کوڕێکی جوانی لێدەرپەڕی و کابرای پیرە وتی: "تۆ کێیت و لە کوێوە هاتوویت؟" کوڕە گەنجەکەش وتی: "من ئیڤانی کوڕە بچووکتم". پیرە بیری هاتەوە کەوا سی و سێ هێلکەی لە هێلانەکەدا دۆزییەوە و وتی: "ڕاستەکەی ئیڤان دانیشە نانی ئێوارە بخۆین".

هێندەی نەبرد هەر سی و سێ کوڕە گەنجەکە دانیشتنە سەر خوان و دەستیان کرد بە نان خواردن. پاشان سفرەکەیان بۆ پیرەژن پاککردەوە بەڵام نە بەتەواوی تێر بووبوون و نە برسیش. ئەو شەوە لێی خەوتن و بۆ سبەینێ بەیانی ئیڤان وتی: "باوکی ئازیزمان ئێستا تۆ خاوەنی کوڕگەلی خۆتیت، کار و فەرمانمان بۆ دیاری بکە و لە ئۆغرداین". پیرەش وتی: "کوڕەکانم نازانم چ کارێکتان پێبسپێرم؟ من و ئەم پیرەژنەی هاوسەرم نە زەویمان کێڵاوە و نە تۆومان کردووە و هەرگیز نە ئەسپمان بووە و نە گاسن". ئیڤانیش وتی: "باشە، کە نیتە واتە نیتە، ئەوە هیچ دادێك نادات، ئێمە دەچینە لای خەڵکی تر بۆ کار پەیداکردن. باوکی ئازیز هەر ئێستا بڕۆ بۆ لای ئاسنگەر و سی و سێ داسمان بۆ بدە بە کرد".

لەو کاتەدا کە پیرە ڕۆیشت بۆ دووکانی ئاسنگەر، ئیڤان و براکانی سی و سێ شەنیان دروستکرد. کاتێکیش کە باوکیان لای ئاسنگەر گەڕایەوە ئیڤان ئامێرەکانی هێنا و وتی: "وەرن براکانم با کار بۆ خۆمان بدۆزینەوە و دایك و باوکی پیرمانی پێ بەخێو بکەین".

بەمجۆرە براکان ماڵئاواییان لە دایك و باوکیان کرد و ڕۆیشتن. زۆر یان

کەم ڕۆیشتن کەس نایزانێت، تا دواجار گەیشتنە شارێکی گەورە. لەو کاتەدا سەرکاری پاشا بەوێدا تێپەڕی و لەبەردەمیاندا وەستا و وتی: "هێی، کوڕە گەنجەکان لە کارەوە دێن یان بۆ سەر کار دەچن؟ ئەگەر لە کار دەگەڕێن شوێنم کەون، شتێکم پێیە بۆتان". کوڕەکانیش وتیان: "باشە، ئەو شتە چیە؟". سەرکاری پاشاش وتی: "کارێکی زۆر گران نیە، گژوگیای مێرگی پاشا گزرە بکەن و وشکی بکەنەوە و خڕی بکەن و بیکوتن و دواییش بیکێشنە کادان، پێم بڵێن کێ دەمڕاستتانە؟"، کاتێ کەس لە کوڕەکان وەڵامی نەدایەوە ئیڤان لێی چووە پێشەوە و وتی: "بمانبە بۆ ئەوێ و کارەکەمان پیشان بدە". سەرکاری پاشاش بردنیە سەر مێرگەکە و پێی وتن: "ئایا سێ هەفتە بەسە بۆ ئەوەی ئیشەکە تەواو بکەن؟" ئیڤانیش وەڵامی دایەوە: "ئەگەر کەشوهەوا یارمەتی داین ئەوا سێ ڕۆژ بەسە بۆ ئێمە". سەرکاری پاشاش زۆر دڵخۆش بوو و پێی وتن: "دەی کوڕینە دەسبەکار بن، خەمی خواردن و پارەتان نەبێت، چەندتان دەوێ لە خزمەتتاندایە". ئیڤانیش وتی: "تۆ سی و سێ گامان بۆ ببرژێنە و سی و سێ گۆزە شەراب و قووڵێنەیەك نانمان بۆ بێنە، ئەوە هەموو شتێکە کە ئێمە پێویستمان پێیەتی".

سەرکاری پاشا ڕۆیشت و براکان داسەکانیان تیژ کردەوە و چابوکانە کەوتنەکار و خرمەی داسیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت و کارەکەیان بەخێرایی وبە چالاکی بەڕێوەچوو و تا ئێوارە هەموو گیاکەیان دوورییەوە. ئەو ڕۆژە لە چێشتخانەی پاشاوە خواردنیان بۆ ئامادەکرا، کە بریتی بوو لە سی و سێ گای برژاو و سی و سێ کووپە شەراب و





قووڵێنەیەك نانیان بۆ دانرابوو. براکان هەر یەك نیو گای سوورەوەکراوی لە گەڵ نیو قووڵێنە ناندا خوارد و نیو گۆزە شەرابی خواردەوە و پاشان خەویان لێکەوت.

بۆ ڕۆژی ئایندە کاتێ کە خۆر گەرمی کرد براکان گزرەکەیان کۆکردەوە و تا ئێوارە کوتاشیان. ئەوجا ئێوارە براکان یەکی نیو گا برژاوەکە و نیو قووڵێنە نانەکەیان خوارد و نیو گۆزە شەرابەکەشیان خواردەوە.

پاشان ئیڤان یەنان لە براکانی نارد بۆ دەرباری پاشا و پێی وت: "بڕۆ بانگیان بکە با بێن تەماشای کارەکەمان بکەن". ئەوجا براکانیش لەگەڵ سەرکاری پاشادا گەڕانەوە و فرەی پێنەچوو خودی پاشا خۆیشی بەدوایاندا هات. پاشاش هەموو کۆمەڵە گزرەکانی ژمارد و بە ناو مێرگەکەدا دەهات و دەچوو چڵێ گیای نەدی بەجێیانهێشتبێت و نەدوورابێتەوە، بۆیە ڕووی دەمی تێکردن و وتی: "کوڕی خۆم کارێکی باشتان بە ئەنجام گەیاندووە و منیش سوپاس و ستایشتان دەکەم و سەرباری کرێ و مزتان ئەمەش سەد لیرە زیادە و چل کووپە شەرابیش. بەڵام کارێکی ترم پێتانە ئەگەر بتوانن، ئەم کایە پێویستە پاس بکرێت و ئاگاداری بن، چونکە هەموو ساڵێك شتێك کاکەمان دەخوات و ئێمەش ناتوانین تەنانەت شوێن پێشی هەڵبگرین". ئیڤانیش وەڵامی دایەوە: "پاشام پایەدار بێت، با براکانم بڕۆنەوە بۆ ماڵ من خۆم بە تەنها ئاگاداری کاکە دەکەم و دەبم بە پاسەوانی". پاشا ڕەزامەندیی دەربڕی و سی و دوو براکەی ئیڤان چوون بۆ کۆشکی پاشا و لەوێ نانێکی باشیان خوارد و شەرابێکی زۆریان خواردەوە و پارەی خۆیان وەرگرت و

بەرەو ماڵ بوونەوە. ئیڤانیش گەڕایەوە بۆ مێرگی پاشا و شەو تا بەیانی نەدەخەوت پاسەوانیی کاکەی پاشای دەکرد، بە ڕۆژیش لە چێشتخانەکەی پاشادا دەحەسایەوە و بە ئارەزووی خۆی دەیخوارد و دەیخواردەوە.

پایز هات و شەوگار درێژ و تاریك بوو. ئێوارەیەکیان ئیڤان چووە سەر کادانەکە و کونێکی کردە کاکە و لەوێ بۆخۆی ڕاکشا بەڵام هەر بەخەبەر بوو. نیوەشەو لەناکاو ڕۆشناییەك پەیدابوو وەك ڕۆژی ڕووناك وابوو. ئیڤانیش سەری کێشا دەرەوە و چی ببینێ باشە!: ئەسپە بەحرییەکی یاڵ زێڕین، لە دەریاکە هاتە دەر و قەڵەمبازی دەکوتا بەرەو کۆمەڵە کاکە. زەوی لە ژێر پێیدا دەلەرییەوە و یاڵە ئاڵتونییەکەی لە هەوادا پەخش دەبووەوە و گڕ لە کونەلووتی دەهاتە دەر و گەواڵە هەور لە گوێچکەکانیەوە بەرزدەبووەوە. ئەسپە چووە سەر کادانەکە و دەستی کرد بە کاخواردن، ئیڤانیش فرسەتی لێهێنا و خۆی هەڵدایە سەرپشتی، ئەسپە کادانەکەی بەجێهێشت و لە مێرگەکەدا هەڵیکوتایە غار، بەڵام ئیڤان یاڵی ئەسپەکەی بە دەستی چەپی و قامچییە چەرمەکەشی بە دەستی ڕاستی گرتبوو، ڕاستەوڕاست بەرەو زۆنگاوەکانی برد. ئەسپی یاڵ زێڕینیش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە سەر زۆنگ و قەوزاوەکاندا ڕۆیشت و دواجار چەقی و چیتر نەیتوانی بڕوات و ئەم قسانەی کرد: "ئیڤان، تۆ زۆر چابوك بوویت بۆ گرتنی من و پەڕینە کۆڵم و زانیت چۆن کارەکە ئەنجام بدەیت، تۆ زۆر وریا بوویت و زیرەکانە منت ڕاهێنا. تکایە لێم مەدە و ئازارم مەدە مەرج بێت ببم بە خولامێکی





ئەڵقەلەگوێت".

ئیڤانیش بەرەو دەربارى پاشا ڕۆیشت و لەوێ لە تەویلەیەکەدا ئەسپەکەی بەستەوە و خۆیشی ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکەی پاشا و لێی خەوت. بۆ بەیانی چووە لای پاشا و وتی: "پاشام پایەداربێت، دزی کای مێرگەکەتم دۆزییەوە و دزەکەشم گرتووە، بابڕۆین تەماشای بکەین". کاتێ کە پاشا ئەسپی یاڵ زێڕینی بینی زۆر دڵخۆش بوو، وتی: "ئیڤان پێدەچێت تۆ بە تەمەن منداڵ و بە ئەقڵ گەورە بیت". بۆ ئەو خزمەت و دڵسۆزییەت دەتکەم بە سەرمەیتەری خۆم. ئیتر لەوە بەدواوە ئیڤان بە " ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە" ناوی دەرکرد. بەمجۆرە ئیڤان لە تەویلەی ئەسپەکانی پاشادا ئەرك و فەرمانی خۆی گرتە دەست و بە شەواندا نەدەخەوت بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەسپەکانی پاشا ببێت کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشەیان دەکرد و ڕەونەقدارتر دەبوون، تووکیان چون ئاوریشم نەرمتر و سافتر دەبوو، هەروەها بەردەوام یاڵ و کلکیانی شانە دەکرد و سفت و جوان دەوەستان و ورشەیان لێوە دەهات. پاشاش زۆر دڵخۆش بوو بەمە و نەیدەزانی چۆن چۆنی ستایشی ئیڤان بکات، وتی: "ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە، هەرگیز مەیتەری وا باشم نەبووە!".

پیاوەکانی تر کە لە تەویلەکەدا کاریان دەکرد بەغیلیان بە ئیڤان دەبرد و بەردەوام دەیانگوت: "توخوا وەرە گوندنشینێکی گەوج فەرمانت پێبکات، نامەخوا پاشا سەرمەیتەرێکی چاکی هەیە!" و دەستیان کرد بە پیلانگێڕان لە دژی ئیڤان. بەڵام ئیڤان بوو لە سەر کارەکەی و هیچ

خەیاڵێکی لای نیازخراپی و پیلانی هاوەڵەکانی نەبوو.

لەو سەروبەندەدا پیرێکی بەدمەستی کونجی مەیخانەکان زوو زوو هاتوچۆی تەویلەی ئەسپەکانی پاشای دەکرد و ڕۆژێکیان هات و وتی: "قومێك شەرابم بدەنێ، لە دوێنێ شەوەوە تووشی سەرئێشە بووم، ئەگەر چارەسەرم بکەن دەتانخەمە سەر ڕێگەیەکی ڕاست بۆ ئەوەی لە سەرمەیتەر ڕزگارتان بێت".

مەیتەرەکان زۆر خۆشحاڵ بوون و پەرداخێك شەرابیان دایە. پیرەی بەدمەستیش پەرداخە شەرابی هەڵدا و وتی:

"پاشا زۆر پەرۆشی پەیداکردنی ساز و سەمتووری خۆژەند و قاز و پشیلەی سەماکەرە. چەندین کوڕی چابوك ولاوی ناردووە بۆ سۆراخی ئەو شتە سەیر و سەمەرانە بەڵام هیچ کەسێکیان سەریان نەهێناوەتە دواوە. ئێستا ئێوە بڕۆن بە پاشا بڵێن کە ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە خۆی هەڵکێشاوە و لافی ئەوەی لێداوە کەوا بە ئاسانی و بێ گرفت بەدەستیان دێنێت، پاشاش دەنێرێ بەشوێنیدا و بۆ ئەو مەبەستەی دەنێرێت و ئیتر هەرگیز نایەتەوە".

مەیتەرەکان زۆر سوپاسی پیرەی بەدمەستیان کرد و دووەم پەرداخی شەرابیان دایە و بەرەو کۆشکی پاشا ڕۆیشتن. لەبەر پەنجەرەی کۆشکی پاشادا وەستابوون و خەریکی دەمەتەقێ و قسەوباسی جۆراوجۆر بوون. پاشا تەماشایەکی کردن و سەری هێنادەرەوە و وتی: "خێر، ئەوە باسی چی دەکەن و چیتان دەوێ؟" – "گەورەم ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە خۆی هەڵکێشاوە گوایە دەتوانێ هەموو شتە





سەرسامکەرەکانی ساز و سەمتوور و قازی سەماکەر و پشیلەی نەغمەخوانت لێتێکبدات. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە هاتووین لێرە ڕاوەستاوین و قسە دەکەین. هەندێك دەڵێن دەتوانێ ئەو کارە بکا و هەندێکی تریش دەڵێن ناتوانێ، ئیتر هەروا خەریکی ئەو قسە بێسەروبەرانەن".

کاتێ کە پاشا گوێی لەم قسانە بوو دەم و چاوی گۆڕا و کەوتە دەست ڕاوەشاندن و بیری کردەوە: "ئۆ، ئەگەر بتوانم تەواوی ئەو شتە سەیر و سەمەرانە بەدەست بێنم ئەوە هەموو پاشاکانی تر بەغیلیان پێم دێت. من زۆر کەسم بۆ ناردوون و کەسیان نەگەڕاونەتە دواوە". ئەوجا یەکسەر ناردی بەشوێن سەرمەیتەردا و هەر کە ئیڤان هاتە ژوورەوە پاشا هاواری کرد: "هیچ کات بەفیڕۆ مەدە، خێراکە بڕۆ ساز و سەمتووری خۆژەند و قاز و پشیلەی سەماکەرم بۆ بەدەست بێنە". ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە وەڵامی دایەوە: "پاشام پایەدار بێت، هەرگیز ناوی ئەم شتانەم نەبیستووە، دەتەوێ بۆ کوێ بچم و لە کوێ پیدایان بکەم! ؟" پاشا زۆر تووڕە بوو و قاچی دا بە زەویدا و وتی: "ئەوە دەڵێی چی؟ ملکەچی فەرمانەکانی پاشای خۆت نابیت؟ دەبێت یەکسەر بڕۆیت؟ ئەگەر ئەوەی پێموتیت بۆم پەیدابکەیت خەڵاتت دەکەم، ئەگەر نا بەم شمشێرەم لە ملت دەدەم".

ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە بە زویری و دلگرانی پاشای بەجێهێشت و بە تەواوی خەم دایگرت و نەیدەزانی چیبکات. پاشان کەوتە زینکردنی ئەسپە بەحریی یاڵ و ئەسپەش پرسی: "گەورەم،

بۆچی ئەوەندە خەمباریت، خوانەخواستە هیچ بووە؟ "ئیڤانیش لەوەلامدا وتی: "چۆن دڵم خۆش بێت لەکاتێکدا کە پاشا فەرمانی کردووە ساز و سەمتووری خۆژەند و قاز و پشیلەی سەماکەری بۆ پەیدا بکەم و منیش تا ئێستا تەنانەت ناوی شتی وام نەبیستووە". ئەسپی یاڵ زێڕین وتی: "ئەوە شتێك نیە بۆی نیگەران بیت، وەرە شەر پشتم و دەڕۆین بۆ لای بابا ـ یاگای جادووگەر، ئەویش ڕێبەدێی و سۆراخی ئەو شتە سەیرەمان بۆ دەکات. ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە خۆی ئامادەکرد بۆ گەشت و پەرییە کۆڵی ئەسپی یاڵ زێڕین و بۆیدەرچوون و کەس نەیبینی چۆن لە دەرگاوە دەرچوون لەبەر خێرایی. زۆر ڕۆیشتن یان کەم کەس نازانێت، تا لە کۆتاییدا گەیشتنە دارستانە چڕەکە و زۆر تاریك بوو، تەنانەت ترووسکاییەکیشی تێدا بەدی نەدەکرا. ئەسپی یاڵ زێڕین ڕاوەستا و لاربووەوە، ئیڤانیش هەستی بە ماندوێتیی دەکرد بەلام لە کۆتاییدا گەیشتنە ڕۆشناییەك و زنجێکی خنجیلەی بینی لە سەر قاچە مریشنان و چەشنی تەشیی هەر دەخولایەوە بە چواردەوری خۆیدا و بە لای ڕۆژهەلات و بە لای ڕۆژئاوادا دەسووڕایەوە. ئیڤان هەڵپەڕییە ناوی و وتی: "زنجە بچووکەکە، زنجە بچووکەکە، پشت بکەرە دارەکان و ڕوو بکەرە من ئەگەر ئەرك نیە. من سالێك لێرە نامێنمەوە بەلکو تەنها ئەمشەو تا بەیانی لێرە دەخەوم. ئەوجا زنجەکە ڕووی کردە ئیڤان و ئیڤانیش ئەسپەکەی بەستەوە و خۆی چووە بەردەمی زنجەکە و دەرگاکەی کردەوە، لەوێ بابا- یاگای جادووگەری بینی، پیرەژنێکی ڕەقەڵە و لووتی لە لقەدار دەچوو و دەسك و ئاوانەکەی لە تەنیشتیەوە





دانرابوو. بابا ـ یاگا سەرێکی هەڵبڕی و تەماشای میوانەکەی کرد و قڕەیەکی بۆ کرد: "ئۆو، ئۆو، خوێنی ڕووسیا، هەرگیز لەوەوپێش بۆنم نەکردووە بەلام ئێستا بۆنی دەکەم و لەبەر دەرگاکەمدایە. ئەوە کێ هاتووە بۆ ئێرە لەکوێوە بۆ کوێ!؟" ئیڤان لە وەلامدا هاواری کرد:"داپیرە، ئاوها لە گەڵ میوان ڕەفتار دەکەیت؟ بە تایبەتی ئەگەر ئەو میوانەسەرما و برسی بێت؟ لای خۆمان کە میوانت دێت پێویستە خواردن و خواردنەوەی بۆ ساز بکەیت و گەرمی بکەیتەوە و لێیگەڕێی بە تەواوی بحەسێتەوە ئەوجا پرسیاری لێبکەیت".

لێرەدا بابا ـ یاگا هەستی بە شەرمەزاری و ناڕەحەتی کرد و وتی:"کوڕم لە داپیرەی خۆتی مەگرە، هەرچەندە ئێمە لە ولاتی خۆشماندا نین. بە هەرحاڵ خەمت نەبێ شتەکان بە ڕاست و دروستی دێنە پێەوە". پاشان خوانی ڕازاندەوە و فەرمووی لە میوانەکە کرد و دواجار حەمامی بۆ گەرم کرد و ئیڤانیش خۆی شۆرد و ئەوجا بابا ـ یاگا جێگای بۆ خەوتن و حەوانەوەی شەوی چاك کرد و خۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشت و کەوتە پرسیار کردن:"ئەی لاو پێم بڵێ لەکوێوە هاتوویت؟ هەر لە خۆتەوە هاتوویت یان لە سەر فەرمانی کەسێکەو بۆ مەبەستێکی خراپ؟" ئیڤانیش لە وەلامدا وتی:"پاشا ناردوومی بۆ ئەوەی ساز و سەمتووری خۆژەند و قاز و پشیلەی سەماکەری بۆ ببەمەوە. زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر تۆ پێم بڵێیت کە لە کوێ دەتوانم بیاندۆزمەوە".

بابا ـ یاگاش وتی:"دەزانم لە کوێن بەلام دەستکەوتنیان کارێکی ئاسان نیە، زۆر کەسی وەکو تۆ هاتوون و چوون بۆ ئەو شوێنە بەلام

نەگەڕاونەتەوە". ئیڤانیش وتی:"زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر یارمەتیم بدەیت و پێم بڵێیت بۆ کوێوە بڕۆم". بابا ـ یاگاش پێی وت: "زۆر باشە، کوڕی لاو، بەزەییم پێتدا دێتەوە و چار نیە دەبێ هەر ڕێگەیەکی یارمەتیت بۆ بدۆزمەوە. ئەسپە یاڵ زێڕینەکەت لێرە لای من جێبێڵە و پارێزراوە، منیش ئەم گلۆڵە بەنەت دەدەمێ، سبەینێ بکەوەڕێ و گلۆڵەکە هەڵدە و بۆ هەر شوێنێك گلۆر بووەوە تۆش دوای بکەوە. تۆپەکە دەتبات بۆ لای خوشکە ناوەنجییەکەم، پیشانی بدە و ئەویش هەرچی لەتوانایدا بێت بۆت دەکات و یارمەتیت دەدات و دەتنێرێت بۆ لای خوشکە گەورەکەمان". بۆ سبەینێ بەیانی بابا ـ یاگا میوانەکەی خەبەر کردەوە و بەرچایی بەیانیی بۆ ئامادە کرد و تا بەر دەرکی حەوشە بەڕێی خست. ئیڤانی گەنجی سەردەم و پیری مەملەکەت زۆر سوپاسی بابا ـ یاگای کرد و ڕێگای گرتەبەر. ئەم بەسەرهاتەی بە گێڕانەوە کورتە بەڵام لە ڕاستیدا تابڵێی دوور و درێژە. گلۆڵە بەن خلبووە و ڕۆیشت و ئیڤانیش بەردەوام بەدوایەوە بوو. ڕۆژی یەکەم و دووەم ڕۆیشت و ڕۆژی سێیەم لای زنجێکی بچووکدا وەستایەوە کە بە سەر قاچی بازێکەوە بوو و لە سەر کلکە تەشییەك دەخولایەوە و لێرەدا وەستا، ئیڤانیش وتی:"زنجە بچووکەکە، پشتی خۆت بکەرە دارەکان و ڕووی خۆت بکەرە من". زنجەکەش خۆی وەرگێڕا و ئیڤان چووە دالآنەکە و دەرگاکەی کردەوە و دەنگێکی گڕ بەرزبووەوە: "ئەوە بۆنی چی دەکەم، کێ هاتووە بۆ ئێرە؟ لە کوێوە، بۆ کوێ؟"

ئیڤان گلۆڵە بەنەکەی بابا ـ یاگای دەرهێنا و ئەویش بە سەرسامییەوە





هاواری کرد: "وەی بەخێربێیت، کەواتە تۆ کەسێکی نامۆ نیت و ئەو میوانەی لای خوشکەکەمەوە دێت خۆشەویستە. بۆچی یەکسەر نەتوت؟" ئەوجا کچە چووە دەرەوە و خێرا سفرە و خوانی بۆ ڕازاندەوە و فەرمووی لێکرد و وتی پاش نانخواردن برۆ خۆت بشۆ و بحەسێرەوە و دواتر پێکەوە قسە دەکەین".

لە پاش نانخواردن و پشوودان دووەم خوشکی بابا ـ یاگای جادووگەر هاتە تەنیشتی ئیڤانەوە و دانیشت و کەوتە پرسیار کردن دەربارەی هەموو شتێك، ئیڤانیش هەمووشتێکی بۆ گێڕایەوە کە کێیە و لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێت؟ بابا ـ یاگا وتی:"ڕێگەکە ئەوەندە دوور نیە، بەڵام نازانم دەتوانی بیگەیتێ یان نە. ساز و سەمتووری خۆژەند و قاز و پشیلەی سەماکەر هی زمێ گۆرینیچی خوشکەزامانە، کە عەزیای چیاکانە و زۆر لە گەنجەکان کە چوونەتە ئەوێ نەگەڕاونەتە دواوە و بوون بە نێچیری عەزیاکە، چونکە نەیانتوانیوە لێی بپارێنەوە. جا لە بەر ئەوەی کوڕی خوشکە گەورەکەمانە داوای لێدەکەین یارمەتیت بدات و ئەگەر وا نەکەین بە زیندوێتی ناگەڕێیتە دواوە. پێویستە پەیامێك بە قەلەڕەشی ژێردا بنێرم بۆ خوشکەزاکەم. بەڵام ئێستا برۆ بخەوە، سبەینێ خۆم بەئاگات دێنمەوە".

ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە چوو خەوت، بۆ سبەینێ بەیانی لەخەو هەڵسا و دەم و چاوی شۆرد و نانی خوارد. دوای ئەوە خوشکی دووەم تۆپە خورییەکی سوری دایەو هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی ڕێگەکەی پیشان بدات و خواحافیزییان کرد. گلۆڵە خورییە سوورەکە کەوتە

خلبوونەوە و ئیڤانیش دوای کەوت. ڕۆیشتن هەر ڕۆیشتن لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات ولە خۆرهەڵاتیشەوە بۆ خۆرئاوا، هەرچەند دەڕۆیشتن زیاتر ماندو دەبوو. ئەوجا گلۆڵە خورییەکەی هەڵگرت و کەمێك پشووی دا و تۆزێك نانی خوارد، نانێکی ڕەق و دڵۆپێك ئاوی کانی و دووبارە دەستی دەکردەوە بە ڕۆیشتن و ماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوە بوو. لە کۆتایی ڕۆژی سێیەمدا گلۆڵە خوری لای ماڵێکی گەرەدا وەستا. خانووەکە لە سەر دوانزە گابەرد دروستکرابوو و دوانزە کۆڵەکەش ڕایگرتبوو و بە پەرژینێکی درێژیش دەور درابوو.

سەگێك دەستی کرد بە وەڕین و خوشکە گەورەی بابا ـ یاگای جادووگەر هاتە دەرەوە و سەگەکەی بێدەنگ کرد و وتی: "هەموو شتێك لەبارەتەوە دەزانم، پەیامی خوشکەکەمم بە قەلەڕەشی ژێردا پێگەیشت. ڕێگەچارەیەك دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم. تۆ ئێستا فەرموو قاوەڵتی بکە، دەزانم کە ماندوویت و قاچ و قولت دێشێ". بەمجۆرە بردیە ژوورەوە و نان و خواردنی خستە بەر و وتی:"ئێستا پێویستە تۆ خۆت بشاریتەوە هەر ئێستا زمێ گۆرینچی کوڕم دەگەڕێتەوە. ئەو هەمیشە کە دەگەڕێتەوە بێتاقەت و برسییەتی و لەوانەیە بتکات بە تیکەیەك و بتخوات". لێرەدا دەرگاکەی بۆ کردەوە و پێی وت: "بڕۆ ژێرزەمینەکە و مەیەرە دەرەوە هەتا خۆم بانگت دەکەم". ئەوجا کچە بە ترسەوە دەرگاکەی داخست و لەو کاتەدا دەنگێکی زۆر بەرز هات و دەرگاکە خرایە سەر پشت و زمێ گۆرینیچ خۆی کرد بە ژووردا و هەموو دیوارەکان دەلەرینەوە و کوڕ نەڕاندی: "بۆن دێ، بۆنی بێگانە دێ لەم





دەور و مەکانە دێ".

دایکەکەش لەوەڵامدا وتی : "نەخێر شتی وا نابێت کوڕی خۆم. لەوانەیە ئەوە گورگەبۆر بێت لێرەوە دزەی کردبێت، یان هەڵۆیەك بێت بەسەرماندا فڕیبێت، ئەوە خۆتیت بە هەموو دنیادا خولاویتەتەوە و بۆنت گرتووە". ئەوجا دایکی کوڕە سفرە و خوانی ڕازاندەوە و نانی ئامادەکرد، گۆشتی گای لە تەنوور دەرهێنا و گۆزەیەك شەرابی لە سەر دانا. زمێ گۆزە شەرابی هەڵدا و گۆشتە گاکەی هەموو خوارد و ئاهێکی تێگەڕا و حەسایەوە. پاشان بە دایکی وت: "دایکە حەز دەکەم تاوێك یاریی کاغەز بکەم لەگەڵ یەکێکدا".

دایکیشی وتی:"یەنانت بۆ دەدۆزمەوە کە یاریی لەگەڵدا بکەیت و کاتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەربەریت، بەڵام تکات لێدەکەم ئازاری نەدەیت". کوڕەکەش وتی: "بانگی بکە، من ئازاری کەس نادەم، بەس تەنها حەز دەکەم یاریم لەگەڵدا بکات و کاتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر بەرم". ئەوجا دایکی پێی وت:"باشە، دەبێ پەیمانەکەی خۆت ببەیتە سەر"، دایکی ڕۆیشت و دەرگاکەی کردەوە و ئیڤان هاتە دەرەوە و کاغەزی یاریی دەرهێنا و لە سەر مێزەکە دانیشتن و زمێ گۆرینیچ وتی: "با یاری بکەین و ئاگات لێبێت براوە دۆڕاو دەخوات". هەردوکیان شەو تا بەیانی یارییان کرد. بابا ـ یاگای دایك یارمەتی ئیڤانی دا و بەیانی ئیڤان یارییەکەی بردەوە. زمێ کەوتە پاڕانەوە و وتی: "لێرە بمێنەرەوە و منیش خۆم بۆ یارییەکە ئامادە دەکەم و شەو یارییەکی تازە دەکەین کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە". زمێ گۆرینیچ ڕۆیشت و ئیڤانیش

خەوت و کە بەئاگاهاتەوە نانێکی چاکی خوارد. خۆرئاوا زمێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و گۆشتی گاکەی خوارد و گۆزەیەك شەرابی هەڵدا و وتی: "با ئێستا دانیشین یاری بکەین، منیش هەوڵ دەدەم یارییەکە بەرمەوە".
هەردوکیان دانیشتن بۆ یاری کردن و بەلاّم زمێ گۆرینیچ ئەو شەوە هیچ نەخەوتبوو و بە هەموو دنیادا گەڕابوو. کە هاتە ماڵەوە زۆر شەکەت و ماندوو بوو. ئەمجارەش گۆشتی گاکەی خوارد و گۆزەیەك شەرابی هەڵدا و بە میوانەکەی وت: "دانیشە با یاری بکەین، منیش هەوڵ دەدەم یارییەکە ببەمەوە. بەلاّم ئەمجارەش زۆر بێتاقەت و خەواڵوو بوو هەمدیس یارییەکەی بۆ جاری سێیەمیش دۆڕاند. زمێ گۆرینیچ زۆر ترسا و لە سەر ئەژنۆ دانیشت و بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوەوە وتی: "ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە، مەمکوژە و مەمخۆ، هەرچیەکت دەوێت بۆت دەکەم و خزمەتت دەکەم". لەبەردەم دایکیدا لە سەر ئەژنۆ دانیشت و لێی پاڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئیڤان قایل بکات و ڕازی بکات کە زیانی پێ نەگەیەنێت. ئیڤانیش نەیدەویست هیچ زیانێکی پێ بگەیەنێت و پێی وت:"زمێ گۆرینیچ ئێستا تۆ سێ یاریت لەگەڵ من دۆڕاندووە، دەبێ هەر سێ سەرسامکەرەکەتم بدەیتێ، کە ساز و سەمتووری خۆژەند و قاز و پشیلەی سەماکەر و بەە وازت لێدێنم".
زمێ گۆرینیچ بە دڵێکی خۆشەوە دەستی کرد بە پێکەنین و باوەشی کرد بە ئیڤان و دایکە پیرەکەیدا و وتی: "وەی بەسەرچاو، هەر هەموویت دەدەمێ". ئەوجا زمێ گۆرینیچ ئاهەنگێکی قەشەنگی سازدا و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئیڤاندا زۆر نەرم و نیان بوو و بە براکەم بانگی





دەکرد و تەنانەت خۆیشی خستە خزمەتیەوە کە بیگەیەنێتەوە مەملەکەتی خۆی. بۆیە وتی: "فەرمان بکە و لە چاوترووکانێکدا خۆت و هەموو شتەکان دەگەیەنمە ماڵەوە".
دایکیشی وتی: "ڕاست دەکات کوڕەکەم، میوانەکەت ببە بۆ لای پوورت،واتە بۆ لای خوشکە بچووکەکەم، بیریشت نەچێت کە گەیشتیتە ئەوێ بانگی پوورەکەی تریشت بکەیت، کاتێکی باشە بۆ ئەوەی هەردوکیان ببینیت".
ئاهەنگەکە تەواو بوو، ئیڤانیش شتە سەرسوڕهێنەکانی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و خواحافیزی لە بابا ـ یاگا کرد و زمێ گۆرینیچ ئیڤانی هەڵگرت و بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانی شین. سەعاتێك دواتر دابەزینە خوارەوە لە تەنیشت زنجی بابا ـ یاگای بچووکەوە و بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێکردن. ئیڤانیش هیچ کاتی بەفیڕۆ نەدا و ئەسپە یاڵ زێڕینی زین کرد و بابا ـ یاگا و زمێ گۆرینیچی خوشکەزای بەجێهێشت و ڕۆیشتەوە بۆ مەملەکەتەکەی خۆی و هەر سێ سەرسوڕهێنەکەی پاشای بە ساغ و سەلامەتی هێنابوو. پاشا لەو کاتەدا میوانی هەبوو سێ پاشا لەگەڵ خێزانەکانیان، وەزیر و گەورەپیاوانی تریش لە تەنیشتیەوە بوون. ئیڤان چووە ژوورەوە و هەرسێ دیارییە بەنرخەکەی پێشکەش بە پاشا کرد. پاشا لەمە زیاتر چی دەوێ! لەبەر ئەوە وتی:"ئیڤان تۆ ئەم فەرمانەت بەجێهێناوە منیش خەلاّتت دەکەم، ئەمەش خەلاّتەکەتە هەتا ئێستاش تۆ سەرمەیتەرمیت، بەلاّم لە ئێستا بەدواوە دەتکەم بە ڕاوێژکاری خۆم". لێرەدا وەزیر و گەورەپیاوان ڕوویان گرژکرد و لەبەرخۆیانەوە

وتیان:"مەیتەرێك و لەناو ئێمەدا دانیشێت، بەخوا کارێکی سەیر و سەمەرەیە، ئەوە پاشا بیر لەچی دەکاتەوە!".

سازو سەمتوور دەستی کرد بە ئاواز لێدان و پشیلەی خۆشخوانیش دەستی کرد بە گۆرانی وتن و قازیش کەوتە سەما کردن. بەزم و ئاهەنگەکە هێند خۆش بوو کە هیچکام لە گەورەپیاوان دانەدەنیشتن و بەردەوام سەمایان دەکرد. کات تێپەڕی بەڵام هەر سەمایان دەکرد تا وایلێهات تاجی پاشاکان لاربوونەوە و کەوتنە لاسەریان. و شاژنەکان هەر دەخولانەوە و بەردەوام بوون لە سەما کردن، وەزیرەکان و کاربەدەستە گەورەکان ئارەقیان کردبوو و هەناسەبڕکێیان بوو بەڵام هەر بەردەوام بوون لەسەر سەما کردن و نەدەوەستان. دواجار پاشا دەستی ڕاوەشاند و هاواری کرد:"ئیڤان ئاهەنگەکە ڕابگرە هەموومان شەکەت و ماندوو بووین!". ئیڤانیش هەر سێ شتە سەرسوڕهێنەرەکانی خستە جانتایەکەوە و لەپڕ بێدەنگی باڵی کێشا بە سەر ئەو ناوەدا. میوانەکانیش هەموو لە پەلوپۆ کەوتن و لاروپاڵ کەوتن و وتیان: "بەخوا سەیر بوو، باشە قەت کەس بەزم و سەمەرەی وای بینیوە!".

پاشا و شاژنە میوانەکان هەموو ئێرەییان بە پاشا دەبرد کە لەوپەڕی خۆشحاڵیدا بوو. پاشا لە دڵی خۆیدا وتی:"ئێستا هەموو پاشا و تسارەکان بەم باس و خواسە دەزانن و لە بەغیلیدا دڵیان دەتەقێ چونکە هیچ یەنان لەوان شتی وا سەرسوڕهێنەری نیە". بەڵام وەزیر و کاربەدەستە گەورەکانی پاشا لەناوخۆیاندا وتیان:"ئەگەر کار وا بڕوات ئەم کوڕە دەشتەکییە دەبێتە یەکەم پیاوی مەملەکەتدا. ئەگەر ئێمە





دووری نەخەینەوە لێی ڕزگار نەبین دەست دەگرێت بەسەر دامودەزگای دەوڵەتدا و خزمە لادێیەکانی خۆی دادەنێت و دەست بە دەرمان دەکات و هەموومان لەدار دەدات".

بۆ ڕۆژی دواتر وەزیر و کاربەدەستان کۆبوونەوە و کەوتنە ڕاوتەگبیر بۆ ئەوەی ڕێگایەك بدۆزنەوە کە خۆیان ڕزگار بکەن لە ڕاوێژکارە تازەکەی پاشا. ئەوان بەردەوام بیریان دەکردەوە تا لە کۆتاییدا یەکێك لە گەورەپیاوان وتی: "با بانگی بەدمەست بکەین چونکە ئەو لە هەموو کەس دەستباڵاترە لەم مەسەلانەدا". پاشان ناردیان بە شوێن کابرای بەدمەستدا و بۆیان نووشتایەوە و وتی: "دەزانم جەنابتان چیتان لێمدەوێ، ئەگەر نیو گۆزە شەرابم بۆ بێنن پێتاندەڵێم چیبکەن بۆ ئەوەی خۆتان ڕزگار بکەن لە ڕاوێژکارەکەی پاشا". ئەوانیش بە یەك دەنگ وتیان: "قسە بکە و نیو گۆزە شەراب هی خۆتە". ئەوجا کووپێ شەرابیان دایە و دوای ئەوەی چۆڕی لێبڕی وتی: "ئەوە بۆ چل ساڵ دەچێت پاشامان بێژنە و چەند جارێك ویستوویەتی ئەڵێۆنای شازادە قەناعەت پێبکات و بیخوازێت بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. سێ جار شەڕی لەگەڵ مەملەکەتی شازادەدابەرپاکرد و چەندین سەربازی بە کوشتدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و نەیتوانی بەزۆر مارەی بکات. کەوابوو با ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە بنێرێ بەدوای ئەم خانمە شازادەیەدا و بەم ڕەنگە هەرگیز گەڕانەوەی بۆ نابێت و ڕزگارتان دەبێ لە دەستی".

وەزیر و گەورەپیاوان پێیان لە جەرگی خۆیان نا و بۆ سبەینێ چوون بۆ

لای پاشا و وتیان: "پاشامان پایەدار بێت، ئێوە زۆر نازدار و ژیرن چونکە ڕاوێژکارێکی واتان بۆ خۆتان نازداروە. بەدەستهێنانی ئەو شتە سەرسورهێنەرانە کارێکی وا ئاسان نەبوو و هەر لە خۆی دەهات. ئێستاش لێمان بیستووەتەوە گوایە خۆی هەڵکێشاوە و باسی لەوە کردووە کە دەتوانێ شازادە ئەلیۆنات بۆ بهێنێت، ئیتر نازانین ئەوەی پێەکرێت یان هەر خۆهەڵکێشانە ! ؟" پاشا کە ناوی شازادە ئەلیۆنای بەرگوێ کەوت چیتر خۆی نەگرت و لەجێی خۆی بەرزبووەوە و وتی: "باشە من بۆچی هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە. بەڕاستی ئەمە ئەو پیاوەیە کە دەتوانێت شازادە ئەلیۆنام بۆ بهێنێ". ئەوج دەسبەجێ بانگی لە ڕاوێژکارە تازەکەی کرد و وتی: "هەر ئێستا دەبێ بڕۆیت بۆ پشتی نۆ مەملەکەت و لە دەیەم مەملەکەتدا شازادە ئەلیۆنام بۆ بهێنە". ئیڤان وەڵامی دایەوە: "بەڵام، گەورەم شازادە ئەلیۆنا ساز و سەمتوور و قازی سەماکەر و پشیلەی نەغمەخوان نین بیانخەمە ناو جانتاکەمەوە و بۆت بهێنم، لەوانەیە ئەو نەیەت لەگەڵم". بەڵام پاشا قاچی دا بە زەویدا و دەستی ڕاوەشاند و ڕیشی کەوتە لەرەلەر و وتی:"چەند و چوونم لەگەڵ مەکە، هیچ گوێت لێناگرم، هەر چیت پێ وتراوە جێبەجێی بکە و بۆم بهێنە. ئەگەر ئەوەت بۆ کردم منیش دەتکەم بە حاکمی شارێك و دەوروبەریت دەدەمێ و دەتکەم بە وەزیر، بەڵام ئەگەر فەرمانەکەم جێبەجێ نەکەیت لە ملت دەدەم".کە ئیڤان پاشای بەجێهێشت زۆر دڵتەنگ و بێتاقەت بوو، ئەسپە یاڵ زێڕینی زین کرد و ئەسپەکە لێیپرسی: "گەورەم بۆچی وا دڵتەنگ و خەمباریت، هیچ کێشە و





گرفتێکت هەیە؟ ئیڤانیش وەڵامی دایەوە: "چ کێشەیەك لەم کێشەیە گەورەترە. پاشا فەرمانی کردووە بڕۆم شازادە ئەلیۆنای بۆ بهێنم. خۆی سێ ساڵ هەوڵیدا بۆ ئەوەی شازادە ئەلیۆنا بهێنێت بەڵام بێسوود بوو، سێ ساڵ خەریکی شەڕ بوو بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و ئێستاش منی ناردووە بۆ ئەوەی شازادە ئەلیۆنای بۆ بهێنم".

ئەسپی یاڵ زێرین وتی: "ئەوە هەر کێشە نیە و هیچ خەمت نەبێت، من یارمەتیت دەدەم و هەرچۆنێك بووە جێبەجێی دەکەین". زۆری پێنەچوو ئیڤان خۆیان ئامادەکرد و بۆیدەرچوون و کەس نەیزانی چۆن لە دەرگاکەوە لەبەر ئەوەی زۆر خێرابوون. زۆر یان کەم ڕۆیشتن کەس نازانێت تا لەکۆتاییدا گەشتنە دەیەم مەملەکەت و شوورەیەکی زەبەلاح هاتە ڕێگەیان. بەڵام ئەسپی یاڵ زێڕین خۆی بە سەر دیوارە بەرزەکەدا خۆی هەڵدا و ئیڤان خۆی لە باخچەی پاشادا بینییەوە. ئەسپی یاڵ زێڕین وتی: "من خۆم دەکەم بە دارسێوێك کە سێوی ئاڵتوونی پێوەبێت، تۆش لە تەنیشتمەوە خۆت بشارەوە. سبەینێ بەیانی شازادە ئەلیۆنا دێتە دەرەوە بۆ پیاسە کردن سێوێکی ئاڵتوونی لێدەکاتەوە و هیچ کات بەفیڕۆ مەدە، کە شازادە ئەلیۆنا لێی نزیکبووەوە بیگرە و هەڵیدە سەر پشتم و دەسبەجێ من ئامادەم دەیفڕێنین و دەیبەین، بەڵام ئاگات لێبێت بچووکترین هەڵە بکەیت هەردوکمان دەفەوتێین".

بۆ ڕۆژی داهاتوو شازادە ئەلیۆنا هاتە باخچەکە بۆ پیاسەکردن و دارسێوێکی بینی سێوی ئاڵتوونیی پێوەبوو و هاواری کردە کەنیزەکەکانی: "تەماشا ئەو دارسێوە چەند جوانە هەموو سێوەکانی

ئاڵتوونین، لێرەدا بوەستن هەتا من دەچم دانەیەك لێدەكەمەوە. خێرا ڕایكرد بۆ لای دارەكە و ئیڤانیش پڕی پێداكرد و شازادە ئەلیۆنای گرت. هەر لەو ساتەشدا دارسێو بووەوە بە ئەسپە یاڵ زێرینەكە خۆی دا بە زەویدا و بیری خستەوە كە دەبێ ئیڤان پەلە بكات. ئیڤانیش چووە سەر ئەسپەكە و شازادە ئەڵیۆنایان فڕاند. ئەوە دواجار بوو كەوا كەنیزەكەكان شاژنە ئەڵیۆنایان بینی و ژنە بە دەنگی بەرز قیژاندی و ئێشككر و پاسەوان بە ڕاكردن هاتن بەڵام شازادە ئەڵیۆنایان نەبینی و تازە كار لە كار ترازابوو. پاشای مەملەكەت هەواڵی زانی و بە هەر چوار لادا ئەسپ سواری دەركرد، بەڵام هەموویان بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە و لە هیچ شوێنێك شازادە ئەڵیۆنایان نەبینی و ئەو كەسەشیان نەدۆزییەوە كە فڕاندی.

بەمجۆرە ئیڤان بە سەر چەند مەملەكەتدا ڕۆیشت و چەند زۆنگ و ڕووباری لەدوای خۆی بەجێهێشت. یەكەمجار شازادە ئەڵیۆنا چنگی لە گەڵی د و هەوڵیدا شەڕ بكات.بەڵام كە زانی هیچی پێناكرێت وازیهێنا و بە بێدەنگ دەستی كرد بە گریان بۆ ئەو جادووەی لێكرا. تەماشای ئیڤانی دەكرد و كوڵی گریانی نەدەنیشتەوە و بۆ ڕۆژی دووەم كەوتە گفتوگۆ لەگەڵ ئیڤان و وتی: "پێم بڵێ، تۆ كێیت و چ كارەیت و لەكوێوە هاتوویت؟ شار و مەملەكەتت لەكوێیە، بنەماڵە و كەسوكارت كێن و بە چیت بانگ دەكەن؟".

- "من ناوم ئیڤانە و بە ناوی ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە بانگم دەكەن، من لە فلان مەملەكەت و فیسار وڵاتەوە هاتووم، دایك





و باوكم جووتیارن".

- "باشە، ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە بۆچی منت هێناوە بۆ ئێرە، بۆ خۆت، یان بۆ كەسێكی تر كە فەرمانی پێكردوویت؟"
- "فەرمانی پاشا بووە كە تۆی بۆ ببەم".

لێرەدا شاژنە ئەڵیۆنا دەستی گوشی و قیژاندی: "من هەرگیز شوو بە پیرێكی گەوج و بێئەقڵی وەك ئەوە ناكەم، سێ ساڵ هەوڵی دا قەناعەتم پێبكات بێسوود بوو، سێ جار شەڕی لە دژی مەملەكەتەكەم كرد و چەند لەشكری نارده سەرمان و شكا و چەندین سەربازی بە كوشت دا هیچی پێنەكرا، ئێستا ئەو ناتوانێت من بەرێت".

ئیڤان لە ناخەوە ئەم قسانەی پێخۆشبوو بەڵام هیچ شتێكی نەوت و لە دڵی خۆیدا هەر بیری دەكردەوە: "خۆزگە من ژنێكی وەك ئەم ژنەم دەبوو!".

ورده ورده مەملەكەتی ئیڤان دەركەوت و پاشاش لە بەردەم داڵانی كۆشكدا چاوەڕێی دەكردن. ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە چووە حەوشەكەوە و پاشاش هاتە خوارەوە و شازادە ئەڵیۆنای گرت و لە سەر زینەكە دایگرت و دەستی خستە ناو دەستە سپییەكانی و وتی: "ئەم هەموو ساڵانە خوازبێنیكەر دەنێرم خۆم هەوڵی ڕازیكردنت دەدەم شووم پێبكەیت و تۆ هەمیشە ئێمەت نەویستووە، بەڵام ئەمجارەیان دەبێ شووم پێبكەیت". شازادە ئەڵیۆنا بزەیەكی گاڵتەئامێزی بۆ كرد و وتی: "پێویستە جەنابت ڕێگەم بدەیت كەمێك پشووی ئەم سەفەرە بدەم،

پێش ئەوەی باس لە شوو بکەم".

پاشا کردی بە هەرا و مەزات و ناردی بە شوێن خزمەتکار و کەنیزەکی کۆشکدا و فەرمانی کرد جێ و ڕێ بڕازێننەوە و ئامادەی بکەن بۆ شازادە ئەلێۆنای میوانی خۆشەویست. ئەوانیش وتیان: "پاشامان پایەدار بێت، دەمێکە ئامادەیە". پاشان وتی: "شازادە ئەلێۆنا لە ئێستا بەدواوە دەبێتە شاژن و ئێوەش گوێڕایەڵی تەواوی فەرمانەکانی دەبن!"

پاشان کارەکەر و کەنیزەك شازادە ئەلێۆنایان بردە ژووری خۆی.

پاشاش بە ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورەی وت: "ئافەرین ئیڤان، بۆ ئەم چاکەیەت دەتکەم بە سەرۆك وەزیران و سێ شار و زەوی زاری دەوروبەریت پێدەبەخشم".

ڕۆژێك و دوان تێپەڕین و پاشای پیر ئۆقرەی لێبڕا و ئارامی لێهەڵگیرا و بە تەمای ئاهەنگی شایی و زەماوەند بوو و بە شازادە ئەلێۆنای وت:" گیانەکەم، کەی زەماوەندەکە بکەین وچ ڕۆژێك بچین بۆ کەنیسە؟"

شازادە ئەلێۆناش وتی: "ئاخر چۆن شوو بکەم ئەگەر ئەڵقەیەکم لە پەنجەدا نەبێت و تەدارەکی بۆ ساز نەکرابێت؟" پاشاش وتی: "ئەوە مەسەلەیەك نیە ڕێ لە کارەکەمان بگرێت، چی دەخوازی لە ئۆغرتدایە هەر یەنان لەوانە دڵت پێ خۆش نەبوو، دەتوانین پەیام بۆ مەملەکەتانی پشت دەریاکە بنێرین و ئەوەی ئەتەوێت بۆتی بهێنن". شازادە ئەلێۆناش وتی:"نا، گەورەم من ناچم بۆ کەنیسە هەتا عەرەبانە و تەدارەکی خۆمم لەگەڵ نەبێت و ئەڵقەکەی خۆشمم بۆ نەهێنن". پاشاش





وتی: "باشە عەرەبانە و تەدارەکی تۆ لە کوێیە و ئەڵقەکەشت لە کوێدایە تا بۆتی بهێنین؟" شازادە ئەلێۆنا وتی:"ئەڵقەکەم لە ناو سندووقی سەفەرمدایە و ئەویش لە ناو عەرەبانەکەدایە لە نزیکی دوورگەی بویان و لە بنی زەریادا. جا تا ئەوانە بەدەست نەهێنی وا چاکە قسە لە هاوسەربوونمان نەکەین".پاشاش تاجەکەی داگرت و پشتی سەری خۆی خوراند و وتی: "ئاخر چۆن بتوانم ئەو عەرەبانەیەی تۆ لە بنی زەریا دەربێنم".

شازادە ئەلێۆنا لە وەڵامدا وتی: "ئەوەیان کەیفی خۆتە و ئەرکی من نیە هەر چۆنێك ئەکەیت خۆت بیکە". شازادە ئەم قسانەی کرد و چووە ژوورەکەی خۆیەوە. پاشاش بە تەنها مایەوە و هەر بیری لێدەکردەوە هەتا ئیڤانی بیرکەوتەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: "هەر ئەو دتوانێت بچێت ئەڵقە و عەرەبانەکەم بۆ بێنێت". بۆیە یەکسەر چوو بۆ لای ئیڤان و پێی وت: "ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە، خزمەتکار دڵسۆزم، گوێ بگرە بزانە چیت پێدەڵێم. تۆ ئەو کەسە بوویت کە ساز و سەمتوور و قازی سەماکەر و پشیلەی نەغمەخوانت بۆ هێنام، هەروەها شازادە ئەلێۆناشت دەستخستم. ئێستاش سێهەم خزمەتم بکە و ئەڵقە و عەرەبانەکەیم بۆ بێنە. ئەڵقەکە لە ناو سندووقی سەفەرەکەیدایە و ئەویش لەناو عەرەبانەکەدایە لە نزیك دوورگەی بویان و لە بنی ئاوی زەریادا.

ئەگەر ئەو کارەم بۆ بکەیت دەتکەم بە خاوەن دەسەڵاتی سێیەکی مەملەکەتەکەم".

ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی: "خاوەن شکۆ، ئاخر خۆ من نەهەنگ نیم، چۆن دەتوانم بچمە ژێر ئاوی زەریا و ئەڵقە و عەرەبانەکەت بۆ بهێنم! ؟". پاشا تووڕە بوو و قاچی دا بە زەویدا و هاواری کرد: "فززە نەکەی ها! کێ لێرە پاشا من یان تۆ؟ من فەرمان دەکەم و تۆش دەبێ گوێڕایەڵم بیت و فەرمانم جێبەجێ بکەیت، ئەگەر ئەڵقە و عەرەبانەکەم بۆ بهێنیت ئەوا خەڵاتێکی باشت دەکەم، ئەگەر نا ئەوا لە ملت دەدەم".

ئیڤان ڕۆیشت بۆ تەویلە و زۆر خەمبار و بێتاقەت بوو، ئەوجا کەوتە زینکردنی ئەسپی یاڵ زێڕین کە لێی پرسی: "گەورەم بۆ وا چوویتە ژێری؟" ئیڤانیش وەڵامی دایەوە:" تا ئێستا خۆشم نازانم چیبکەم و بۆ کوێ بڕۆم، پاشا فەرمانی پێکردووم بچم ئەڵقە و عەرەبانەکەی شازادە ئەلێۆنای بۆ بێنم. ئەڵقەکە لە ناو سندووقی سەفەریدایە و ئەویش لە ناو عەەبانەکەدایە لە نزیکی دوورگەی بویان لە بنی زەریادا و دەبێ بڕۆمە ئەوێ".

ئەسپی یاڵ زێڕینیش وتی: "ئەم ئەرکەیان زۆر قورسترە لەوانەی پێشوو کە بەجێمانهێنا، ڕێگەکە زۆر دوور نیە بەڵام لەوانەیە بخنکێین، من دەزانم عەرەبانەکە لە کوێدایە بەڵام پێگەیشتنی ئاسان نیە. من دەبێ بڕۆمە ژێر زەریاکە و خۆم بە عەرەبانەکەوە ببەستمەوە و بیهێنمە دەرەوە ئەگەر ئەسپە بەحرییەکان نەمبینن، بەڵام ئەگەر بمبینن پارچە پارچەم دەکەن و تۆش نە من و نە عەرەبانەکەش نابینیتەوە". لەم کاتەدا ئیڤان لەبیر کردنەوەدا بوو هەتا ڕێگایەکی دۆزییەوە، ئەوجا چوو بۆ لای پاشا و پێی وت: "گەورەم پێویستم بە دوانزە پێستە گاو دوانزە





گوریسی ئەستوور و دوانزە پووت قیر و مەنجەڵێکی زەبەلاح هەیە". پاشا فەرمانی دا هەموو پێداویستییەکی دابین بکەن، ئیڤانیش هەموو شتەکانی برد و ڕۆیشت تا گەیشتە کەنار دەریا و دەستی کرد بە داپۆشینی ئەسپەکەی بە پێستە گا و بە گوریسەکانیش بەستیەوە و وتی: "ئەگەر ئەسپە ئاوییەکان تۆیان بینی قەپ بە پێستە گاکەدا دەکەن و ئازارت پێناگات".

ئیڤان ئەسپەکەی جوان لە چەرمە گاکانەوە پێچا و بە هەر دوانزە گوریسەکە بەستنیەوە و پاشان بە قیر هەموو پێستەکەی سواغ دا. ئەسپی یاڵ زێڕین وتی: "ئیتر ئەسپە ئاوییەکان ناتوانن ئازارم بدەن، تۆ لێرە لەم مێرگەدا ماوەی سێ ڕۆژ بمێنەرەوە و بۆخۆت ساز لێدە و بە هیچ شێوەیەك چاو مەنوقێنە".

ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە بە تەنها لە قەراخ دەریا مایەوە، ڕۆژێك و دووان ڕابورد و ئەم هەر بەخەبەر بوو سازی دەژەند و چاوی بڕیبووە دەریاکە بەڵام لە ڕۆژی سێهەمدا خەوەنووچکەی پێکەوت و ساز ژەندنیش دادیان نەدا و هەرچەند خۆی گرت کە نەخەوێت بەڵام هێزی لەبەر بڕا و خەوی لێکەوت. زۆر خەوت یان کەم کەس نازانێت بەڵام لەناکاودا گوێی لە گرمە و ناڵەناڵێك بوو دەسبەجێ ڕاچڵەکی و تەماشای کرد ئەسپە یاڵ زێڕین لە ئاوەکە هاتووەتە سەر کەناری دەریاکە و عەرەبانەکە ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی بیهێنێتە دەرەوە. لەو کاتەشدا شەش ئەسپی دەریایی یاڵ زێڕین خۆیان بەملا و بەولایدا هەڵواسیوە.
ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە پەلاماری دا و ئەسپە یاڵ زێڕین وتی:

"ئەگەر تۆ بە چەرمە گاکان نەتپێچامایە هەرگیز جارێکی تر نەتدەبینیمەوە، چونکە ڕەوە ئەسپێکی بەحری پەلاماریانداو و نۆ دانە لەو دوانزە پێستەیان پارچە پارچە کرد و قەپیان لە سیانەکەی تر گیرکردبوو. شەش لە ئەسپە دەریاییەکان خەریکبوون بە دان گرێی گوریسەکان بکەنەوە، بەڵام قیرەکە نەیهێشت. زۆر چاکە و دەتوانی سوودیان لێببینیت". ئیڤانیش دەست و قاچی ئەسپە دەریاییەکانی بەستەوە و نەیهێشت ڕابکەن بە قامچییەکەی هێنانیە دەرەوە و ڕیزی کردن و وتی: "دەتوانن بمبەن بۆلای گەورەکەتان؟ گوێڕایەڵم دەبن باشە ئەگەر نا ئەوا کەوڵتان دەکەم و لاشەتان فڕێدەدەمە بەر گورگ". ئەسپە دەریاییەکانیش لە بەردەمی ئیڤاندا بەچۆکدا هاتن و کەوتنە پاڕانەوە بۆ ئەوەی وازیان لێبهێنێت و وتیان: "ئەی لاوی جوانخاس، چیتر لێمان مەدە ملکەچی هەموو فەرمانەکانتین و دەبینە خزمەتکارێکی بەئەمەکت. هەرکاتێکیش کێشەیەکت هەبوو ئێمە ئامادەین بۆت چارەسەر بکەین و یارمەتیت بدەین".

بەمجۆرە ئیڤان وازی لێهێنان و هەر حەوت ئەسپەکەی پێکەوە لە عەرەبانەکە بەست و لێیخوڕین بۆماڵەوە. لە بەر دەرکی کۆشکی پاشادا ئیڤان ئەسپە دەریاییەکان و ئەسپی یاڵ زێڕینی بردە تەویلەوە و خۆیشی ڕۆیشت بۆلای پاشا و وتی: "خاوەن شکۆ، عەرەبانەکە و چی تێدایە لە بەر دەرگایە".

پاشاش دەسبەجێ ڕایکردە دەرەوە بۆ لای عەرەبانەکە و سندووقەکەی هەڵگرت و بردی بۆ لای شازادە ئەلێۆنا. بەڵام هیچ شتێکی تری نەوت بە





ئیڤان تەنها وشەی سوپاس نەبێت.

لێرەدا پاشا بە شازادە ئەلێۆنای وت: "خانمەکەم وا هەموو حەز و ئارەزووەکانتم هێنایەدی، ئەمە ئەڵقە و سندووقەکەتە و عەرەبانەکەشت لە دەرەوەیە. ئێستا پێم بڵێ چ ڕۆژێ ئاهەنگی زەماوەند بگێڕین و کەی میوانەکان بانگهێشت بکەم؟" شازادە ئەلێۆناش لە وەڵامدا وتی: "من بە لامەوە گرنگ نیە شوو بکەمە تۆ و دەتوانین بەم زوانە زەماوەند بگێڕین بەڵام من حەز ناکەم لە گوڵ کەسێکی پیردا بڕۆم بۆ کەنیسە. خەڵکی چیمان پێدەڵێن؟ بێگومان هەموو پێمان پێدەکەنن و دەڵێن ئەو پیرەمێردە کچێکی گەنجی هێناوەو ئەڵبەتە دەمی خەڵك ناگیرێت و قسە و باس و واتەواتیان نابڕێتەوە، بەڵام ئەگەر تۆ بگەڕێیتەوە کاتی گەنجی هەموو شتەکان بە باشی دەڕۆن و ئاسایی دەبن".

پاشاش وتی: "جا هیچ شتێ لەوە خۆشتر دەبێت بۆ من کەوا گەنج و جوان ببمەوە ! بەڵام دەبێ پێم بڵێیت چیبکەم، چونکە هیچ کەسێك لەم مەملەکەتەدا شتی وای نەبیستووە". شازادە ئەلێۆناش وتی: "پێویستت بە سێ مەنجەڵی مس هەیە، یەنانیان پڕ بکەیت لە شیر و دوانەکەی تریش پڕ بکە لە ئاوی کانیاو. دەبێ مەنجەڵە شیرەکە و یەك لە دوو مەنجەڵە ئاوەکان بخەیتە سەر ئاگر و هەر کە دەستیان کرد بە کوڵان خۆت بخەرە ناو مەنجەڵە شیرەکەوە و پاشان ناو مەنجەڵی ئاوە کوڵهاتووەکەوە و دواتریش خۆت فڕێدە ناو مەنجەڵی ئاوە ساردەکەوە. بەمجۆرە گەنج و جوان دەبیتەوە و تافی لاویت بۆ دەگەڕێتەوە و دەبیتە گەنجێکی بیست ساڵان". پاشا پرسی: "باشە پێستی لەشم

نازدارپلۆخێت؟" شازادە ئەلێۆناش وتی: "لە مەملەکەتەکەی مندا هەرگیز خەڵکی پیر نابینیت! هەموو کەسێك ئەو کارە ئەنجام دەدات و کەسیش نازدارپلۆخێت". بەمجۆرە پاشاش فەرمانی دا هەموو ئەو شتانەی بۆ ئامادەکرا کە شازادە ئەلێۆنا ڕایسپاردبوو. بەڵام کە شێر و ئاوەکە هاتنە کوڵاندن، پاشا زۆر ترسا و نەیویست خۆی بخاتە ناو مەنجەڵەکانەوە و بە دەوریاندا هەر دەهات و دەچوو، لە پڕ کێشای بە ناوچەوانی خۆیدا و وتی: "چۆن دەتوانم شتی وا بکەم، با لە پێشدا ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە تاقی بکاتەوە و خۆی تێفڕێبدات و ئەگەر بە سەلامەتی هاتە دەرەوە، ئەوا منیش خۆمی تێفڕێدەدەم، ئەگەر نا ئەوا پێستی لەشی ئەو دادەپلۆخێت و منیش هیچ زیانێك ناکەم، بەڵکو هەموو ئەسپەکانی ئەوم بۆ دەمێنێتەوە و مەملەکەتەکەشم بۆ خۆم دەبێت و لەگەڵ کەس بەشی ناکەم".

پاشا ناردی بە شوێن ئیڤان دا و ئەمیش وتی: "بەڵێ گەورەم چ کارێکت هەیە هێشتا پشووم سەفەرەکەم نەداوە". پاشاش وتی: "شتێکی وا نیە، تەنها خۆت نوقمی ئەو مەنجەڵانە بکە و پاشان بڕۆ پشوو بدە".

ئیڤانیش تەماشایەکی مەنجەڵەکانی کرد و هەردوو ئەوانەی شیر و ئاوەکە دەکوڵان و قوڵپیان دەدا و سێهەمیش ئاوی ساردی تێدابوو. لێرەدا ئیڤان وتی: "خاوەن شکۆ دەتەوێ هەر بە زیندوێتی بمکوڵێنیت؟ ئەمە خەڵات و بەراتی خزمەتەکانمە؟" پاشاش وتی: "نەخێر وا نیە ئیڤان، ئەگەر پیاوێکی پیر خۆی نوقمی ناو ئەو مەنجەڵانە بکات دەگەڕێتەوە سەردەمی گەنجی و وەك لاوێکی تەمەن بیست ساڵی





لێدێت". ئیڤانیش وتی: "بەڵام خاوەن شکۆمن پیر نیم و نامەوێ لەم تەمەنەی ئێستام منداڵتر ببمەوە". پاشا زۆر توڕە بوو و وتی: "وادیارە دەتەوێ دەمەدەمەم لە گەڵ بکەیت و لە ڕوومدا بوەستیت، ئەگەر بەخوایشت خۆت هەڵنەدەیتە ناو مەنجەڵەکانەوە، خۆم فڕێتدەدەمە ناویانەوە، وادیارە خوێنی ملت دەفڕێ!".

لەو ساتەوەختەدا شازادە ئەلێۆنا لە ژوورەکەی هاتە دەرەوەو یەکسەر گەیشتە سەریان و بەدزیی پاشاوە چرپاندی بە گوێی ئیڤاندا: "بە ئەسپە یاڵ زێڕین و ئەسپە دەریاییەکانت بڵێ پێش ئەوەی تاقیبکەیتەوە و ترست نەبێ". لێرەدا شازادە ئەلێۆنا بە پاشای وت: "هاتووم بزانم هەموو شتێ ئامادەیە و بەو شێوەیەیە کە پێم وتووی". پاشان چوو تەماشای مەنجەڵەکانی کرد و وتی: "هەموو شتێ تەواوە، ئێستا خۆتی تێخە و منیش دەچم خۆم بۆ زەماوەندەکە ئامادە دەکەم"، ئەوجا لێیدا چووە ژوورەکەی خۆی و ئیڤانیش سەیرێکی پاشای کرد و وتی: "زۆرباشە، هەرچیت وت بە گوێت دەکەم و پیاو هەر یەك جار دەمرێت، بەڵام ڕێگەم بدە با بڕۆم بۆ لای ئەسپە یاڵ زێڕینەکەم و بۆ دواجار ماڵئاوایی لێبکەم چونکە پێکەوە گەشتی زۆر شوێنی دوورمان کردووە". پاشاش وتی: "چاکە دەتوانی بەڵام زۆرت پێنەچێت!". ئیڤانیش چوو بۆ تەویلەکە و هەموو شتێکی لە ئەسپەکان گەیاند. ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: "ئەگەر گوێت لە ئێمە بوو سێ جار حیلکاندمان، خۆتی تێفڕێ بدە و لە هیچ شتێك مەترسە". ئیڤان گەڕایەوە بۆلای پاشا و وتی: "خاوەن شکۆ، من ساز و ئامادەم و ئێستا خۆمی تێفڕێدەدەم".

لەو ساتەدا ئەسپەکان سێ جار حیلاندیان و ئیڤانیش خۆی فڕێدا ناو مەنجەڵە شیرە کوڵاتووەکە و هاتە دەرەوە و خۆی فڕێدا ناو ئاوە گەرمەکەوە و لێی هاتەدەرەوە و خۆی خستە ناو ئاوە ساردەکەوە و کاتێ لێوەی هاتە دەرەوە بوو بە کوڕێکی هێندە جوان و مێرخاس کە هەرگیز لەوێنەی نەبوو. پاشا کە تەماشای ئیڤانی کرد چیتر خۆی پێنەگیراو یەکڕاست خۆی هەڵدا ناو مەنجەڵە شیرەکەوە و دەسبەجێ بە زیندوێتی کوڵا و پێست و گۆشتی داماڵا. شازادە ئەلێۆنا خێرا لە دالآنەکە هاتەخوار و دەستی ئیڤانی گرت و ئەڵقەکەی کردە پەنجەی و بزەیەکی بۆ کرد و وتی: "تۆ لە سەر فەرمانی پاشا منت فڕاند، وا ئێستا پاشا مرد و کەیفی خۆتە چیم لێدەکەیت، ئەگەر ئارەزوو دەکەیت بمبەرەوە بۆ شوێنی خۆم و ئەگەر نا دەتوانیت لای خۆت بمهێڵیتەوە".

ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە دەستە سپییەکانی شازادە ئەلێۆنای خستە ناو دەستی خۆی و ئەڵقەکەی پەنجەی خۆی کردە پەنجەی شازادە ئەلێۆنا و کردیە مارەبڕی خۆی. پاشان پەیامی نارد بۆ گوندەکەی و دایك و باوك و سی و دوو براکەی بانگ کرد بۆ شایی و زەماوەندەکەیان و دەسبەجێ هەموویان گەیشتنە کۆشك و ئاهەنگێکی قەشەنگیان سازدا. بەمجۆرە ئیڤان و شازادە ئەلێۆنا پێکەوە ژیانێکی خۆشیان بردە سەر و دایکە و باوکەشیان چەساندەوە.





# حەوت برا ئازاکە

لە سەردەم و زەمانێکی زۆر کۆندا حەوت برای ئازا و ئیشکەر هەبوون، هەموویان ناویان سیمیۆن بوو. ڕۆژێکیان هەموویان چوونە دەشتودەر بۆ پێشوازی کردن لە بەیانی و تیشکی ڕۆژ و دەست بە کارکردن زەوی کێڵان و چاندنی هەندێك گەنم. هەرلەو کاتەدا پاشا و گەورەی یاوەرانی بە سواریی ئەسپ بەوێدا تێپەڕین. پاشا تەماشای حەوت براکەی کرد و لێیان سەرسام بوو و وتی: "ئەمە مانای چیە؟ حەوت کوڕی گەنج یەك پەڵە زەوی دەکێڵن، هەموویان یەك باڵایان هەیە و لە یەکیش دەچن، دەبێ بزانی ئەمانە چ کارەن و کێن". یاوەرەکەی پاشا بە ڕاکردن چووە لای حەوت برا ئیشکەرەکە و وتی: "پاشام دەیەوێت بزانێت ئێوە کێن و چ کارەن؟". حەوت براکەش لە وەڵامدا وتیان: "ئێمە حەوت براین و حەوت پیاوی ئازا و ئیشکەرین، هەمووشمان ناومان سیمیۆنە، ئێمە ئەو زەوییەمان کێڵاوە کە هی باوك و باپیرمانە، سەرەڕای ئەوەش هەریەکەمان پیشەیەك فێربووە". پاشا لێیپرسین: "باشە هەر یەکەتان فێری چ کارێك بووە؟". برا گەورەکەیان لە وەڵامدا وتی: من کە سیمیۆنی ئاسنگەر و دارتاشم، دەتوانم کۆڵەکەیەکی ئاسن دروست بکەم کە لە زەوییەوە بۆ ئاسمان بەرز بێت". برای دووەم وتی: "منیش سیمیۆنم و بەو کەسە ناسراوم کە بە شتدا هەڵزنێم و دەتوانم بچمە سەر ئەو کۆڵەکەیە و تەماشای هەر چوار لا بکەم و هەموو شتێك بە دی

بکەم". ئەوجا برای سێیەم وتی: "منیش ناوم سیمیۆنە و دەریاوانم و دەتوانم لە چاوترووکانێکدا کەشتییەك دروست بکەم و بە ژێر ئاو و سەر ئاویشدا بیبەم. برای چوارەم وتی: "منیش ناوم سیمیۆنی تیرئەندازە و دەتوانم هەر فڕندەیەکی ئاسمان بپێکم. برای پێنجەم وتی: "هەروەها منیش ناوم سیمیۆن ئەستێرەناسە و دەتوانم تەواوی ئەستێرەکانی ئاسمان بژمێرم بێئەوەی دانەیەکیان لێبپەڕێنم". برای شەشەمیش وتی: "من ناوم سیمیۆنی جووتیارە و دەتوانم لە یەك ڕۆژدا زەوی بکێڵم و تۆویشی بکەم و بیشیدوورمەوە".

دواجار پاشا پرسیاری لە حەوتەم برا کرد و وتی: "ئەی تۆ دەتوانیت چیبکەیت؟" ئەویش لە وەڵامدا وتی: "پاشام پایەدار بێت، من دەتوانم گۆرانی بڵێم و سەما بکەم و شمشاڵیش بژەنم". لێرەدا گەورەی یاوەرانی پاشا بە تەوسێکەوە وتی: "گەورەم، ئێمە پێویستمان بە کەسانی ئیشکەرە و ئەم کوڕە گەنجانەمان دەوێ و چی لە گۆرانیبێژ و سەماکەر بکەین، با ئەمەیان بڕوا بە ڕێی خۆیەوە و بۆچی نانی خۆڕایی بدەینێ". پاشاش سەری ڕەزامەندی لەقاند و وتی ڕاستە وایە. ئەوجا سیمیۆنی برا بچووك کڕنۆشی بۆ پاشا برد و وتی: "گەورەم ڕێگەم بدە تاوێك شمشاڵت بۆ بژەنم و پیشانت بدەم کە چیم پێدەکرێت". پاشاش وتی: "زۆرباشە، تاوێك شمشاڵم بۆ بژەنە پێش ئەوەی مەملەکەتەکەم بەجێبێلیت". لێرەدا سیمیۆنی برا بچووك شمشاڵەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە شمشاڵ لێدان لە سەر بەزم و ئاوازی هەڵپەڕکێ. لەناکاو هەرکەس لەوێدابوو کەوتە سەماکردن و هەڵبەز و دابەز.





هەروەها پاشاش دەستی کرد بە سەما کردن و لەولاشەوە پاسەوان و خزمەتکاریش کەوتنە هەڵقونین. تەنانەت ئەسپەکان لە تەویلەدا کەوتنە سەر پاشوو و هەر دەیانحیلکاند، هەروەها مانگا و ڕەشەوڵاخ لە گەوڕ و پشتیردا بە تەپەتەپ سمیان دەکوتا بە زەویدا. لەولاشەوە مریشك و کەڵەشێرلە کولانە هاتنە دەر و کەوتنە گارەگار و خوێندن. گەورە یاوەری پاشاش لە هەموویان زیاتر سەمای دەکرد و بە دەوری خۆیدا خولایەوە و ئەوندەی نەبرد بە دەمدا کەوت. پاشاش بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "شمشاڵ لێدان بوەستێنە، ناتوانم چیتر لەوە زیاتر سەما بکەم و خەریکە بەردەبمەوە". سیمیۆنی بچووك وتی: "فەرموو گەورەم پشوو بدە، بەڵام یاوەری پاشا لە بەر ئەو تەوس و پلار و زمان درێژییەت هەر هەڵتدەپەڕێنم".

ئەوجا هەموو خەڵکەکان وەستان بەڵام یاوەری پاشا هەر سەمای دەکرد هەتا شل و شەکەت بوو و قاچی چیتر هەڵینەگرت و دای لە زەوی و کەوتە هەناسەبڕکێ و دەمەداچەقە، وەکو ماسی لە ئاو بڕاو. پاشان سیمیۆنی بچووك شمشاڵەکەی خستەلاوە و وتی:" پاشا ئەمە پیشە و بازرگانیی منە !". پاشا دەستی کردە پێکەنین بەڵام یاوەرەکەی ڕقی لێهەڵگرتبوو و دەیویست تۆڵەی لێبکاتەوە. ئەوجا پاشا ڕوویکردە برا گەورەکە و وتی: "ئێ سیمیۆنی گەورە ئێستا تۆ پیشانمان دەدەیت کە دەتوانیت چی بکەیت؟". سیمیۆنی گەورەش چەکوشەکەی دەرهێناو پانزە پارچە ئاسنی شکاندو کۆڵەکەیەکی ئاسنی لێدروست کرد لە زەوییەوە دەگەیشتە ئاسمان. پاشان سیمیۆنی دووەم بە کۆڵەکەکەدا

هەڵزنا و گەیشتە ترۆپکی و لەوێوە تەماشای هەموو لایەکی دەکرد. پاشاش بانگی کرد و وتی:

- پێمان بڵێ چی دەبینیت؟
- کەشتی دەبینم لە دەریادا سەوڵ لێدەدەن و دەبینم خەریکە گەنم پێدەگات لە کێڵگەکاندا.
- ئەی چی تر دەبینیت؟
- دوورگەیەك لە ناو زەریادا دەبینم، دوورگەی بویان دەبینم لە بەر تیشکی ڕۆژدا دەبریسکێتەوە، هەر لەوێ لە بەردەم پەنجەرەی کۆشنانی ئاڵتوونیدا یێڵینای قەشەنگ دانیشتووە و فەرشی ئاوریشمین دەچنێت.

پاشا لێی پرسی:

— باشە یێڵینا لە چی دەچێت؟ ئەوەندە جوانە کە باسی دەکەن؟

ئەویش لەوەڵامدا وتی:

- لە ڕاستیدا وایە، ئەوەندە جوانە هیچ دەستێك ناتوانێت وێنەی بکێشێت وجوانییەکەی لە باسکردن نایەت، تاجێکی لەسەردایە لە مانگی چواردە دەچێت و تاڵ تاڵی پرچی وەك گەوهەر دەدرەوشێتەوە. ئەمەش وای لە پاشا کرد کە زیاتر بە پەرۆش بێت بۆ مارەکردنی یێڵینای قەشەنگ و لەوەدا بوو بنێرێتە خوازبێنی بەڵام یاوەری بەدخوو ویستی پاشا بدا بە گژ حەوت براکەدا و وتی: " گەورەم بۆچی حەوت براکە نانێریت بۆ ئەوەی کە یێڵینای قەشەنگت بۆ بهێنن، ئەوان کارامە و زیرەکترن و دەتوانن بە





سەرەڕۆییەکانی خۆیان ئاواتەکەت بهێننەدی، ئەگەر نەیانتوانی واچاکە لە ملیان بدەیت". پاشاش سەری بۆ لەقاند و مەسەلەکەی پێ پەسەند بوو. بۆیە فەرمانی بە حەوت براکە کرد یێڵینای قەشەنگی بۆ بهێنن و پێی وتن: "سوێند بێت ئەگەر بۆم پەیدا نەکەن بە شمشێرەکەم سەرتان لە لاشە دەکەمەوە!". براکان هەرچییەکیان کرد بێسوود بوو ناچار سیمیۆنی بەرگدروو دەرزی و داوەکەی دەرهێنا و بە چاوترووکانێك کەشتییەکی دروستکرد و خستیە دەریاوە، پاش ئەوەی کە پڕیانکرد لە کەرەستە و پێداویستی و دیارییە بەنرخەکانیان. پاشا فەرمانی دا بە گەورەی یاوەرانی لە گەڵ براکان بڕوات و تەماشا بکات ئایا ئەو کارە ئەنجام دەدەن کە پێیانسپێردراوە. ئەویش ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، بەڵام چیبکات چاری نەما و ئەوەی بیرکەوتەوە کە دەڵێت چاڵ بۆ هیچ کەس هەڵمەکەنە بۆ ئەوەی خۆتی تێنەکەویت.

ئەوجا براکان سواری کەشتییەکە بوون و دەریای شەق کرد و چارۆکەکەی بە دەم باوە دەشەکایەوە و ئەوانیش یەکسەڵەف لە ناو زەریادا سەوڵیان لێدەدا بەرەو دوورگەی بویان کە لە بەر تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە. ماوەی زۆریان بڕی یان کەم کەس نازانێت، تا دواجار گەیشتنە دوورگەکە و لە سەر کەنارەکانی لەنگەریان گرت و چوون بۆ لای یێڵینای قەشەنگ ودیارییە گرانبەهاکانیان خستە بەردەمی و لێی کەوتنە پاڕانەوە کە شوو بە پاشا بکات. یێڵینای قەشەنگ تەماشای دیارییەکانی کرد و گەورەی یاوەران بە گوێیدا چرپاند و پێی وت: "شوو

بە پاشا نەکەیت، پیر و لاوازە، لە مەملەکەتەکەیدا سەگ و گورگ دنیایان خواردووە".

پێلێنای قەشەنگ لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە پشتی سەری و خوازبێنیکەرانی لە کۆشك کردە دەرەوە.

باشە حەوت براکە چیبکەن باشە؟ سیمیۆنی برا بچووك وتی: "گوێ بگرن براکانم، ئێوە بڕۆنە سەر کەشتییەکە و زەخیرە و نان و تفاقی تێبکەن و ئەودوای کارەکە جێبێلن بۆ من بۆ هێنانی پێلێنای قەشەنگ".

ئەوجا هەر ئەو دەمە سیمیۆنی جووتیار کەنارە لماوییەکەی کیڵا و بڕێك تۆوی پەڕشی پێوەکرد و هێندەی پێنەچوو دروێنەی کرد و بەشی گەشتەکەیان نانی لێدروستکرد. ئاشان چارۆکەکەیان هەڵدا و چاوەڕوانی سیمیۆنی برا بچووکیان دەکرد.

لەملاشەوە سیمیۆنی برا بچووك چوو بۆ کۆشك و لەوێ لە بەر پەنجەرەکەدا پێلێنای قەشەنگ دانیشتبوو فەرشی ئاوریشمینی دەچنی. سیمیۆن لە سەر کەمەی پەنجەرەکە دانیشت و کەوتە قسەکردن: "شتێکی جوانە کە تۆ لەم شانشینە دوورەی ناو دوورگەی بویان لەناو زەریاکەدا دانیشتووی کەوا چون تیشکی خۆر دەدرەوشێتەوە، بەڵام ئەگەر بێیت بۆ وڵاتی من ئەوا سەد ئەوەندە جوانتر دەبیت، ئێمە رووبارەکانمان شینن و دارچنارەکانمان سپین و کێڵگەکانمان زۆر گەورەن و مێرگەکانمان هەمیشە سەوز و پڕ گوڵ و گوڵزارن. لە وڵاتی ئێمە ڕۆژ هەڵاتن و ئاوابوون لە هەمان کاتدایە و مانگی چواردە لە





ئاسماندا ئاگاداریی ئەستێرەکان دەکات. شەونمی بەیانیانمان وەك هەنگوین شیرینە و جۆگە ئاوەکانمان وەك زیو دەدرەوشێنەوە. بەیانیان شوانەکان دەردەچنە دەرەوە بۆ مێرگ و سەوزاییەکان و شمشاڵەکان دەخەنە سەر لێویانو دەست بە شمشاڵ لێدان دەکەن و ئەگەر بتەوێت و نەتەوێت هەر دوایان دەکەویت".

لێرەدا سیمیۆنی برا بچووك دەستی کرد بە شمشاڵ لێدان و پێلێنای قەشەنگیش لە سەر کەمە ئاڵتوونیەکە دابەزی و سیمیۆنیش بەردەوام بوو لە سەر شمشاڵ لێدان و بە ناو باخەکەدا دەڕۆیشت. وردە وردە باخەکەی تێپەڕاند و بەرەو کەناری دەریاکە بەڕێکەوت و لە کەشتییەکە نزیك دەبووەوە و پێلێنای قەشەنگیش هەر بەدوایدا دەهات. لەوکاتەدا براکان چارۆکەکەیان بەرزکردەوە و دەستیان کرد بە سەوڵ لێدان بەرەو ناوەڕاستی دەریا شینەکە. سیمیۆنی بچووك وازی لە شمشاڵ لێدان هێنا و پێلێنای قەشەنگ سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد کە هەر چوار لای زەریایە و دوورگەی بویان زۆر دوورە و چون تیشکی خۆر دەدرەوشێتەوە.

پێلێنای قەشەنگ خۆی کردە ئەستێرەیەکی شین و بەرەو ئاسمان بەرزبۆوەوە و لە ناو ئەستێرەکانی تردا ونبوو، بەڵام سیمیۆنی گەردوونناس بە ڕاکردن هاتە دەرەوە و دەستی کرد بە ژماردنی ئەستێرەکان و ئەستێرە تازەکەی تیایاندا دۆزییەوە. پاشان سیمیۆنی تیرئەنداز هاتەدەر و تیرێکی ئاڵتوونیی بەرەو ئەستێرە تازەکە هاوێشت و خستیە خوارەوە و بۆوە بە پێلێنای قەشەنگ.

لێرەدا سیمیۆنی بچووك وتی:

"یێلّێنای قەشەنگ، هەوڵی هەلاّتن مەدە چونکە ناتوانیت خۆت لە ئێمە بشاریتەوە، بەلاّم ئەگەر حەزت بە میواندارییی ئێمە نەکرد ئەوە دەتبەینەوە بۆ دوورگەی بویان کە وەك تیشکی خۆر دەدرەوشێتەوە، تەنانەت ئەگەر پاشا ملیشمان لە لاشەمان بکاتەوە". کە یێلّێنای قەشەنگ گوێی لەو قسانەی سیمیۆنی برا بچووك بوو زۆر خەمبار و نیگەران بوو بۆیان و وتی: "کەوابوو با لە بەر من ملتان لە لاشەتان نەکەنەوە و خێرا بمبەن بۆ لای پاشا".

ڕۆژێك بەردەوام بوون لە سەر سەولّ لێدان و ڕۆژی دووەمیش هەمان شێوە و سیمیۆنی برا بچووك هەرگیز یێلّێنای قەشەنگی بە تەنها جێنەدەهێشت و چاوی لە سەر لانەدەبرد. بەلاّم یاوەرەکەی پاشا سەرنجی ئەمەی دا و لە پەیجوری پیلانێکی بەد و گلاّودا بوو.

براکان و یێلّێنای قەشەنگ لە مەنزلّ نزیکبوونەوە و کەنار دەریایان بە تەواوی لێوە دیاربوو، لەم کاتەدا یاوەری پاشا بانگهێشتی براکانی کرد بۆ سەربانی کەشتییەکە و یەکی پەرداخێك شەرابی شیرینی خستە بەردەمیان و وتی: "برادەران با بە سەلامەتی گەیشتنەوەمان بۆ ولاّتی خۆمان هەلّیبدەین". براکانیش بە خۆشییەوە شەرابەکەیان هەلّدا و لە سەر کەشتییەکە دابەزین و دەسبەجێ خەویان لێکەوت. تومەز یاوەری پاشا دەرمانی خەوی کردووەتە شەرابەکە و وای خەو لێخستن هەورە تریشقەش خەبەری نەدەکردنەوە و بە تەنها سیمیۆنی برا بچووك و یێلّێنای قەشەنگ بە ئاگایی مانەوە.





پاشان گەیشتنە کەنار و هەر شەش براکە هێشتا خەوتبوون. سیمیۆنی برا بچووك کەوتە خۆ ئامادە کردن بۆ ئەوەی یێلّێنای قەشەنگ ببات بۆ لای پاشا و هەردوکیان دایانە پرمەی گریان و هەنسکدان لە تاو جیابوونەوە و لێکدابڕان. بەلاّم ئەمە دادی نەدان بۆ ئەوەی ئەو پەیمانە بپارێزن کە لە نێوان هەردوکیاندایە.

لەوکاتەدا گەورەی یاوەران چوو بۆ لای پاشا و کڕنۆشی بۆ برد و وتی: "پاشام پایەدار بێت، سیمیۆنی برا بچووك پیلانی لە دژی تۆ نازداروە، دەیەوێت بتکوژێت و یێلّێنای قەشەنگ بۆ خۆی ببات، تۆش لە تۆلّەی ئەوەدا بیکوژە". ئێستا وا سیمیۆنی برا بچووك و یێلّێنای قەشەنگ هاتنە بەردەمی پاشا و پاش ئەوەی یێلّێنای قەشەنگیان بە ڕێز و حورمەتەوە بردە کۆشکەکی شاهانە، پاشا فەرمانی کرد سیمیۆنی برا بچووك بخەنە زیندانەوە. ئەویش هاواری لە براکانی کرد: "براکانم، گوێتان لێمە! وەرنە هانای برا بچووکەکەتانەوە". بەلاّم براکان نوقمی خەوێکی قوولّ بووبوون و هەر ئاگاشیان لە خۆیان نەبوو. سیمیۆنی بچووك فڕێدرایە زیندانی تاریك وبە زنجیری ئاسن پێوەند کرا. بۆ ئێوارە هێنرایە دەرەوە و بردیان بەردەمی جەللادەکان تاوەکو لە سەری بدەن.

یێلّێنای قەشەنگیش دەگریا و دلۆپە فرمێسك وەك دانەی گەوهەر بە سەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتنە خوار. گەورە یاوەری پاشاش بە گالّتە و تەوسەوە پێدەکەنی. سیمیۆنی برا بچووك وتی: پاشام پایەدار بێت، تۆ لێبووردنت نیە و منیش دەمەوێت بەرلەوەی بمرم ئاواتێکم بهێنمە دی و ئەمە نەریتی دێرینی ئێمەیە، ڕێگەم بدە با شمشالّەکەم دەربهێنم و بۆ

دواجار تاوێك بیژەنم". گەورە یاوەری پاشاش وتی: "پاشام تەمەندرێژ بێت ڕێگەی پێمەدە"، بەڵام پاشا وتی: "من دژی داب ونەریتی دێرینی باوباپیران ناوەستمەوە، ئادەی سیمیۆن شمشاڵەکەت لێدە، بەڵام پەلە بکە چونکە جەللادەکانم زۆر دەمێکە چاوەڕێن و شمشێری تیژیان خەریکە کول دەبێت".

ئەوجا سیمیۆنی برا بچووك شمشاڵەکەی دەرهێنا و خستیە سەر لێوی و فووی پێداکرد و دەنگ و ئاوازی بە سەر یاڵ و گرد و دۆڵ و شیودا ڕۆیشت تا گەیشتە کەشتییەکەی براکانی تێدا خەوتبوون و کاتێ گوێیان لە دەنگی شمشاڵەکە بوو وتیان: "ئەوە برا بچووکەکەمانە و بێگومان لە تەنگوچەڵمەیەکدایەو دەسبەجێ بە هەڵەداوان ڕایانکرد بۆ دەرباری پاشا. لەوێ جەللادەکان دەستیان بە سەر مشتووی شمشێرە تیژەکانیانەوە بوو و لەوەدا بوون کە لە سەری سیمیۆن بدەن. لەو ئان و ساتەدا هەر شەش براکەی سیمیۆن دەرکەوتن: سیمیۆنی دارتاش، سیمیۆنی بە داردا هەڵزناو، سیمیۆنی بەرگدروو، سیمیۆنی گەردوونناس، سیمیۆنی تیرئەنداز. هەر هەموو بەجارێ گەیشتنە بەردەمی پیرە پاشا و بە زمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە وتیان: "برا بچووکەکەمان ئازاد بکە با بێڵینای قەشەنگ بۆ خۆی ببات". پاشا ترسی لێنیشت و وتی:

"برا بچووکەکەتان و بێڵینای قەشەنگیش ببەن، ئەوە هەر نەمویست".

دواجار سیمیۆنی بچووك و بێڵینای قەشەنگ چوونە ژیانی هاوسەرییەوە و ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕا کە هەرگیز لەوەوپێش وێنەی نەبووە و کەیف و بادە نۆشییەك بوو ئەوسەری نەبێتەوە.





سیمیۆنی برا بچووك شمشاڵەکەی دەرهێنا و بە بەزمی هەڵپەڕکێ کەوتە شمشاڵ لێدان. پاشا سەمای دەکردو لەولاشەوە بێڵینای قەشەنگیش سەمای دەکرد، دەستوپێوەند وخێزانەکانیان سەمایان دەکرد. ئەسپەکان لە تەویلەکانیاندا دەیانحیلکاند و مانگاکانیش لە گەوڕ و پشتیردا دەیانبۆڕاند و مریشك کەڵەشێریش لە کولانەدا کەوتبوونە گارەگار و قووقەقووق. بەڵام گەورە یاوەری پاشا لە هەموان زیاتر سەمای دەکرد و ئەوەندە هەڵقونی تا قاچی لەژێریدا لوول بوو و دای لە زەوی و مرد.

پاشان هەموو شتێك بە خۆشی کۆتایی هات و ئاهەنگەکەشیان کۆتایی پێهات. سیمیۆنی بەرگدروو چارۆکەی دروست دەکرد، سیمیۆنی گەردووناس ئەستێرەکانی دەبژارد، سیمیۆنی تیرئەندازیش پاسەوانیی وڵاتی دەکرد و لە دوژمنان دەیپاراست. ئەمانە هەمووی کاری باش بوون کە براکان دەیانکرد.

سیمیۆنی بچووکیش گۆرانی دەوت و ئاوازی بە شمشاڵەکەی لێدەدا، مۆسیقاکە دڵی خەڵکەکەی جۆشدەدا و کارەکانیان بە باشی ئەنجامدەدا. هەرکەسێك گوێی لەو ئاوازە ببوایە زۆر خۆشحاڵ دەبوو و ژیانی بە خۆشی و کامەرانی بەسەر دەبرد.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | ڤاسیلیسای نازدار |
| ٢٠ | شازادە ئیڤان و گورگە بۆر |
| ٣٣ | جووتە ئیڤان |
| ٤٤ | هەڵۆ |
| ٥٧ | خوشکە ئیلیۆنوشکا و برا ئیڤانوشکا |
| ٦٢ | ئەسپە بۆر |
| ٧١ | باوکە بەستەڵەک |
| ٧٦ | برۆ نازانم لە کوێیە، بیگرە و نازانم چییە |
| ١٠٥ | کچە وردیلە و قوڵنگەکان |
| ١١٠ | سێوە لاسوورە و ژێرپیاڵە زیوینەکە |
| ١١٨ | بە فەرمانی ماسی |
| ١٢٧ | بۆقی شازادە |
| ١٣٧ | هاڤرۆشێچکای خنجیلە |
| ١٤٢ | شازادە ماریا |
| ١٥٨ | ئیڤانی تەمەن منداڵ و ئەقڵ گەورە |
| ١٩٠ | حەوت برا ئازاکە |